RÛDAW
ڕووداو
ژمارە (556) دووشەممە 2019/5/27 – 6ی جۆزەردان 2719 (750) دینار



# ئەو منداڵانەی ئێزدییەکان قبوڵیان ناکەنەوە دەبردرێنە دەرەوە

**ڕووداو – دهۆک**

ڕێکخراوێـک لـە سـوید لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو منداڵانـەی ئێزدییەکان قبوڵیان ناکەنەوە بیانباتە سـوید و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی.

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) 350 منداڵ لە باوکێکی داعش و دایکێکی ئێزدی لەدایک بوون، بەڵام ئەنجوومەنی باڵای ڕووحانیی ئێزدی بڕیاری داوە ئەو منداڵانە وەرنەگرێتەوە. ئێستا 16 لەو منداڵانە لە خانەی بێسەرپەرشتانی دهۆکن. قسەی چالاکڤانێکی کوردی ئێزدی لە سوید بۆ میدیاکانی ئەو وڵاتە، لەبارەی ئەو منداڵە ئێزدیانەی باوکیان داعشە، چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤی تووڕە کرد. ئەو گوتبووی: "ناکرێت منداڵی پیاوێک قبوڵ بکرێت کە دەستی بە خوێنی دەیان مرۆڤی ئێزدی سـوورە". ئەمەش بەشـێک لە چالاکڤانانی کورد و سـوێدی هان دا، کار لەسەر پرۆژەیەک بۆ بردنی ئەو منداڵانە بۆ ئەورووپا و بە پلەی یەکەم بۆ سـوێد بکەن. سـومەیە کە چالاکڤانێکی کوردە لە سـوێد و خاوەنی بیرۆکەی پرۆژەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "سـوێد و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی ئامادەییەکی جدییان هەیە بۆ لەخۆگرتنی ئەو منداڵانە و ئێستا کار لەسەر کەیسی 16 منداڵ دەکەن". گوتیشی: "لە داهاتوویەکی نزیکدا بنکەیەکی نیمچە نهێنی بۆ بەدواداچوونی ئەو کەیسە لە باشووری کوردستان دەکەینەوە".

«6



**ئەردەڵان فەرەجی:**
**ئەمریکا "ئێران خاتوون"ی دەوێت!**

16

**ژمارەیەک پەرلەمانتار و بەرپرس لە قوبرس دەخوێنن و دەوامیش ناکەن**

3

**نێچیرڤان بارزانی...**
**هێزێکی نەرم لەبەردەم تاوێرە بەردەکاندا**

4

## مورتەزا عەبادی، سەرکونسولگەری گشتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر بۆ (ڕووداو):

# ئەمساڵ 800 هەزار ڤیزە دەدەینە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان

**ڕووداو– هەولێر**

مورتەزا عەبادی، سەرکونسوڵگەری گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەولێر ئاشکرای دەکات، ساڵی ڕابردوو لە ڕێگەی هەردوو کونسوڵخانەکەیان لە هەولێر و سلێمانی، ڤیزەی گەشتکردنیان داوەتە نیو ملیۆن هاووڵاتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی هەڵگرتنی پارەی ڤیزەی گەشتکردنیش، پێشبینی دەکات ئەمساڵ ڤیزە بدەنە 800 هەزار کەس.

عەبادی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاشکرای ئێستا لە ڕێگەی هەردوو کونسولخانەکەیان لە هەولێر و سلێمانی ڕۆژانە 2500 ڤیزە دەدەنە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، هەروەها دەڵێت ئەوان حەوت ساڵە داوا لە حکومەتی عێراق دەکەن پارەی ڤیزەی نێوان ئێران و عێراق هەڵبگیرێ.

سەبارەت بە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران مورتەزا عەبادی دەڵێت "بەپێی ئەو ئاشناییەی هەردوو لا لەبارەی یەکدییەوە هەیانە و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لە ساڵی ڕابردوودا گەیشتە چوار ملیار دۆلار، بە دووریشی نازانین ئەمساڵ بگاتە پێنج ملیار دۆلار". هەروەها دەڵێت :"هەرێمی کوردستان بەپێی هەڵکەوتە جوگرافیاییەکەی دەتوانێ بەشێک لە پێویستییەکانی پارێزگاکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە ڕێگەی وڵاتانی دیکەوە بگرێتە ئەستۆ".

ئەمریکا چەند جارێک هۆشداری داوەتە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی رابگرن، مورتەزا عەبادی پێیوایە ئەو جۆرە هۆشدارییانە هیچ کاریگەری لەسەر پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران نابێت و دەڵێت "ئەم ئەدەبیاتە ماوە بەسەرچووەی ئەمریکا کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی ئێمە دانانێ. جگە لەوەش بەرپرسانی هەرێمی کوردستان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە قەبووڵی ناکەن لایەنی سێیەم کاریگەری لەسەر ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دراوسێکان هەبێ".

ماوەیەکە ئێران ڕێگە نادات خۆراک هەناردەی هەرێمی کوردستان بکرێ، مورتەزا عەبادی هۆکاری ئەمە ڕوونەکاتەوە و دەڵێت "ئاستی داوای سەر هەندێک لە کاڵاکان لە لایەن خێزانە ئێرانییەکان بووە هۆی ئەوەی کێشە بۆ هەناردەی هەندێک لە کاڵاکان دروست ببێ، بەڵام دۆخەکە کۆنترۆڵکرا، ئێستا پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ دراوسێکان ڕەوتی ئاسایی خۆی وەرگرتووە".

«5

## عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بۆ (ڕووداو)

# دەنگ بە کاندیدی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نادەین



**ڕووداو– هەولێر**

عەلـی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تۆڕی میدیایی ڕووداو کە ئەمشەو 2019/5/27 لە کەناڵی (ڕووداو) پەخش دەکرێ، دەڵێت هێشتا بە فەرمی ڕایاننەگەیاندووە بەشداری کابینەی داهاتوو دەکەن یان نا، بەڵام قەناعەتی وایە کە کۆمەڵی ئیسلامی لایەنێک نییە لە کابینەی داهاتوو.

عەلی باپیر دەڵێت: "بە نیسبەت بەشداری لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە هەتا ئەم لەحزەیەش کە تێیداین بە فەرمی ڕامانەگەیاندووە بەشدار دەبین یان بەشدار نابین. ئێستا نە سەرۆکی هەرێم دانراوە و نە سەرۆکی هەرێمیش کەسی ڕاسپاردووە کابینەی نۆیەم پێکبهێنێ. بە بۆچوونی من هەر هەڵوێست وەرگرتنێک لە بەرامبەر شتێکی مەفقوود، شتێکی نالۆژیکییە". عەلی باپیر پێیوایە گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەت دەبووایە لەدوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووایە.

عەلی باپیر هەروەها دەڵێت: "بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن بە مافی خۆمانی دەزانین دەورمان هەبێ لە بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەدا، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە بە هەموو شێوەیەک چاوەڕێ بین کە بەشدار بین". گوتیشی "من هیچ بەلامەوە گرنگ نییە ئەو حکومەتە ئێمەی تێدا بین یان تێدا نەبین". بەڵام دەشڵێت "زیاتر لەوە دەچێ تێیدا نەبین".

سەبارەت بە پێکهێنانی بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ یەکگرتوو و نەوەی نوێ عەلی باپیر گوتی "ئێمە لەگەڵ یەکگرتوو هەست بە جیایی ناکەین.... بێگومان ئەو کاتە ئێمە دەکەوینە بەرەیەکەوە، بتەوێ و نەتەوێ هەموومان دەبینە ئۆپۆزیسیۆن، بە نەوەی نوێشەوە. پێویستە ئەوە بکرێ، بەڵام ئەوە دەبێ زەمینەی بۆ خۆشبکرێ و متمانە دروستبکرێ".

بڕیارە ڕۆژی سێشەممە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێ. عەلی باپیر هەڵوێستی فراکسیۆنی کۆمەڵ لەو بارەیەوە ڕوونەکاتەوە و دەڵێت "فراکسیۆنەکەمان پرۆژە یاسایەکی پێشکەش کرد، بەڵام پارتی و لایەنەکانی دیکە وەریاننەگرت. ئێمە کۆمەڵێک تێبینیمان لەسەر ئەو یاسایە هەبوو. بۆیە شتێکی دژیەکە لەلایەکەوە ڕەخنەمان لە یاساکە هەبێ، لەلایەکی دیکە دەنگ بە کەسێک بدەین کە بەپێی ئەو یاسایە سەرۆکایەتی هەرێم دەکات.. بۆیە دەنگ بە سەرۆکی هەرێم نادەین".

«3

## خۆی داوای ژووری تاکەکەسی کردووە

# شاسوار ڕووبەڕووی دوو سکرتێرەکەی دەکرێتەوە



**ڕووداو- سلێمانی**

11 ڕۆژ بەسەر دەستگیرکردنی سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێدا تێدەپەڕێ، پارێزەرەکانی دەڵێن ڕۆژانە داواکاری پێشکەش بە دادگا دەکەن بۆ ئەوەی بە کەفالەت ئازاد بکرێ، بەڵام داواکانیان ڕەتدەکرێتەوە.

ڕۆژی 2019/5/14 دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی گشتی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ دەرکرد، دوو ڕۆژ دواتر شاسوار عەبدولواحید چووە بەردەم دادوەر و یەکسەر دەستگیر کرا.

عوسمان سدیق، پارێزەری دەستگیرکراوانی نەوەی نوێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، چەند جارێک داوای بینینی دەستگیرکراوەکانیان کردووە، بەڵام هیچ لە پارێزەرەکان تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە بیانبینن. عوسمان سدیق گوتیشی: "ڕۆژانە داوای ئازادکردنیان دەکەین بەکەفالەت، بەڵام هەموو جارەکان لەلایەن دادگاوە داواکە ڕەتکراوەتەوە، ڕۆژی وا هەبووە هەر خۆم چوار داوام پێشکەش کردووە".

بەگوتەی پارێزەرەکەی دەستگیرکراوانی نەوەی نوێ، شاسوار عەبدولواحید تا ئێستا سێ جار براوەتە بەردەم دادوەر، ڕووبەڕووی ئەو کەسانەش کراوەتەوە کە ئیعترافیان لەسەر کردووە: "بەڵام شاسوار نکوڵی لە هەموو تۆمەتەکان کردووە، دەستگیرکراوەکانیش هەمان ئەو قسانەی لە میدیاکان بڵاوکرایەوە، لەبەردەم دادوەردا ڕووبەڕووی شاسواریان کردووەتەوە".

شاسوار بەپێی مادە دووی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی، لە ئاسایشی گشتیی سلێمانی دەستبەسەر کراوە. (ڕووداو) زانیویەتی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکەی لە ژێر سەرپەرشتی دکتۆر خەسرەو گوڵ محەممەد بەڕێوەدەچێ.

ڕۆژی 2019/5/22 نەوەی نوێ ڕایگەیاند، سێ ڕۆژە کەس شاسوار عەبدولواحیدی نەبینیوە و مانی لە خواردن گرتووە و باری تەندروستی ناجێگیرە.

دکتۆرە بەسمە محەممەد، کۆمیسیار لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە عێراق لە سەرەتای ئەم هەفتەیە سەردانی شاسوار عەبدولواحید و دوو سکرتێرەکەی کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت :"شاسوار عەبدولواحید پێیگوتم بارودۆخی لە زیندان باشە و مانیشی لە خواردن نەگرتووە، سەرەتا ویستبووی مان بگرێت، بەڵام دواتر پەشیمان بووەتەوە. هەروەها گوتی: لەسەر داوای خۆم لە زیندانی تاکەکەسی دانراوم، چونکە پێمخۆش نییە تێکەڵ بە زیندانیەکانی دیکە بکرێم".

دکتۆرە بەسمە محەممەد دوو سکرتێرەکەی جوڵانەوەی نەوەی نوێشی بینیوە و دەڵێت "وەزعیان باش بوو، بەڕۆژوو بوون و داوایان لێکردم ڕاگەیاندنەکان هەواڵی نادروستیان لەسەر بڵاونەکەنەوە".

«2

ئابووری 8

**هاوردنی ئایسکرێم و خواردنەوەکان بۆ کوردستان قەدەغە دەکرێن**



وزە 9

**ئێران لە گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی نزیکە؟**

کۆمەڵایەتی 13

**شەش مێردمنداڵ بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە زیندان**



ژنان 12

**بە گرتە ڤیدیۆیەک، مێردەکەی دەڕووتێنێتەوە**



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (556) - دووشەممە 2019/5/27





## پلە بەرزکردنەوە لە وەزارەتی پێشمەرگە دەستپێدەکاتەوە

**رووداو- هەولێر**

وەزارەتی پێشــمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردســتان رایگەیاند، پلە بەرزکردنەوە لە وەزارەتەکە دەستی پێکردوەتەوە و لیستی پلە بەرزکردنەوەی 2016 پەسندکراوە. سەنتەری میدیایی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، دوای ماوەیەک چاوەڕوانی دواجار پلە بەرزکردنەوە دەستپێکردەوە و لە یەکەم بڕیاریشدا لیستی پلە بەرزکردنەوەی ساڵی 2016 گەڕایەوە وەزارەتی پێشمەرگە و لیستەکە وەک خۆی ڕەزامەندی لەسەردراوە. جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "پلە بەرزکردنەوە دەستپێکردوەتەوە و جگە لە لیستی پلە بەرزکردنەوەی 2016 لیستی پلە بەرزکردنەوەی 2017 ئامادەکراوە ، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەوانیش ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین".

## خۆی داوای ژووری تاکەکەسی کردووە

# شاسوار عەبدولواحید
# رووبەڕووی دوو سکرتێرەکەی کراوەتەوە

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو- سلێمانی**

11 ڕۆژ بەسەر دەستگیرکردنی سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێدا تێدەپەڕێ، پارێزەرەکانی دەڵێت ڕۆژانە داواکاری پێشکەش بە دادگا دەکەن بۆ ئەوەی بە کەفالەت ئازاد بکرێ، بەڵام داواکانیان ڕەتدەکرێتەوە. ئەندامێکی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤیش کە سەردانی شاسوار و گیراوەکانی دیکەی نەوەی نوێی کردووە، دەڵێت شاسوار مانی لە خواردن نەگرتووە و لەسەر داوای خۆیشی چووەتە ژووری تاکەکەسی.

ڕۆژی 2019/5/14 دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی گشتی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ دەرکرد، دوو ڕۆژ دواتر شاسوار عەبدولواحید چووە بەردەم دادوەر و یەکسەر دەستگیر کرا.

عوسمان سدیق، پارێزەری دەستگیرکراوانی نەوەی نوێ بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، چەند جارێک داوای بینینی دەستگیرکراوەکانیان کردووە، بەڵام هیچ لە پارێزەرەکان تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە بیانبینن.

عوسمان سدیق گوتیشی: "ڕۆژانە داوای ئازادکردنیان دەکەین بەکەفالەت، بەڵام هەموو جارەکان لەلایەن دادگاوە داواکە ڕەتکراوەتەوە، ڕۆژی وا هەبووە هەرخۆم چوار داوام پێشکەش کردووە".

بەگوتەی پارێزەرەکەی دەستگیرکراوانی نەوەی نوێ، شاسوار عەبدولواحید تا ئێستا سێ جار براوەتە بەردەم دادوەر، ڕووبەڕووی

> **ڕۆژانە داوا دەکەین شاسوار عەبدولواحید بە کەفالەت ئازاد بکەن**
> پارێزەرێکی شاسوار

ئەو کەسانەش کراوەتەوە کە ئیعترافیان لەسەر کردووە "بەڵام شاسوار نکوڵی لە هەموو تۆمەتەکان کردووە، دەستگیرکراوەکانیش هەمان ئەو قسانەی لە میدیاکان بڵاوکرایەوە، لەبەردەم دادوەردا ڕووبەڕووی شاسواریان کردووەتەوە".

پارێزەرێکی دیکەی شاسوار عەبدولواحید کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، گوتی: "هەوڵمداوە ئەو دۆسیەیە لەلای ئاسایش نەمێنێتەوە و ببرێتە لای پۆلیس، بەڵام داواکەم ڕەتکراوەتەوە".

شاسوار بەپێی مادە دووی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی، لە ئاسایشی گشتیی سلێمانی دەستبەسەر کراوە، هەندێک لە یاساناسان دەڵێن دەبووایە دۆسیەکەی لە پۆلیس بێ، نەک ئاسایش.

بەڵام حاکم عومەر ئەحمەد، گوتەبێژی دادگای سلێمانی بە (رووداو)ی گوت: "بەپێی یاسای ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، هەروەها یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئەو تاوانانەی کە بەرنامە بۆ داڕێژراون و کۆمەڵە کەسانێک لە پشت ئەو تاوانەن، ئەوە لە تایبەتمەندی دەزگاکانی ئاسایشە لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن".

دۆسیەکەی شاسوار کراوەتە دوو بەشەوە، بەشێکی هەڕەشەکردنە لە ڕێگەی مۆبایل و



شاسوار عەبدولواحید 11 ڕۆژە لە زیندانە

تەشهیرکردن لە پەیجەکانەوە، بەشێکی دیکەی هەڕەشەکردنە لە شادی نەوزاد و ئەو فلاشە سوورەی کە سکرتێرەکەی باسی دەکات و دەڵێت وێنە و ڤیدیۆی پەرلەمانتارەکانی نەوەی نوێی تێدا بووە.

لەبارەی پەیجەکانەوە، شاسوار لە ئیفادەکەیدا گوتوویەتی، ئەو ڤیزاکارتی داوە بە سکرتێرەکانی بۆ ئەوەی سپۆنسەری پۆستەکانی نەوەی نوێی پێ بکەن لە فەیسبووک، نەک بچن جنێو بدەن، ڕەتیکردووەتەوە ئاگاداری ئەو جنێوانە بێت کە لەو پەیجانەوە دراون.

(رووداو) زانیویەتی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ و دەستگیرکراوەکانی دیکە لە دەزگای ئاسایش، لە ژێر سەرپەرشتی دکتۆر خەسرەو گوڵ محەممەد بەڕێوەدەچێ.

ڕۆژی 2019/5/22 نەوەی نوێ ڕایگەیاند، سێ ڕۆژە کەس شاسوار عەبدولواحیدی نەبینیوە و مانی لە خواردن گرتووە و باری تەندروستی ناجێگیرە. بەڵام کەسوکارەکەی و سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ کە شاسواریان بینیوە، باسی مانگرتنیان نەکردووە، سەرچاوەیەکی ئاسایش بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ئەوەی ئەوان بڵاویدەکەنەوە هیچ کاریگەری نابێت لەسەر ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان "چونکە ئەوەی ئاسایش دەیکات تەواو یاساییە و لەڕووی مافی مرۆڤیش تەواوی مافەکانیان بۆ دەستەبەر کراوە".

> **شاسوار مانی لە خواردن نەگرتووە و لەسەر داوای خۆیشی چووەتە ژووری تاکەکەسی**
> ئەندامێکی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ

دکتۆر بەسمە محەممەد، کۆمیسیار لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە عێراق لە سەرەتای ئەم هەفتەیە سەردانی گیراوەکانی کردووە. ناوبراو کە بە جیا شاسوار عەبدولواحید و دوو سکرتێرەکەی بینیوە، دەڵێت :"شاسوار عەبدولواحید پێیگوتم بارودۆخی لە زیندان باشە و مانیشی لە خواردن نەگرتووە، سەرەتا ویستبووی مان بگرێت، بەڵام دواتر پەشیمان بووەتەوە. هەورەها گوتی: لەسەر داوای خۆم لە زیندانی تاکەکەسی دانراوم، چونکە پێمخۆش نییە تێکەڵ بە زیندانیەکانی دیکە بکرێم". سەبارەت بە ئیفادەکانیشی گوتوویەتی: "ئەو ئیفادانەی داومن لە ژێر هیچ گوشارێکی دەروونی و جەستەییدا نەبووە".

بە گوتەی دکتۆرە بەسمە، شاسوار عەبدولواحید ڕازی نەبووە لەلایەن ئاسایشەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ، لەسەر پێداگیری خۆی لە دادگا ئیفادەی لێوەرگیراوە. گوتیشی: "وێنەشمان پێکەوە گرت، بەڵام لەسەر داوای شاسوار بڵاوم نەکردەوە".

وەک کۆمیسیارەکەی مافی مرۆڤ دەڵێ، تا ئێستا سێ جار هاوژینەکەی و دووجار دایکی و یەکجار خوشکەکەی لە زیندان سەردانی شاسواریان کردووە.

دکتۆرە بەسمە محەممەد دوو سکرتێرەکەی جوڵانەوەی نەوێشی بینیوە و دەڵێت "وەزعیان باش بوو، بەڕۆژوو بوون و داوایان لێکردم ڕاگەیاندنەکان هەواڵی نادروستیان لەسەر بڵاونەکەنەوە".

# ژمارەیەک پەرلەمانتار و بەرپرس لە قوبرس دەخوێنن و دەوامیش ناکەن



**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

ژمارەیەک پەرلەمانتار و بەرپرسی حکومی و حیزبی لە دوو زانکۆی قوبرس بۆ ماستەر و دکتۆرا دەخوێنن، بەڵام دەوام ناکەن، بەرپرسێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەڵێ ئەمە فێڵ و بازرگانییە بە بڕوانامەوە دەکرێت. مامۆستایەکی یەکێک لەو زانکۆیانەش خوێندنی ئەو بەرپرسانە بە "کلاوات" ناودەبات.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، بەدەیان پەرلەمانتار و بەرپرسی حکومی و حیزبی لە هەردوو زانکۆی Near East و MEU لە قوبرس بۆ ماستەر و دکتۆرا دەخوێنن. کاروان عیزەت، کە لە زانکۆی نەورۆزە لە دهۆک، نزیکەی حەوت مانگە لە زانکۆی Near East یش وانە بە خوێندکارانی کورد دەڵێتەوە، ئەو دەڵێت "زۆربەی مامۆستاکانی زانکۆکە کوردن، 98%ی خوێندکارەکانی بەشی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش کوردی باشووری کوردستانن کە ژمارەیان نزیکەی 140 قوتابییە". خوێندن لەو زانکۆیە بە زمانی عەرەبییە، بەڵام کاروان عیزەت دەڵێت: "زۆربەی قوتابییەکان زمانی عەرەبی نازانن".

سەبارەت بە هۆکاری چوونی ئەو ژمارە زۆرەی مامۆستای زانکۆ و خوێندکارە کوردەکانیش بۆ خوێندن لە زانکۆکانی قوبرس، کاروان عیزەت دەڵێ: "وەزارەتی خوێندنی باڵا زۆر ئاستەنگ و مەرجی قورسی بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە کوردستان داناوە، بۆیە خوێندکارەکان بەناچاری دەچنە دەرەوە بۆ خوێندن".

بە گوتەی ئەو مامۆستایەی زانکۆ، نزیکەی 2000 قوتابیی کورد لە زانکۆکانی قوبرس دەخوێنن "کرێی ساڵانەی خوێندنی ئەو قوتابیانە نزیکەی 6 ملیۆن یۆرۆ دەبێ. لە کاتێکدا زۆربەی ئەو بەشانە لە کوردستان هەن".

ژمارەیەک پەرلەمانتار، بەڕێوەبەری گشتی، ئەفسەری ئاسایش و پۆلیس، کارگێڕی لقی پارتی و جێگری مەڵبەندی یەکێتی لە بەشی یاسای دوو زانکۆکە دەخوێنن و دەگوترێت دەوام ناکەن، بەڵام کاروان عیزەت دەڵێت: "ئەوە ڕاست نییە، هەموو ڕێنماییەکانی ئەو زانکۆیە جێبەجێ دەکرێت و دەوامیش دەکەن".

بەڵام مامۆستایەکی دیکەی زانکۆی Near East خوێندنی هەندێک لەو قوتابیانە بە "کلاوات" ناودەبات. د.محەممەد ئیحسان، مامۆستای بەشی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆکە بە (رووداو)ی گوت: "ئەوانەی لە پەیوەندی نێودەوڵەتی دەخوێنن پابەندن بە دەوامکردنەوە، چونکە من هەر خوێندکارێک دەوام نەکات دەریناچێنم، پەرلەمانتار و بەرپرسە حکومی و حیزبییەکان لە بەشی یاسا دەخوێنن کە بەلای منەوە بەشی کلاواتە، چونکە دەوام ناکەن".

وەزارەتی خوێندنی باڵا خوێندن لەو دوو زانکۆیە بە فێڵ و بازرگانی بە بڕوانامە دەزانێت، بەرپرسێکی وەزارەتەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت: "ئەمە جۆرێکە لە فێڵ و بازرگانی بە بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرا، کە لە قوبرس پۆلی تایبەت بە خوێندکارانی کورد بکرێتەوە و بە زمانی عەرەبی بخوێنن، لەکاتێکدا سیستەمی خوێندن لە قوبرس بە زمانی ئینگلیزییە نەک عەرەبی. زانکۆکە کە مامۆستای نییە، دێن مامۆستای کورد بۆ وانەگوتنەوە دەبەن بۆ قوبرس".

> **خوێندن لە بەشی یاسای زانکۆی Near East کلاواتە و کەس دەوام ناکات**
> د.محەممەد ئیحسان

بەرپرسەکەی وەزارەی خوێندنی باڵا ئاماژەی بەوەش کرد کە وەزیری خوێندنی باڵا دەیەوێت بڕیارێک دەربکات، هیچ مامۆستایەکی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆی نەبێت بچێتە قوبرس.

بەرپرسەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا پشتڕاستی کردەوە کە بەشێک لەو قوتابیانەی لەو زانکۆیانە دەخوێنن دەوام ناکەن، بەڵکو تەنیا پارە دەدەن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرا، کە زۆربەیان پەرلەمانتار، بەڕێوەبەری گشتی و بەرپرسی حکومی و حیزبین و ساڵانە پارەیەکی زۆر لەو ڕێگەیەوە دەبەنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

بەپێی قسەی بەرپرسێکی دیکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، پێشتر وەزارەت دانی بە بڕوانامەی هەندێک زانکۆی وڵاتاندا نەناوە "بەڵام بەهۆی ئەو گوشارەی لەلایەن بەرپرسانەوە لەسەریان بووە، ناچاربوون دان بە بڕوانامەی هەندێک زانکۆدا بنێن "تەنیا لەبەر ئەوەی چەند کەسێک بڕوانامەیان لەو زانکۆیە وەرگرتووە".

د.سەعید سلیڤانەیی، بەرپرسی پێشووی دیراساتی خوێندنی باڵا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەڵێت: "هەندێک کەس هەن خۆیان ناونووس دەکەن لە زانکۆکانی دەرەوە بۆ ماستەر و دکتۆرا، بەڵام دەوام ناکەن و بڕوانامەش دەهێننەوە، ئەوە بیدعە و تەعەدایە بۆ سەر بڕوانامە و زانست، بۆیە هیچ مانایەک نەماوە بۆ بڕوانامەی ئەکادیمی و پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەم حاڵەتە کۆنترۆڵ بکات.

## لە دەستەی دەستپاکی سکاڵا تۆمار کراوە

# لێکۆڵینەوە لە خەرجکردنی پارەی ئاوارەکانی دهۆکدا دەکرێ

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

چەند کەسێک وەکو هەواڵدەری نهێنی لە دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان سکاڵایان تۆمار کردووە و دەڵێن "گەندەڵی" لەو پارەیەدا کراوە کە بۆ ئاوارەکانی کەمپەکانی سنووری پارێزگای دهۆک خەرج کراوە. سەرچاوەیەکیش دەڵێت "ژمارەیەک بەرپرس لە پشت گەندەڵییەکەن". بەڵام پارێزگاری دهۆک ڕەتیدەکاتەوە گەندەڵی کرابێ.

چەند کەسێک کە تا ئێستا نازانرێ کێن، پەنایان بۆ دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان بردووە و چەند کەسێکیان بەوە تۆمەتبار کردووە کە گەندەڵییان کردووە لەو پارەیەی بۆ ئاوارەکان خەرجکراوە. دەستەکەش دوو مانگ لەمەوبەر دۆسیەکەی بۆ نووسینگەی دەستەی دەستپاکی ناردووە، تاوەکو لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن، ئەوانیش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لە دۆسیەکە.

ئەحمەد ساڵح، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە لە دەستەی دەستپاکی لە دهۆک بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، دوو مانگ لەمەوبەر ئەو کەیسە لە هەولێرەوە بۆ ئێمە هاتووە، ئێمەش بەشێوەیەکی فەرمی داوای زانیاریمان لە چەند شوێنێکی دیاری دهۆک کردووە، بە تایبەتی ئەوانەی ڕۆژانە کاریان لەگەڵ کەمپی ئاوارەکانە".

> **ئەم هەفتەیە دادوەر بڕیار لەبارەی دۆسیەکە دەدات**
> بەرپرسێکی دەستەی دەستپاکی لە دهۆک

بەو پێیەی دۆسیەکە هێشتا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە و نەبووەتە داوای سزایی، ئەحمەد ساڵح دەڵێت "هەتا لێکۆڵینەوەکان تەواو نەبن، ناتوانین کەس تۆمەتبار بکەین".

سەبارەت بە جۆر و بڕی گەندەڵییەکە، ئەحمەد ساڵح هیچ زانیارییەکی ئاشکرا نەکرد و گوتی: "ئەوەی لە هەولێر بۆ ئێمە هاتووە دەڵێت هەواڵیان بۆ هاتووە کە گەندەڵی لە خەرجکردنی پارەی ئاوارەکانی سنووری پارێزگای دهۆک کراوە، ئێمەش دەستمان بە لێکۆڵینەوە کردووە".

بە گوتەی بەرپرسەکەی دەستپاکی "لێکۆڵینەوە قۆناغی باشی بڕیوە و ئەگەری هەیە ئەم هەفتەیە دادوەر بڕیار بدات کە ئایا گەندەڵی لە دۆسیەکەدا هەبووە یان نا، دۆسیەکە دەبێتە داوای سزایی یان نا. پاشان ئەگەر بووە داوای سزایی بێگومان جۆری گەندەڵییەکەی و بڕەکەی و ئەو کەسانەشی گەندەڵییەکەیان کردووە، وەکو تۆمەتبار ئاشکرا دەبن".

لە ساڵی 2012 بەدواوە نزیکەی 150 هەزار ئاوارە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە ڕوویان لە سنووری پارێزگای دهۆک کرد، دوای پەرەسەندنی شەڕی تیرۆر لە عێراق و سووریاش، ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە سووریا و پارێزگا سوننەنشینەکانی عێراق و هەروەها لە شنگال و دەوروبەرییەوە ئاوارەی دهۆک بوون و ژمارەی ئاوارەکان لە 600 هەزار تێپەڕی کرد.

لە ساڵی 2018 ژمارەی کەمپەکانی دهۆک گەیشتنە 27 کەمپ، بەڵام دوای نەمانی داعش ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەکان گەڕانەوە، سەرباری ئەوەش هێشتا 17 کەمپ لە سنووری پارێزگای دهۆک ماون. زۆربەی ئاوارەکان لە ڕێگەی بۆردێک کە لەلایەن پارێزگاری دهۆک پێکهێنراوە، هاوکاری دەکرێن.

فەرهاد ئەتروشی پارێزگاری دهۆک لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) ڕایگەیاند کە ئەوانەی زانیاری دەدەنە دەستەی دەستپاکی لەبارەی پارەی ئاوارەکان زانیارییەکانیان هەڵەیە، چونکە ئێمە هیچ پارەیەکمان ڕاستەوخۆ لە هیچ ڕێکخراوێک وەرنەگرتووە هەتاوەکو گەندەڵی تێدا بکرێت، سەرجەم ئەو پارەیە بە ڕێگای ڕێکخراوەکانی ناوخۆ و دەرەوە هاتوون، ئێمە تەنیا ڕێخۆشکەر و هاوکار بووین، بۆ دابەشکردنی یارمەتییەکان بەسەر ئاوارەکاندا".

بەڵام سەرچاوەیەک کە ئاگاداری دۆسییەکەیە، دەڵێت: "دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە دەستی پێکردووە، ئێستا زۆر کەس لە خۆیان دەترسن، ئەوەندەی من ئاگادارم ژمارەیەک کەس تێوەگلاون کە بەرپرسی باڵاشیان تێدایە".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی: "لەو کەمپانە لە کاتی دابەشکردنی یارمەتییەکان، خزمخزمێنەیەکی زۆر هەبووە، پارەیەکی زۆر لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە بۆ ئاوارەکان هاتووە، بەڵام دیار نییە چۆن خەرج کراوە".

> **پارەی کاشمان بۆ نەهاتووە تاوەکو گەندەڵی تێدا بکرێت**
> پارێزگاری دهۆک

## عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بۆ (رووداو):

# دەرفەتی بەشداریی کۆمەڵ لە حکومەت زۆر کەم بووە



عەلـی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسـلامی، لـە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تـۆڕی میدیایی رووداو کە ئەمشـەو 27/5/2019 لە کەناڵی (رووداو) پەخش دەکرێ، دەڵێت هێشـتا بە فەرمـی رایاننەگەیاندووە بەشـداری کابینـەی داهاتوو دەکەن یان نا، بـەڵام قەناعەتی وایە کە کۆمەڵی ئیسـلامی لایەنێک نییە لە کابینەی داهاتوو، لەگەڵ ئەوەشـدا دەڵێت بەپێـی ئیسـتیحقاقی هەڵبژاردن مافـی خۆیانە لـە کابینەی داهاتوو بەشـداری بکەن. سـەبارەت بە دەنگدانیش بە سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان، دەڵێت فراکسیۆنەکەیان لە پەرلەمان تێبینی لەسـەر ئەو یاسایە هەبووە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی پێ هەڵدەبژێردرێ، بەڵام گوێ بە تێبینییەکانیان نەدراوە، بۆیە دەنگ بە کاندیدی سـەرۆکی هەرێمی کوردستان نادەن.

هەڤپەیڤین: هیوا جەمال
رووداو – هەولێر

**رووداو: بـا لـە حکومەتـەوە دەسـتپێبکەین، مەبەسـتم بەشـداریکردنە لە حکومەتدا. ئایا تەواو ئیدی بڕیارتان دا کە بەشداری نەکەن لەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا؟**

**عەلی باپیر:** بە نیسـبەت بەشداری لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە هەتا ئەم لەحزەیەش کە تێیداین بە فەرمی رامانەگەیاندووە بەشـدار دەبین یان بەشدار نابین. لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر شتێکدا دەبێ کە دەبێ هەبێ، ئێستا نە سەرۆکی هەرێم دانراوە و نە سەرۆکی هەرێمیش کەسی راسپاردووە کابینەی نوێیەم پێکبهێنێ. بە بۆچوونی من هەر هەڵوێسـت وەرگرتنێک لە بەرامبەر شـتێکی مەفقوود، شتێکی نالۆژیکییە. دەبێ شتەکە هەبێ ئەوجا تۆ هەڵوێستی لێوەردەگری، جا بە ئەرێنی بێ یان نەرێنی. من چەند هەفتەیـەک لەمەوبەر لێدوانێکـم دا، کە تێیدا گوتم پێموایە ئەو حکومەتەی پێکدەهێنرێ، شایسـتەی ئەوە نابێ ئێمە تێیدا بەشدار بین، بەڵام هەر ئەوکات گوتم هەڵوێستی فەرمیی کۆمەڵی ئیسلامی کاتێک رادەگەیەنـرێ کە لایەنی بەرامبـەر بێ و لەگەڵمان بکەوێتە دانوسـتاندن و پێمـان بڵێ حکومەتەکەی چۆنـە، بەرنامەکەی چۆنە و داواکردنەکەی بۆ ئێمە چۆنە، ئەو کاتە هەڵوێسـتی فەرمی رادەگەیەنرێ، لێـرەدا مەبەسـتم ئـەوە نییـە کە ئێمـە چاوەڕێی کەسین، لەڕاستیدا چاوەڕێی کەس نین، بەڵام وەکو شتی لۆژیکی و یاسایی و وەک عورفی نێودەوڵەتی بەو شـێوەیەیە، واتە حکومەتەکە دەبێ راسپێردرێ و بێن لەگەڵ لایەنەکاندا قسە بکەن، ئەو کاتە ئەوان هەڵوێستی خۆیان دەبێ.

**رووداو: لایەنـەکان گفتوگۆیـان کـردووە، رێککەوتنیـان واژۆ کـردووە. کاتـی خـۆی گوتتان ئەگەر پارتی سـڵاوێکمان لێبـکات ئێمەش وەڵامی دەدەینـەوە. بەڵام پارتی ئەو سـڵاوەی نەکرد، بەو مانایەی کە گفتوگۆ بێ بۆ پێکهێنانی حکومەت.**

> تا ئێستا بە فەرمی رامانەگەیاندووە بەشداری حکومەت دەبین یان نا

**عەلی باپیر:** پارتی چەند جارێک وەک سەردانی حیزبـی هاتوون. بە بۆچوونی مـن ئەوانە کە وەک حیزب هەموو شـتێکیان بڕیوەتەوە، پێش وەزعەکە کەوتـوون. دەبووایە سـەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێ، سەرۆکی هەرێم گەورەترین کوتلە راسپێرێ، پاشان ئـەوەی بـۆ پێکهێانی حکومەت راسـپێردراوە بێت لەگەڵ لایەنەکان دانیشێ، ئەوکاتە گفتوگۆی جیدی بکرێ، بەرنامەی حکومەت پیشان بدرێ، واتە ئەوەی کـە ئەو کابینەیە دەیەوێ چۆن حکومەتداری بکات و لایەنـەکان تێبینییـان چی دەبێ لەسـەری. من پێموایە دەبوو ئاوها بێ. ئێسـتا کە هەندێک کەس وەک حزب هەموو شـتێکی هەڵبڕیوە، بە بۆچوونی مـن ئەوە پێچەوانـەی ئەوەیە کە لە دونیـادا باوە. مرۆڤ هەندێکجار شـتانێک دەڵێ وەک رەوشتێکی کۆمەڵایەتی یان تایبەتی، بەڵام تەفسیرێکی دیکەی لەسەر دەکرێ. من ئەوکات لەبارەی ئەوەوە پرسیارم لێکـرا کە کاک فازڵ میرانـی گوتوویەتی دەچین و سـڵاو یان سـڵاوی گەرمیـان لێدەکەیـن، ئێمەش کەسێک سـڵاوی گەرممان لێبکات، گەرمتر وەڵامی دەدەینەوە. بەڵام مەبەست لەوە ئەوە نییە کە ئێمە نانمان لەسـەر سێڵێ سـووتاوە و چاوەڕێین داخوا کەی پارتی دێ و لەدەرگامان دەدات و ئەوجار دەڵێ فەرمـوون. ئەوە وانییە. ئێمە هەتا بەشـدار بین لە حکومەت، کۆمەڵێک مەرجمان هەیە.

**رووداو: پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ چاوەڕێ دەکەن**

> کێشەمان لەگەڵ یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەیە

**لەدوای راسـپاردنی کوتلـەی زۆرینە، لەگەڵ ئێوەدا گفتوگـۆ بکەن؟ هیچ زانیارییەکتان هەیە کە لەدوای ئـەوە گفتوگۆتـان لەگـەڵ دەکەن، بۆیـە بڕیارتان نەداوە؟**

**عەلـی باپیر:** نا هۆکاری ئەوەی بڕیارمان نەداوە ئەوەیە کە شـتە لۆژیکییەکە ئەوەیە ئەو کەسـەی حکومەت پێکدەهێنێ راسـپێردرێ و بێت بڵێ ئەوە بەرنامەی حکومەتەکەی منە، لەبارەی هەڵوێسـتی لایەنە سیاسییەکان پرسیاریان لێبکات، ئینجا بڵێ فڵانە لایەنی سیاسی من دەمەوێ ئێوە ئاوها بەشدار بـن، تێبینیتان چییـە، مەرج و بەرنامـەت چییە. ئێمە لەسـەر ئەوە رامانگرتووە، نەک لەسەر ئەوەی قسەیەکمان بە ئەرێنی یان بە نەرێنی بیستبێتەوە.

**رووداو: نەهاتنی پارتی بۆ لای ئێوە بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەت، نەک مەبەستی حزبی کە خۆت ئاماژەت پێدا. هەست دەکەن نەهاتنیان کاردانەوەی پارتی بێ بۆ کۆمەڵ؟**

**عەلی باپیر:** ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پارتی کە چۆنی بیری کردووەتەوە، بەڵام ئێمە بە شـتێکی ئاسـایی دەبینین. ئێمـە پێمانوایە پارتی مافی خۆیەتی بێ داوامـان لێبـکات یـان داوامان لێنـەکات، داوای لە یەکێتـی و فڵان کردووە یان نەیکردووە. ئەوە مافی خۆیەتی. ئێمە بەپێی ئیسـتیحقاقی هەڵبژاردن بە مافی خۆمانی دەزانین دەورمان هەبێ لە بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەدا، بەڵام کە بە مافی خۆمانی دەزانین بەو مانایە نییە کە ئێمە بە هەموو شـێوەیەک چاوەڕێ بین کە بەشدار بین.

**رووداو: لـەم مانگـەدا مەسـروور بارزانـی رادەسـپێردرێ بۆ پێکهێنانی حکومـەت، پێتانوایە لەگـەڵ ئێوە گفتوگۆ بکات بۆ ئەوەی بەشـداری لە حکومەتدا بکەن؟**

**عەلی باپیر:** دیارە ئەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی بەرامبـەر، بەڵام بـە قەناعەتی خۆم ئـەو دەرفەتە زۆر کـەم بـووە، ئەوەیـان قەناعەتـی شەخسـیی خۆمـە. بەڵام بڕیاری فەرمی کۆمەڵی ئیسـلامی لە سـەرکردایەتییەوە دەدرێ. دوای ئـەوەی دێـت و دەکەوێتە وتووێژ و گفتوگۆوە. من هیچ بەلامەوە گرنگ نییە ئەو حکومەتە ئێمەی تێدا بین یان تێدا نەبین. مـن پێموانییە ئەو وڵاتەی ئێمە ئەوەندە هەڵبگرێ، دەڵێـن لە هەندێـک وڵاتی وەک سـوید پێکهێنانی

> بە دڵنیاییەوە ئەمساڵ کۆنگرە دەبەستین

حکومەت نۆ مانگ دەخایەنێ، بەڵام ئەو وڵاتەی ئێمە ئەو هەموو هەڕەشەیەی لەسەرە، هەر ناوچەکە خۆی لەناو گۆڕانکارییەکاندا دەکوڵێ، پێکهێنانی حکومەت نەدەبـوو ئەوەندە دوابخرێ، ئەوە هۆکاری یەکەمە. ئەگەر دواکەوتنەکە لەسـەر ئەوە بووایە سێ لایەنە سـەرەکییەکەی کە دەیانەوێ حکومەت پێکبهێنن کامیان دەیـەوێ کۆتایی بە گەندەڵی و قۆرخکاری دەسـەڵات و هتد بهێنێ، ئەگەر لەسەر ئەوە بووایە کەس قسەی نەدەکرد، بەڵام لەسەر چییە؟ لەسەر پۆستی شەخسی و حزبییە.

**رووداو: ئەگـەر ئێـوە لـە کابینـەی نوێـەدا بەشداریش نەبن، کۆمەڵ هەر هەوڵدەدات حکومەت سەرکەوتوو بێ؟**

**عەلی باپیر:** بەڵێ، من ئەوە بە ئەرک و واجبێکی شـەرعی خۆم و هەموو تاکێکی موسوڵمان دەزانم. حکومەت لەڕاسـتیدا دەبـێ خزمەتی هەموو لایەک بکات، بۆیە من بە واجبێکی شەرعی دەزانم کە ئەو حکومەتە تێیدا بین یان تێیدا نەبین، کە زیاتر لەوە دەچێ تێیـدا نەبین، هەوڵبدەین بۆ سـەرکەوتنی، رەخنـەی بنیاتنەری لێدەگرین، هەڵەی بۆ راست دەکەینەوە. جاران دەیانگوت تۆ نازانی ئۆپۆزیسیۆن بـێ، دەمگـوت بۆچی، دەیانگوت ئەگـەر وەزیرێک شتێکی باشی کرد چۆن دەبێ دەستخۆشی لێبکرێ، منیـش دەمگـوت خـۆ ئۆپۆزیسـیۆن و حکومەت دوژمنـی یەکدی نیـن، بەڵکو ئۆپۆزیسـیۆن دەبێ رەخنەی بنیاتنەر بگرێ و دڵسـۆز بێ و ئەگەر ئەو حکومەتە لایدا راستی بکاتەوە، نەک ناشیرینی بکات

> هەرێمی کوردستان لە شەڕی نێوان ئەمریکا و ئێراندا سەلامەت نابێ

و بیروخێنـێ. حکومەتیش نابێ بە چـاوی دوژمن تەماشای ئۆپۆزیسـیۆن بکات، بەڵکو حکومەتیش دەبێ بڵێ ئۆپۆزیسیۆن دڵسۆزی منە.

**رووداو: یەکگرتـوو کـە ئۆپۆزیسـیۆنبوونی هەڵبـژاردووە دەڵێ ئۆپۆزیسـیۆنی "یەکگرتووانە" دەبیـن. ئەگـەر کۆمـەڵ ئۆپۆزیسـیۆن بـێ، ئۆپۆزیسیۆنێکی چۆن دەبێ؟**

**عەلی باپیر:** ئێمە هەوڵدەدەین ئۆپۆزیسیۆنێکی شـەرعیانە و دڵسـۆز بین، واتە فیعلـەن هۆکارێک بین بۆ راسـتکردنەوەی حکومـەت، ئەگەر لار بوو، دەستخۆشی لێکردنیان ئەگەر چاک بوون.

**رووداو: ئەگـەر ببنـە ئۆپۆزیسـیۆن لەگـەڵ یەکگرتوو دەچنە یەک بەرەوە یان دوو ئۆپۆزیسیۆنی جیا دەبن؟**

**عەلـی باپیر:** ئێمە لەگەڵ یەکگرتوو هەسـت بە جیایـی ناکەین، ئێمە لەگەڵ برا و خۆشـکانمان لە یەکگرتووی ئیسلامی خۆمان بە نزیک دەزانین، لەڕووی فیکـری و ئایدیۆلۆژی و ئـاکار و ئامانجەکانمانەوە. هەڵبـەت دیارە هەر کەسـێک بە نەفەسـی خۆی و بە شێوازی خۆی کاری خۆی دەکات. بێگومان ئەو کاتە ئێمە دەکەوینە بەرەیەکەوە، بتەوێ و نەتەوێ هەمووان دەبینە ئۆپۆزیسـیۆن، بە نەوەی نوێ و هەر کەسێکی دیکەشەوە کە بەشدار نەبێ.

**رووداو: ئێستا سێ لایەن بۆ پێکهێنانی حکومەت رێککەوتوون، ئێوەش رێککەوتنێک دەکەن بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو بن؟**

**عەلی باپیر:** من پێموایە پێویسـتە ئەوە بکرێ، بەڵام ئەوە دەبێ زەمینەی بۆ خۆشـبکرێ و متمانە دروستبکرێ. بە نیسبەت ئێمە و یەکگرتوو ئەو شتە هەیە.

**رووداو: کاتی خۆی نامەیەکت لەلایەن شاسـوار عەبدولواحیـدەوە بـۆ هات بـۆ ئـەوەی بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن دروستبکەن و جەنابت ببی بە سەرۆکی بەرەکە. لە وەڵامدا گوتبووت پێویستە متمانە هەبێ. مەبەستت لەو قسەیە چی بوو؟**

**عەلی باپیر:** مەبەسـتم ئەوە بوو کە لەم وڵاتەدا دەبـێ واقیعەکە راسـت بخوێنینەوە، لە ئاسـتێکی بـەرزی رەوشـت و ئـاکاردا مامەڵە لەگـەڵ یەکدی بکەیـن. دوو کەس کە پێکەوە بە رێگایەکدا دەڕۆن دەبێ بەلایەنی کەم متمانە و لێکتێگەیشتنیان هەبێ، ئەوەش زۆر شـت دەگرێتەوە. لەو ماوانەی پێشـوو شـاندێکی نەوەی نوێ هاتن، من هەر ئەو قسـانەم دووبـارە کردەوە. ئێمە هەندێک تێبینیمان لەسـەر هەندێک شـت و لێدوانی نەوەی نوێ هەبووە. ئێمە

> د.بەرهەم تۆزێک لە مەزلومییەتی ئێمەی قەرەبوو کردەوە

بەردەوام دەبێ چاو بە خۆماندا بخشێنینەوە.

**رووداو: چـۆن دەڕواننـە رێککەوتنـی پارتـی و یەکێتی و گۆڕان بۆ پێکهێنانی حکومەت، لە کاتێکدا ئێوە پێشتر لەگەڵ گۆڕان هەندێک نزیکیتان هەبووە؟**

**عەلـی باپیر:** ئێمە ئێسـتاش خۆمـان لە گۆڕان بـەدوور نازانیـن، ئەوانیش خۆیان لـە ئێمە بەدوور نازانـن. ئینجا خۆ ئێمە لەگـەڵ پارتی و یەکێتیش دوژمنایەتیمان نییە، ئەوانیش دوو هێزن لەو وڵاتەدا و خاوەن خەڵک و جەماوەری خۆیانن. گرنگ ئەوەیە رێککەوتنەکەیـان لە پێنـاو بەرژەوەندی گشـتیدا بـێ، نەک هـەر پلە و پایەی شەخسـی و حیزبی. گرنگ ئەوەیە وەزیرەکانیان دەستکراوە بن و لە ژێر هەیمەنەی حیزبەکانیاندا نەبن و دەستبەستراو نەبن، بە یەک چاو سـەیری هەمـوو خەڵک بکەن، ئەگەر رێککەوتنەکەیان ئاوا بێ، ئەوە ئیشەڵڵا بەرەکەتدارە.

**رووداو: بڕیارە رۆژی سێشەممە سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان لە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێ. ئێوە نزیکایەتی و دۆستایەتییەکتان لەگەڵ کاک نێچیرڤان بارزانیدا هەیە. دەنگی پێدەدەن یان نا؟**

**عەلی باپیر:** فراکسـیۆنەکەمان پرۆژە یاسایەکی پێشـکەش کرد، بـەڵام پارتـی و لایەنەکانی دیکە وەریاننەگرت. ئێمە کۆمەڵێک تێبینیمان لەسەر ئەو یاسایە هەبوو کە پەرلەمان پەسەندی کرد. زەقترین تێبینیمان ئەوەیە کە بەداخەوە ئەو سەرۆکی هەرێمە لە بەرامبەر هیچ کەسـێکدا بەرپرسـیار نییە. ئێمە لەبەر ئەوەی تێبینیمان هەبوو لەسـەر یاساکە بۆیە فراکسـیۆنەکەمان بـە راوێـژ لەگـەڵ ئەنجوومەنی سیاسی، پرسەکەمان تاوتوێ کرد و گوتمان شتێکی دژیەکـە لەلایەکـەوە رەخنەمان لە یاسـاکە هەبێ،

> لەگەڵ ریفراندۆمێکی سەقەتدا نەبووین

> بەلامەوە گرنگ نییە لە حکومەتدا دەبین یان نا

لەلایەکی دیکە دەنگ بە کەسـێک بدەین کە بەپێی ئەو یاسـایە سـەرۆکایەتی هەرێـم دەکات. ئەگەرنا وەکو جەنابیشت ئاماژەت پێدا، ئێمە کاک نێچیرڤان دەناسـین کە کەسـایەتییەکی کاریگەر بـووە لەو وڵاتەدا. هیچ کێشەیەکی شەخسیمان لەگەڵی نییە. بەڵام کێشەمان لەگەڵ یاساکە هەیە، ئەویش بەپێی ئەو یاسایە سەرۆکایەتی هەرێم دەکات. لەبەر ئەوە ئێمە نە کاندیدمان هەبوو، نە دەنگیش بە سەرۆکی هەرێم دەدەین.

**رووداو: هەندێک لە خۆبەخشـانی نەوەی نوێ و سەرۆکی جوڵانەوەکەش دەستگیرکراون. ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو پرۆسەیە، هەڵوێستتان چییە؟**

**عەلـی باپیر:** من پێموایە لـەم وڵاتەدا ئەگەر بە راستی دادگا هەبێ و یاسا سەروەر بێ، هەر کەسێک تۆمەتێکی لەسـەر بێ و لە دادگا ساغ دەکرێتەوە، بە حوکمی دادگا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. جا ئەگەر خۆبەخشـەکانن، ئەگەر کاک شاسـوارە. بۆ ئەوەی ئێمـە ئەو وڵاتەی خۆمان نەخەینە ژێر پرسـیار. با یاسـا بابەتەکان یەکلایی بکاتەوە، نەک هەڵکوتانە سـەر خەڵک. ئێمە تێبینیمان لەسـەر ئەو شێوازە هەیە.

**رووداو: لەم ماوەیە ژمارەیەک کادیری کۆمەڵ بە تایبەتی لە هەولێر وازهێنانی خۆیان راگەیاند، چۆن بوو نەتانتوانی رێگریان لێ بکەن؟**

**عەلی باپیر:** ئەوە خـۆی بڕیارێکی ئیداری بوو، چەنـد کادیرێکـی ئێمـە پێـوەی پابەنـد نەبوون. دوای ئـەوەی ئەنجوومەنی بانگـەواز و بەڕێوەبردن لەلایەن سـەرکردایەتییەوە سەرپشک کرابوو، لەبەر ئـەوەی بەرپرسـی مەڵبەندی هەولێر سـاڵێک بوو بەرپرسـایەتی نەدەکـرد، مۆڵەت بـوو و خەریکی خوێندنـی دکتـۆرا بوو. هەندێک گرفتیشـی هەبوو بـۆی چارەسـەر نەکـرا. ئەنجوومەنی بانگـەواز و بەڕێوەبـردن دوای راوێژ بـە کارگێڕ مەڵبەندەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی لە هەولێر، برایەکیان دانا بە بەرپرسی مەڵبەند بە وەکالەت. ئەوانیش بەو بڕیارە ناڕازی بوون. لە نێو کۆمەڵ عادەت نەبووە بڕیارێک لە سـەرەوە بێ، لە خـوارەوە هەڵگەڕانەوەی لە دژ

> کاک نێچیرڤان کەسایەتییەکی کاریگەر بووە لەم وڵاتەدا

بکرێ. من خۆم تەدەخولم کرد و چەند جارێک بانگم کـردن. لەگەڵیـان دانیشـتم و داوام لێکردن، بەڵام ئەوان هەر لەسەر قسەی خۆیان سوور بوون، دوایی وەک شتێکی چاوەڕواننەکراو هەریەک لە کاک سەلیم کۆیی، کاک سـەعید هەرکی و کاک ئیسـماعیلیش بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی هەولێر رایانگەیاند کە وازیان لە کۆمەڵی ئیسلامی هێناوە. لە کاتێکدا چەند رۆژێک پێشتر کاک سەلیمان لەگەڵ خۆمان بردبوو بۆ بەغدا.

**رووداو: ئەمـە هۆکاری ناوخۆیی یان دەرەکی لە پشت بوو؟**

**عەلی باپیر:** تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکمان نییە کە شـتێکی دەرەکی بێ، پێمانوایە قەناعەتی خۆیانە. جا ئەو قەناعەتە ئێسـتا دروست بووە، یان پێشتر جۆرێـک لە سـەر پێکەوەنان هەبـووە. بەڵام ئێمە ئێستاش ئەوان هەر بە برای خۆمان دەزانین.

**رووداو: ئەمـەی لـە هەولێـر روویـدا، تا چەند پەیوەنـدی بـە دانانـی راوێژکارەکـەی کۆمـەڵ لە**

> دەستی دەرەکی لە پشت وازهێنانی ئەندامانمان نییە

**سەرۆکایەتی کۆماری عێراق هەی؟**

**عەلی باپیر:** هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە، چونکە ئەو کێشەیە چوار پێنج مانگ پێشتر بووە.

**رووداو: هیـچ رێککەوتنێکتان هەیە لەگەڵ بەغدا بۆ دانانی راوێژکار بۆ سـەرۆکایەتی کۆمار و دانانی باڵیۆز لە دەرەوە؟**

**عەلـی باپیر:** نەخێـر ئێمە هیـچ رێککەوتنمان نییـە. وەکـو ئیسـتیحقاقی هەڵبـژاردن کۆمەڵـی ئیسلامی لە خولەکانی پێشـوو زۆر مەزڵووم بووە. کاک د.بەرهەمیـش پێیزانیوە کە ئێمە مەزڵوومین، ویستوویەتی تۆزێکمان بۆ قەرەبوو بکاتەوە. تا زیاتر قەرەبوومان بکاتەوە بۆ خۆی و بۆ ئێمەش باشترە.

**رووداو: راوێژکارەکەتـان لێدوانێکی داوە لەسـەر گشتپرسـی و ریفراندۆم، دەڵێت "ئاشبەتاڵ و بەڵا" بووە. ئێوە لەگەڵ ئەو قسەیەن لە کاتێکدا جەنابتان لە گشتپرسیدا دەنگتان داوە؟**

**عەلـی باپیـر:** ئێمە قسـەی خۆمـان دەکەین و خەڵکیش قسـەی خـۆی دەکات. هەفتەیەک پێش ریفرانـدۆم لـەم ژوورەدا لەگـەڵ جەنابت باسـمان لـەوە کـرد کـە زەمینـەی نێوخۆیـی و دەرەکی و هەرێمـی خۆش نەکراوە بۆ ریفرانـدۆم، بۆیە لەوانە نییـە بەرهەمێکی باشـی هەبێ. کـە فیعلەن واش بـوو، هەرێمەکەمـان بـوو بـە نیوە. بـەڵام بۆچی دەنگمان دا؟ ئێسـتاش هەر کەسێک بڵێ دەوڵەتی سەربەخۆت دەوێ، دەڵێم بەڵێ. ئێمە گوتمان بەڵێ بۆ سەربەخۆیی، بەڵام نەک بۆ ریفراندۆمێکی سەقەت کە هەرێمەکەمان بکات بە نیوە. ریفراندۆمێک کە بە بڕیارێکی حیزبی درا، زەمینەی بۆ خۆش نەکرابوو.

> دەنگ بە کاندیدی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نادەین

من قسەی خۆم دەکەم. راوێژکاری سەرۆک کۆماریش با لە کۆمەڵی ئیسلامی بێ، قسەی خۆی دەکات.

**رووداو: لەو رۆژانەدا چوار سـاڵ بەسەر بەستنی کۆنگـرەی کۆمەڵ تێدەپـەڕێ، بەمنزیکانە کۆنگرە دەبەستن؟**

**عەلی باپیر:** بەپێی مەوعیدی خۆی بێ، دەبێ لە 5/31 کۆنگرە ببەستین. ئەو رۆژەش دەکەوێتە نێو رەمـەزان، کۆنگرە دوادەخەین بۆ دوای رەمەزان. بە دڵنیاییەوە ئەمساڵ کۆنگرە دەبەستین، بەڵام دوای ئەوەی زەمینەسـازییەکی باشـی بۆ دەکەین. ئێمە دەمانەوێ هەندێک وەرچەرخان و گۆڕانکاری بکەین.

**رووداو: مەسەلەی تەعریب دەستی پێکردووەتەوە، پێتانوایە ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکرێ؟**

**عەلـی باپیـر:** یەکـەم بـە تەبایـی نێوخۆمان، بەهێزترین کارتی ئێمە تەبایی نێوخۆمانە. تەباییش تەنیا لەسەر بناغەی دادگەری بنیات دەنرێ. دووەم: بەغـداش دەبێ بەخۆیدا بچێتـەوە، چیدی ماددەی 140 نەخەوێنـدرێ. کابینەی نوێش دەبێ زۆر کار بکات کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان چارەسەر بکات. چیدی ئێمە نەچین لەگەڵ بەغدا شەڕ لەسەر پۆستی حیزبی و شەخسی بکەین.

**رووداو: هەمـوو دونیـا باسـی ناکۆکـی ئێران و ئەمریـکا دەکات، بـە بڕوای ئێوە ئەو بابەتە سـەر دەکێشێ بۆ هێرشکردنە سەر ئێران؟**

**عەلـی باپیر:** ئەگەری هەیە پێکـدادان لە نێوان ئەمریکا و ئێران رووبدات. ئێستا ئاگاداری پێکدادانی ئەمنی و ئابووری و سیاسی هەیە. بەڵام خوانەخواستە سەر بکێشێ بۆ شەڕ، پێموایە ناوچەکە گڕ دەگرێ، پێموایە هەرێمی کوردستانیش سەلامەت نابێ. ترسم هەیە ئێرە ببێتە شـەرگە. بۆیـە دەبێ رۆڵ ببینین ئاگری شەڕ لە خۆمان دووربخەینەوە.

> بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن مافی خۆمانە رۆڵمان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هەبێ

> پێویستە بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن دروست بکرێ

# نێچیرڤان بارزانی...
# هێزێکی نەرم لەبەردەم تاوێرە بەردەکاندا

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**



پەرلەمانی کوردستان سبەی (سێشەممە 28ی ئایار) کۆدەبێتەوە و وا چاوەڕوان دەکرێ ئەجندای کۆبوونەوەکەش هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت کە تاکە پاڵێوراوی بەهێز نێچیرڤان بارزانییە. بەمەش دوای نزیکەی 18 ساڵ لە سەرۆکایەتی حکومەت لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا، سەردەمێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی ئەو دەستپێدەکات. هەرچەندە بارودۆخی سیاسی نێوخۆیی و پەیوەندی حیزبە بەشداربووەکانی حکومەت و پرۆسەی سیاسی تاڕادەیەک جیاوازە، بەڵام کەشوهەوای دەستبەکاربوونی هێشتا بڕێک تام و بۆنی ئاداری 2006 دەدات، کاتێک لە مەراسیمێکدا، وەک یەکەمین سەرۆکی کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوێندی خوارد.

ئەوانەی لە نزیکەوە کاریان لەگەڵ کردووە، پێیانوایە ئەزموونی ڕاستەقینەی سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، لە کابینەی پێنجەمەوە دەستپێدەکات، کاتێک تیمەکەی پێکهاتبوو لەو وەزیرانەی هێشتا فریا نەکەوتبوون جلوبەرگەکانیان لە تەپوتۆزی شەڕی ناوخۆ بتەکێنن.

نێچیرڤان بارزانی، دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان. هەرێمێک، خۆی لە هەر کەس باشتر دەزانێ، هێشتا ناکۆکی و پێکەوەهەڵنەکردن، دەتوانێ لە هەر ساتێکدا دۆخەکە بباتەوە پێش پێکهێنانی کابینەی پێنجەم، بەڵام وەک دکتۆر دەخیل سەعید، وەزیر لە کابینەی پێنجەم باسی دەکات: "نێچیرڤان بارزانی، لەو جیناتەی لە ئیدریس بارزانی باوکییەوە بۆی گواستراوەتەوە، دەرەقەتی دوورخستنەوەی ئەو ترسانە دێت، هەر بۆیە دەکرێ گەشبین بین بەوەی بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵ دەبێ". بەڵام کاوە محەممەد، وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری، هەرچەندە لە کەسایەتی نێچیرڤان دڵنیایە و حیزبەکەشی ئێستا بڕیاریداوە وەک ئۆپۆزیسیۆن مامەڵە بکات، پێیوایە ناکرێ هەموو چاکە و خراپەیەک ببەسترێتەوە بە ئەوەوە "دەبێ حیزبەکان لە تێکنەدانی زەمینەکەدا هاوکاری بن، چونکە ئەو هەرێمێک بەڕێوەدەبات کە کۆمەڵێک حیزب پرۆسە سیاسییەکەی بەڕێوەدەبەن".

## هێزێکی نەرم لە بەردەم تاوێرە بەردەکاندا

نێچیرڤان بارزانی، ساڵی 1996 بە جێگری سەرۆکی حکومەت دەستیپێکرد، سێ ساڵ دواتر وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (زۆنی زەرد)

> **نێچیرڤان بارزانی زیاتر پشتگیری وەزیرەکانی یەکێتی دەکرد**
> چنار سەعد عەبدوڵڵا

دەستبەکار بوو، بەهۆی ئەوەی سەرۆکایەتی چەند کابینەیەکی حکومەتی کردووە، کەم حیزب هەیە لە ڕێگای وەزیرە بەشداربووەکانیەوە بە کەسایەتییە سیاسی و ئیدارییەکەی نێچیرڤان بارزانی ئاشنا نەبێ. هەربۆیە تەنانەت بەرهەڵستکارەکانیشی نایشارنەوە ئەو "هێزێکی نەرمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژە سەختەکان". هەرئەوەش وایکردووە کە زۆربەی ئەوانەی کاریان لەگەڵ کردووە، لەنێو ڕای گشتیدا، دەرباز نەبوون لەو تۆمەتەی کە گوایە بوونەتە پارتی.

چنار سەعد عەبدوڵڵا، کە لە کابینەی پێنجەمدا لەسەر پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان وەزیری

> **نێچیرڤان بارزانی پیاوی قۆناغە سەختەکانە و لە گوێگرتن بێزار نابێ**
> ئامانج ڕەحیم

شەهیدان بووە، نایشارێتەوە مامەڵەی سەرۆکوەزیران ئەوانی خستووەتە دۆخی ئیرەیی بردنەوە "ئێمە وەک وەزیرە پارتییەکان، ئیرەییمان بە وەزیرە یەکێتییەکان دەبرد. دەچووین بۆ لای کاک نێچیرڤان گلەییمان لێدەکرد، چونکە زۆرتر بایەخی بەوان دەدا. ئەوەشی بۆ ئەوە دەکرد کە سیمای حیزبایەتی لەنێو ئەنجوومەنی وەزیراندا نەهێڵێ".

چنار سەعد، پێیوایە نێچیرڤان بارزانی، سەرکردایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکان، لەئەزموونی دوورودرێژی خۆی لەنێو ڕووداوەکانەوە فێر بووە: "زۆر حەزی لەوەیە بەڕاستی حکومەت دامەزراوە بێت و پرۆفیشناڵانە کاری خۆی بکات و لەسەر ڕاستەڕێی ئیشکردنی خۆی بێت".

چنار وای دەبینێ کە "نەرمبڕی" سرووشتی نێچیرڤان بارزانییە و هەر بەو نەرمبڕییە بەرەنگاری ڕووداوە ناخۆشەکانیش دەبێتەوە، تەنانەت لە ڕۆژانی بڕینی بودجەی کوردستان و شەڕی داعشدا کە زۆربوون ئەوانەی گرەویان لەسەر ڕووخانی حکومەت دەکرد، ئەو ورەی بەرنەدا و کاری خۆی کرد و بەری بە ناهەموارییەکان گرت.

چنار سەعد کە بچووکترین وەزیری کابینەی پێنجەم بووە، دان بەوەدا دەنێ کە لە ڕۆژی سوێندخواردنی کابینەکەیان ئاڕام و هەندێک ترسی هەبووە لەوەی ئەرکەکەی بەسەرکەوتوویی ڕانەپەڕێنێ: "کاک نێچیرڤان هاتە تەنیشتم و پێیگوتم مەترسە، دەزانم بیر لەچی دەکەیتەوە، ئێمە پشتیوان و هاوکارت دەبین".

## "بە شڵەژاوی نەمبینیوە"

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، ئەو هەواڵە شۆکهێنەرانە وەبیر دێنێتەوە کە بەهۆی شەڕی داعش و بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان و لێکەوتەکانی گشتپرسییەوە، یەک لەدوای یەک بەبێ لەدەرگادان خۆیان دەکرد بە ئۆفیسەکەی سەرۆکوەزیراندا "هەتا ئێستا نێچیرڤان بارزانیم بە شڵەژاوی نەبینیوە، بەڕاستی ئەو ناشڵەژێ. تایبەتمەندییەکانی سەرکردایەتیکردنیش ئەوەیە".

ئامانج ڕەحیم کە لەسەر پشکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ماوەی دوو کابینەیە سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانە، بە پیاوی "قۆناغە سەختەکان" ناوی دەبات و دەڵێ لە گوێگرتنیش بێزار نابێت "من مامەڵەی ڕاستەوخۆم لەگەڵی هەیە، دۆخێک دروستدەکات نە تۆ بیری ئەوەت هەیە یەکێتیت و نە ئەویش وا مامەڵە دەکات پارتی بێت. پرۆفیشناڵانە لەگەڵ وەزیفەکەی مامەڵە دەکات و بڕوای بەکاری بە کۆمەڵ هەیە و بڕیاری بەکۆمەڵیش پەسەند دەکات، بیرمە چەندینجار بۆ پرسە هەستیارەکان، تیمێکی دروستکردووە بۆ هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوە لە کارەکە پێش بڕیاردان".

ئامانج ڕەحیم، باسی چەند پرۆژەیەک دەکات کە بۆخۆی وەک ڕاوێژکارێکی یاسایی کاری تێدا کردوون، لەلایەن سەرۆکوەزیرانەوە دەستی کراوە بووە. هەروەها دەڵێ تەنانەت کاتێک بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا کە نێچیرڤان بارزانی کۆششی زۆری کرد، بۆ ئەوەی بەغدا دەست شل بکات لە سزاکانی سەر هەرێمی کوردستان، ئەوی ڕاسپاردووە بە پرۆژە و تێبینییەکان، کار بکات "بەهۆی ئەوەی کە گوێ لەقسە دەگرێت، جاری وا هەبووە بڕیاری داوە و وازی کردووە، بەڵام کە قسەی لەگەڵ

> **لە کۆبوونەوەکاندا داوای گێڕانەوەی نوکتەی لە حەیدەر فەیلی دەکرد**
> نەمرود بیتۆ

دەکەیت و بۆی ڕووندەکەیتەوە گرفتەکە لەچیدایە، هەڵیدەوەشێنێتەوە".

بەڵام لەنێو شەقام و ڕای گشتیدا، کابینەی هەشتەم و خودی نێچیرڤان بارزانی ڕەخنەی زۆری ڕووبەڕوو بووەوە. بڕیاری کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران بۆ نیوە و کەمتریش، یەکێک بوو لەو بڕیارە ناچارییانەی نزیک بوو لەوەی سەری بەشێک لە دەستکەوتەکانیشی بخوات. یان ناردنە ماڵەوەی وەزیرەکانی گۆڕان لە ناوەڕاستی ڕێگای حکومەتەکەیدا، کە خۆی دەستەواژەی "خراپ و خراپتر"ی بۆ بەکارهێنا و گوتی خراپەکەمان هەڵبژارد.

ئامانج ڕەحیم، دەڵێ ئەو سەرۆکوەزیرانە و ئەوانەی کاریان لەگەڵ کردووە باشتر لێی تێدەگەن: "ئەگەر خاڵی نەرێنیشی هەبێت، خاڵە ئەرێنییەکانی زۆرترن و دەیەوێ حیزب کاری خۆی بکات و حکومەتیش کاری خۆی بکات، لە دەرەوە حیزبەکان ئەو هەموو کێشەیان هەبوو پێکەوە، بەڵام هەمیشە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران ئاسایی بوون و هەستت نەدەکرد کەس کێشەی هەبێت".

## نوکتە.. بەشە سلێمانییەکەی نێچیرڤان بارزانی

ئەو بە کەسێکی کراوە بەنێوبانگە و بەشێک لەوانەی لەبارەیەوە نووسیویانە، پێیانوایە کرانەوەکەی زۆرتر بۆ بەشە سلێمانییەکەی دەگەڕێتەوە، چونکە خاڵوانی سلێمانین، وەزیرەکانیشی هەروا بە قسەخۆش و مەیلداریی نوکتە ناوی دەبەن.

وشیار سیوەیلی، وەزیر بووە لە دوو کابینەدا کە دواییینیان وەزیری کارەبا بوو. باسی یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات و دەڵێ: "من لەو کۆبوونەوەیە قسەم دەکرد، پێیگوتم ئەم وەزیرە کارەبای نییە ئەوەندە قسە دەکات، ئەگەر کارەبای هەبووایە چی دەکرد؟".

سیوەیلی، پێیوایە بەکارهێنانی دەستەواژەی دەوڵەتمەدار، بۆ نێچیرڤان بارزانی دروستە و دەڵێ "بەردەوام هانت دەدات ئیشی زیاتر بکەی، بەبێ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخاتە سەرت".

نەمروود بیتۆ، وەزیری گەشتوگوزاری کابینەی پێنجەم دەڵێت نێچیرڤان بارزانی بەردەوام لە کۆبوونەوەکاندا داوای لە حەیدەر فەیلی دەکرد کە لەسەر پشکی شیوعی وەزیری گواستنەوە بوو، نوکتە بگێڕێتەوە.

### پرۆفایلی نێچیرڤان ئیدریس بارزانی

- لە 21ی ئەیلوولی 1966 لە بارزان لەدایکبووە
- لە 1975 لەگەڵ بنەماڵەکەیدا ئاوارەی ئێران بوون
- خوێندکاری بەشی زانستە سیاسییەکان بووە لە زانکۆی تاران
- لە 1989 بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی
- لە 1996 بووەتە جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان
- لە 1999 بووەتە سەرۆکوەزیران (کابینەی چوارەم)
- 2006 بووەتە سەرۆکوەزیران (کابینەی یەکگرتنەوە)
- لە 2011 بۆ 2013 جارێکی دیکە بووەتەوە سەرۆکوەزیران
- لە 2013 جارێکی دیکە پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرتەوە تاوەکو 2018
- لە کۆنگرەی 13ی پارتیدا بووەتە جێگری سەرۆکی پارتیی دیموکراتی کوردستان
- 3/12/2018 کرایە بەربژێری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
- خێزاندارە و باوکی پێنج منداڵە.

# کورد لە بیرەوەرییەکانی سەرۆککۆماری پێشووی فەرەنسادا

**حسێن عومەر**
**ڕووداو – هەولێر**

> **فرانسوا هۆلاند:**
> **کورد پاڵەوانی سەرکەوتن بوون بەسەر داعشدا**




لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا (وانەکانی دەسەڵات) کە ڕۆژی 11ی نیسانی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، فرانسوا هۆلاند، سەرۆککۆماری پێشووی فەرەنسا، فەزڵی سەرەکی سەرکەوتن بەسەر داعش و تێکشکاندنی ئەو ڕێکخراوە تۆقێنەرە بۆ جەنگاوەرانی کورد و هاوپەیمانە عەرەبەکانی ناوچەکە دەگەڕێنێتەوە کە لەلایەن هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتییەوە پشتیوانی دەکران، بەڵام ڕەخنەی توندیش ئاراستەی ئەدای دیپلۆماسی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەکات کە هاوشان و هاوئاستی دەستکەوتە سەربازییەکان نەبووە، بەوەش بەریان بۆ ڕووسیا شل کرد، بە تەنیا هەر خۆی بەروبوومەکەی بچنێتەوە.

فرانسوا هۆلاند کە بە یەکێ لە دیارترین سەرکردەکانی جیهان دادەنرێ لەڕووی گرنگیدانی بە دۆزی گەلی کورد و دامەزراندنی پەیوەندییەکی بەتین لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی، سەبارەت بە دۆسیەی سووریا ڕەخنەی توند لە ڕۆڵ و هەڵوێستی ڕووسی دەگرێ بەهۆی ڕێککەوتنی ژێربەژێری لەگەڵ تورکیا "ئەوە ڕووسیا بوو کە چاوپۆشی کرد و ڕێی بە تورکیا دا کورد تێکبشکێنێ لەکاتێکدا ئەوان پاڵەوانی سەرکەوتن بوون بەسەر داعشدا" (لا 80).

هۆلاند تاکە سەرۆکە کە لەماوەی سەرۆکایەتی خۆیدا دوو جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە (یەکەمیان لە 12ی سێپتەمبەری 2014 و دووەمیان لە 2ی کانوونی دووەمی 2017) و پاش بەجێهێشتنی کۆشکی ئەلیزێش، بۆ جاری سێیەم و بە سیفەتی شەخسی بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتی شەهید شیفا گەردی، لە 25ی شوباتی ئەمساڵ (2019)، سەردانی هەولێری کردەوە. هەر لەماوەی سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسادا، دوو جار لە کۆشکی ئەلیزێ (10ی شوباتی 2015 و 7ی ئەیلوولی 2016) بەشێوەی فەرمی پێشوازی لە مەسعود بارزانی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان کردووە، ئەوە جگە لە پێشوازیکردنی لە شاندی ڕۆژئاوای کوردستان لە 8ی شوباتی 2015.

لەم کتێبەی بیرەوەرییەکانیدا، ڕاشکاوانە باس لە ناڕەزایی خۆی دەکات لە دەستتێوەردانی تورکیا لە کاروباری سووریا بەنیازی پەلاماردانی کورد "من ناتوانم بێدەنگ بم لە بەرامبەر هەوڵەکانی سەرۆکی تورکیا بۆ چوونە نێو سووریا و لێدان لە کورد، لەکاتێکدا ئەوانە هاوپەیمانی ئێمە بوون لە جەنگی دژی داعشدا" (لا 80).

دەشڵێت کە ئەو بۆیە بەم ڕاشکاوییە دەنووسێ، چونکە ئازادە "وەختێک مرۆڤ لە دەسەڵاتدایە، دیپلۆماسیەت بۆی دەبێتە بنەما و دەبێ ڕێزی لێ بگرێ.. من لەوە ئازاد بووم و دەتوانم ڕاشکاوانە قسە بکەم" (لا 80).

سەرۆک هۆلاند لە هەموو دیدارەکانیشیدا لەگەڵ سەرکردەکانی کورد، جەختی لە پشتیوانیی خۆی دەکردەوە بۆ دۆزی ڕەوای کورد و بەدەستهێنانی مافەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی تێیدا دەژین. لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەودا، پەیوەندییەکانی پاریس و ئەنقەرە هیچ کاتێک پەیوەندیی گەرموگوڕ نەبوون.. تەنانەت ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا جارێک داوای لە سەرۆک هۆلاند کرد کە ڕوونکردنەوە بدات دەربارەی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کوردە چالاکوانە نەیارەکانی تورکیا لەسەر خاکەکەی.

قسەکانی ئەردۆغان پاش چەند ڕۆژێکی کەم لە تیرۆری هەرسێ ژنە سیاسەتوان سەکینە جانسز، فیدان دۆغان و لەیلا سۆیلەمەز هات کە سەرەتای کانوونی دووەمی 2013 لە نزیک ئینستتیوتی کوردی لە پاریس بە دەمانچە تیرۆرکران.

هۆلاند گوتبووی کە دیداری بەردەوامی لەگەڵ یەکێ لە قوربانییەکان هەبووە بێ ئەوەی ناوی بهێنێ. گومانەکان بۆ ئەوە دەچن کە ئەو یەکە سەکینە جانسز، یەکێ لە دامەزرێنەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان بووبێ.

ئەردۆغان پاش ئەو قسانە، لە ئیستەنبوڵەوە داوای لە هۆلاند کرد دەستبەجێ ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی دیداری لەگەڵ "ئەندامانی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی" هەبووە.

ئەردۆغان ڕوو لە سەرۆک هۆلاند گوتی "چۆن دەتوانی دیدار و چاوپێکەوتنی ڕۆتینیت لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوێک هەبێ کە یەکێتیی ئەورووپا بە تیرۆریستیان دەزانێ.. ئەمە چ سیاسەتێکە؟".

ئەم کتێبەی بیرەوەرییەکان نۆیەمین کتێبی فرانسوا هۆلاندە. کتێبێکە بە پڕکێشییەکی زۆر و ڕوونی و ڕاشکاوییەکی وەها نووسراوە، تەنیا سەرۆکێکی وەکو ئەو دەتوانێ خۆی لە قەرەی بدات کە لە یەکەم ڕۆژییەوە کاتێک گەیشتە کۆشکی ئەلیزێ، بڕیاری دابوو سەرۆکێکی جیاواز بێت.

مورتەزا عەبادی، سەرکونسوڵگەری گشتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر بۆ (ڕووداو):

# ساڵی ڕابردوو نیو ملیۆن ڤیزەمان داوەتە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان



مورتەزا عەبادی، سەرکونسوڵگەری گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەولێر ئاشکرای دەکات، ساڵی ڕابردوو لە ڕێگەی هەردوو کونسوڵخانەکەیان لە هەولێر و سلێمانی، ڤیزەی گەشتکردنیان داوەتە نیو ملیۆن هاووڵاتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی هەڵگرتنی پارەی ڤیزەی گەشتکردنیش، پێشبینی دەکات ئەمساڵ ڤیزە بدەنە 800 هەزار کەس.

عەبادی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) کە لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە، ئاشکرای دەکات کە ساڵی ڕابردوو قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران چوار ملیار دۆلار بووە، بۆ ئەمساڵیش پێشبینی دەکات بگاتە 5 ملیار دۆلار.

ڕووداو - هەولێر

**ڕووداو: قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان چەندە؟ چەند لەو ئاڵوگۆڕە هەناردەی هەرێم بۆ ئێران لە خۆدەگرێ و پێشبینیتان بۆ ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان لە ساڵی داهاتوودا چییە؟**

**مورتەزا عەبادی:** بەردی بناغەی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی 1991وە دانراوە، لەو کاتەشەوە ڕووی لە گەشەسەندن کردووە. لەسەر ئەو بنەمایەش بازرگانانی هەردوولا لە ساڵانی ڕابردوودا هەم توانای یەکدییان ناسیوە و مامەڵەی بنیاتنەریان لەگەڵ یەکدی هەبووە، هەم ئەزموون و متمانەش لە نێوانیاندا دروست بووە. بەپێی ئەو ئاشنایییەی هەردوو لا لەبارەی یەکدییەوە هەیانە و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لە ساڵی ڕابردوودا گەیشتە چوار ملیار دۆلار، بە دووریشی نازانین ئەمساڵ بگاتە پێنج ملیار دۆلار. هەڵبەت پشکی کەمی هەرێمی کوردستان لە هەناردەی بۆ ئێران یەکێک لە کەموکوڕییەکانی ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییەیە. دەبێ بە چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕییانە سوود لە هەموو تواناکانی

> ئەدەبیاتە ئیکسپایەرەکەی ئەمریکا کاریگەری لەسەر پەیوەندی ئێران و هەرێمی کوردستان نابێ

سنووری ئاشتی و برایەتی نێوانمان وەربگرین.

هەرێمی کوردستان بەپێی هەڵکەوتە جوگرافیاییەکەی دەتوانێ بەشێک لە پێویستییەکانی پارێزگاکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە ڕێگەی وڵاتانی دیکەوە بگرێتە ئەستۆ، لەو حاڵەتەشدا تێچووی هەندێک لە کاڵاکان لەسەر بەکارهێنەر کەم دەبێتەوە و قازانجی لایەنە بەشداری بازرگانییەکەش زیاد دەبێ.

**ڕووداو: ئەمریکا چەند جارێک هۆشداری داوەتە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕابگرن، وەک ئێوە ئاگادارین بەرپرسانی هەرێمی کوردستان گوێیان بەو هۆشدارییانە داوە؟**

**مورتەزا عەبادی:** پەیوەندیی نێوان گەل و بەرپرسانی هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەو سەردەمە سەخت و دژوارە دەگەڕێتەوە کە ئەمریکییەکان لە پشت سەدام بوون و پشتیوان و سەیرکەری ئەنفال و کیمیابارانی خەڵک بوون، ئەو پەیوەندییانە لەسەر بنەمای ڕێزی دوولایەنە و برایەتی و بەرژەوەندیی هاوبەش شکڵی گرتووە. ئەم ئەدەبیاتە ماوە بەسەرچووەی ئەمریکا کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی ئێمە دانانێ. جگە لەوەش بەرپرسانی هەرێمی کوردستان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە "قەبووڵی ناکەن لایەنی سێیەم کاریگەری لەسەر ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دراوسێکان هەبێ". بەداخەوە ئەمریکییەکان هەتا ئێستاش بە هەوای بیرەوەرییەکانی ئەورووپا لەسەردەمی موستەعمەرەکان بیر دەکەنەوە و درکیان بەوە نەکردووە کە ئەو سەردەمە گوزەشت و سەردەمی ئیستیعمار و موستەعمەرات بەسەرچووە.

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان سیاسەتی عێراق جێبەجێ دەکات لە مامەڵەی دەرەکیدا، ئێوە تا ئێستا لە سیاسەتی عێراق ڕازین بەرامبەر ئێران؟**

**مورتەزا عەبادی:** هاوکاریی تایبەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حکومەت و گەلی عێراق لە تەنیشت سوپا و هێزە جەماوەرییەکان و پێشمەرگە لەکاتی شەڕی تاقمی تەکفیری داعش، ڕیزەکانی نێوان هەردوو لایەنی زیاتر لەهەر کاتێکی دیکە بەیەکەوە بەستەوە. ئاساییە کە پەیوەندییەکانی حکومەت و گەلی ئێران لەگەڵ حکومەت و گەلی عێراق لەسەر بنەمای ڕێزی دوولایەنە و لەبەرچاوگرتنی دراوسێیەتی چاک و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بێ، بڕیارەکانی هەردوو لایەنیش هەر لەسەر ئەو بنەمایەن. پەیوەندییەکانی دوو لایەن، لە نێوانیشیاندا پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێم، لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکان پێناسە دەکرێن، کە هەناردەکردنی نەوت بەشێکی بچووکی پێکدەهێنێ.

**ڕووداو: گەمارۆی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، تاوەکو چ ڕادەیەک کاریگەری لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان و ئێران دروستکردووە؟**

**مورتەزا عەبادی:** سزای زاڵمانە و کەڵەگایی ئەمریکا لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەر لەسەرەتاوە هێرشێکی میدیاییشی لەگەڵ بوو، نیگەرانی لای هەندێک لەو بازرگانانە دروستکرد کە ناسینێکی قووڵیان بۆ توانای کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئیدارەکردنی ڕووداوەکاندا نەبوو. لەلایەکی دیکەشەوە ئاستی داوای سەر هەندێک لە کاڵاکان لە لایەن خێزانە ئێرانییەکان بووە هۆی ئەوەی کێشە بۆ هەناردەی هەندێک لە کاڵاکان دروست ببێ، ئەوەش وایکرد هەندێک لە نرخەکان لە هەرێمی کوردستان گۆڕانیان بەسەردا بێ. بەڵام دواجار پاش ماوەیەکی کەم بە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە، ئێستا پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ دراوسێکان ڕەوتی ئاسایی خۆی وەرگرتووە. ئەمریکییەکان تەنانەت سزایان لەسەر هەناردەی دەرمان و گواستنەوەی پارەی هاریکاریی ئێرانییەکانی

> حەوت ساڵە هەوڵدەدەین پارەی ڤیزە لە نێوان عێراق و ئێران نەمێنێ

دەرەوەی وڵات بۆ بەرکەوتووانی لافاوی ئێرانیش دانا، لە هەنگاوی دواتریشیاندا هەوڵیان دا بە شەڕی دەروونی بازرگانەکانی هەردوولا لە مامەڵەکردن لەگەڵ یەکدی سارد بکەنەوە. بەڵام پەیوەستبوونی دوولایەنە و ناسینی هەردوولا بۆ تواناکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان کاریگەری هێرشەکانی کەمکردەوە. بێگومان چۆنایەتی، چەندایەتی، نرخ و ئاسانی بەدەستهێنانی کاڵا ئێرانییەکان لە پاڵ قازانج و زیانەکان لەکاتی کێبڕکێی کاڵا ئێرانییەکان لەگەڵ کاڵاکانی دیکە کەڵکەڵەی مێشکی بازرگانەکانە، شەڕی دەروونی ئەمریکا ناتوانێ پێوەرەکانی پەیوەندیی بازرگانی بگۆڕێ.

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان حەوت دەروازەی فەرمی و نافەرمی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، ئایا هەوڵەکانی بە فەرمیکردنی دەروازە نافەرمییەکان گەیشتووەتە کوێ؟**

**مورتەزا عەبادی:** بوونی حەوت بازاڕچە و دەروازەی سنووریی فەرمی و نافەرمی لە سنوورە هاوبەشەکان سەرمایەیەکی بەهێزە بۆ خەڵکانی سەر سنوور. هەردوو لایەن لە هەوڵدان توانای دەروازەکان و بازاڕچە سنوورییەکان بەرز بکەنەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بەرزکردنەوەی پێگەی بازاڕچەکان یەکێک لەو پرسە گرنگانە بووە کە لەکاتی گەشتەکەی دکتۆر ڕوحانی، سەرۆکی بەڕێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ عێراق جەختی لەسەر کراوەتەوە. دواتریش شاندێک لە

> پێشبینی دەکەین ئەمساڵ 800 هەزار ڤیزە بدەینە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان

بەغداوە بۆ بەسەرکردنەوە و لێکدانەوەی توانای دەروازەکان ڕەوانەی ناوچە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی کران، ئێمە هیوادارین لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەنجامی ئەرێنیمان لە بەسەرکردنەوەی شاندە عێراقییەکە بەدەست بگات.

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان چەندین جار ئامادەیی نیشانداوە، بازاڕچە هاوبەشەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان بکرێنە 24 کاژێری، بەڵام بەڕێزت لە هەڤپەیڤینێکدا دەڵێی: "بەداخەوە نەک هەر پێشوازی لە پێشنیازەکەی هەرێم نەکرا، بەڵکو کۆمەڵێک کاری نامونەزەم لە خاڵە سنوورییەکان وایکرد لایەنی عێراقی ناڕازی بێ و بازرگانانی هەردوولا زۆر زیانیان بەربکەوێت". ئەو کارە نامونەزەمانە چی بوون و کێ لە پشتیانەوە بوو؟**

**مورتەزا عەبادی:** کارگێڕیی لۆکاڵی لە دەروازە فەرمی و نافەرمییەکان یەکێک لە کەموکوڕییەکانە. هەر ئەوەیە کە دەبینین بەڕێوەبەرێک لە سنوور یان شارێکی سنووری بۆ ماوەی دوو هەفتە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە بازاڕچەی کێلێ ڕادەگرێ. یان بەڕێوەبەرێک لە حاجی ئۆمەران بە پێچەوانەی ڕێنمایی وەزارەتی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان، ئەو گەشتیارانەی کە دەیانەوێ بە ئۆتۆمبێلی خۆیان سەردانی ئێران بکەن، ناچار دەکات 250 دۆلار بدەن. ئەوە لەکاتێکدا کە خزمەتگوزاریی کابۆتاژ (واتە بردنی ئۆتۆمبێل) لەدوای وەرگرتنی دەفتەرچەی گەشت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گومرکی هەرێمی کوردستان کە ئەویش تێچووی هەیە، بە یەک لەسەر سێی ئەو پارەیەی سەرەوە لە دیوی سنووری ئێران دەدرێ. سنووردارکردنی ژمارەی ئامرازە عێراقییەکانی گواستنەوەی کاڵا لە حاجی ئۆمەرانەوە بۆ هەولێر یان کەڵکوەرگرتن لە دوو هێڵی چوون و گەڕانەوە لە سنوورەکانی باشماغ و پەروێزخان لە بێنەزمییەکانی دیکەیە. بەهەرحاڵ، هەوڵێکی زۆر بۆ چاککردنی ئەو دۆخە دراوە و ڕاوێژ بە بەرپرسانی هەردوولا کراوە، کۆمەڵێک ڕێککەوتنیش کراوە. پێشبینی دەکەین ئەگەر میدیاکان ڕۆڵی پۆزەتیف بگێڕن، ئەو دۆخە

> ساڵی ڕابردوو قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ئێران و هەرێمی کوردستان چوار ملیار دۆلار بووە

چاک ببێ.

بە داخەوە پشووی ناپێویست و پەیتا پەیتا یان کۆتاییهاتنی زووی چالاکیی بازاڕچەکان لە ڕۆژدا بەهۆی بڕیارەکانی بەڕێوەبەرە لۆکاڵییەکانی ئێمەوەن، بەڵام لە هەوڵداین ئەو نیگەرانییانە (بۆ لایەنی پەیوەندیدار) بگوازینەوە، کۆبوونەوەش لە نێوان بەڕێوەبەران و پارێزگارەکانی پارێزگا سنوورییەکان ڕێکبخەین و پێکەوە ئەو کەموکوڕییانە چارەسەر بکەین.

**ڕووداو: دروستکردنی بازاڕی ئازاد یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی زۆربەی کۆبوونەوەکانی بەرپرسانی هەرێم و کۆماری ئیسلامی بووە، بۆچی هەتا ئێستا هەوڵێک لەمبارەوە نەدراوە؟**

**مورتەزا عەبادی:** نەبوونی پێناسەی هاوبەش بۆ بازاڕی ئازاد، دەستنیشانکردنی شوێن و وردەکارییەکانی و بەربەستی وەک شەڕی داعش و کێشە داراییەکان کۆمەڵێک لەو هۆکارانەن کە ڕێگر بوون لەوەی ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکرێن. کۆماری ئیسلامی زیاتر مەیلی لەوەیە شارۆچکەیەکی پیشەسازیی هاوبەش لە هێڵی سنووری دروست بکات. بەپێی باشتربوونی دۆخی دارایی هەرێم و پێکهێنانی کابینەی نوێ لە داهاتوویەکی نزیکدا، پێدەچێ ئەم بابەتە بخرێتە ناو بەرنامەوە.

**ڕووداو: بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام جەخت لە هاوبەشییە مێژووی و کولتورییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی دەکەن، بەڵام ئەم هاوبەشییانە لە بواری ئابووریدا بەرجەستە نەبووە. هەتا ئێستاش قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا زیاترە لەوەی لەگەڵ ئێران هەیە، هۆکاری ئەمە چییە؟**

**مورتەزا عەبادی:** بایەخدانتان بەو بابەتە جێی ستایشە. شتێکی سروشتییە و دەبێ کاریگەریی هاوبەشییە مێژوویی و کولتوورییەکان لەسەر بوارەکانی دیکە بەرچاو

> ئەوانەی بە ئۆتۆمبێلی خۆیان دەچن بۆ ئێران پارەی زیادیان لێوەردەگیرێ

بێ، هەر بۆیە ئێمە ڕەخنەمان لەو بارودۆخەی ئێستا هەیە، چونکە ئاستی پەیوەندییە ئابوورییەکان بەراورد بە پەیوەندییە قووڵە مێژوویی و کولتوورییەکان هیچ پاساوێک هەڵناگرێ. هەرچەندە پەیوەندییەکانی ئێستامان بەرهەمی هەوڵی بەرپرسانە، بەڵام باشترکردنی ئەو پەیوەندییانە پێویستی بە هەوڵی زیاتری بەرپرسانی هەردوو لایەن هەیە.

دەروازی ئیبراهیم خەلیل تاکە دەروازەی تورکیایە بۆ عێراق، بۆیە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئامانجی بەشی زۆری کاڵا هاوردەکراوەکانی تورکیایە، لە کاتێکدا ئامانجی سەرەکی کاڵا هاوردەکراوەکانی ئێران لە دەروازە هاوبەشەکانەوە، هەرێمی کوردستانە، ئەگەرچی بەشێک لەو کاڵایانە بۆ پارێزگاکانی دراوسێ، وەکو نەینەوا و کەرکووکیش دەنێردرێن. بەشێکی دیکەشی بۆ ئاسانکارییەکان دەگەڕێتەوە کە ئێستا پێیدا تێدەپەڕین.

بەبۆچوونی من کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەرێمی کوردستانی عێراق لەو قۆناغەدا کە خەریکی بازرگانین و بەس، لە پاڵ بەهێزکردنی بازرگانیی دوولایەنە کە هەردووکیان پابەندن بەوەی بەشێک لە پێویستییەکانی یەکدی دابین بکەن، دەبێ فۆکەس بخرێتە سەر وەبەرهێنان و بەرهەمهێنانی هاوبەش، چونکە ئەو ڕەوتە گەشەسەندووەی پەیوەندییە ئابوورییەکان بەرەو ئەو جۆرە هەوڵانە دەچێ، لەو حاڵەتەدا دەتوانین ئومێدەوار بین کە پەیوەندییە ئابوورییەکان هاوشانی پەیوەندیی مێژوویی و کولتوورییەکان بن.

**ڕووداو: بازرگانانی هەرێمی کوردستان هەمیشە گلەیی لە کوالیتی کاڵای ئێرانی دەکەن و دەڵێن ئەوە هۆکارێکی سەرەکی کەمیی بازرگانییە لەگەڵ ئێران بە بەراورد لەگەڵ تورکیا. ئێوە ئەو پەیامەتان گەیاندووەتە کۆمپانیاکانی ئێران؟**

**مورتەزا عەبادی:** وەک لە پرسیاری پێشوودا ئاماژەی بۆ کرا، قەبارەی گەورەی هەناردەی تورکیا (بۆ هەرێمی کوردستان) پەیوەندیی بە هەموو عێراقەوە هەیە. ئاساییە کە شوێنی مەبەستی هەندێک لەو کاڵایانە هەرێمی کوردستانە و بەشێکیشی لە ناوچەکەدا دەمێنێتەوە. ئاڵوگۆڕی بازرگانیی بە قەبارەی چوار ملیار دۆلار شایەتیدەرە لەسەر کواڵیتی و نرخی گونجاوی کاڵا ئێرانییەکان. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕەنگە هەندێک جار کاڵای بێ کواڵیتی لە شوێنێک یان لە ڕێگەی کەناڵێکی وردەوە بازرگانی پێوە نەکرێ، بەڵکو باسەکە ئەوەیە کە بازرگانە سەرەکییەکان و بەرهەمهێنەرەکان بە وردی مامەڵە دەکەن بۆ ئەوەی بازرگانیی بەردەوام بێ، جگە لەوەش پێویستە ناوەندەکانی کۆنترۆڵی هەردوو لایەن ڕێگە لە مامەڵەکردن بە کاڵای کواڵیتیی نزم بگرن.

> هەناردەی نەوت بچووکترین بەشی پەیوەندییەکانمانە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان

> ڕۆژانە 2500 ڤیزە دەدەینە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان

**ڕووداو: هەموو ساڵێک ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان گەشت بۆ ئێران دەکەن. بەم دواییە ئێران ڕایگەیاند کە پارەی ڤیزا لە هاووڵاتیانی هەرێم وەرناگرێ، ئەم بڕیارە چ کاریگەرییەکی لەسەر بەرزبوونەوەی ژمارەی گەشتیاران بۆ ئێران هەبووە؟**

**مورتەزا عەبادی:** هۆکاری سەرەکیی گەشتی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بریتین لە خاڵی هاوبەشی زۆر، شوێنە سروشتییە جوانەکان، میراتی کولتووری، توانا بازرگانی و دەرمانییەکانی ئێران، هەروەها زیندووبوونەوەی یادەوەری لای ئەو خەڵکەی سەردەمانێک وەک پەنابەر لە ئێران دەژیان. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حەوت ساڵی ڕابردوودا هەوڵیدا پارەی گەشت لە نێوان ئێران و کۆماری عێراق لابدات، بەڵام عێراق پێیوابوو بناغە و ژێرخانی پێویست بۆ ئەوە لەبەردەست نییە، بۆیەش مەیلێکی ئەوتۆی نیشان نەدا. بەڵام لەو قۆناغەی ئێستا قایل بوو بەوەی پارەی گەشت لابدات، ئەوەش لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمەوە پێشوازی لێکرا. شایانی باسە ساڵی ڕابردوو لە کۆنسوڵخانەکانی وڵاتەکەم لە هەولێر و سلێمانی نیو ملیۆن ڤیزامان بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان داوە. ئێستا بەهۆی ئەو ئاسانکارییە نوێیەکانەوە، دانی ڤیزە بۆ زیاتر لە 2500 ڤیزا لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە، بۆیەش پێشبینی دەکرێ ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی هەرێم کە ئەمساڵ بۆ ئێران گەشت دەکەن 800 هەزار کەسیش تێپەڕێنێ.

> پێشبینی دەکەین قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ئێران و هەرێمی کوردستان بگاتە 5 ملیار دۆلار

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (556) - دووشەممە 2019/5/27



## ئۆجەلان داوای کۆتاییهێنان بە مانگرتن دەکات

**ڕووداو- ئیستەنبووڵ**

لە ئیستانبووڵ کۆنفرانسی ڕۆژنامەڤانیی پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان بەڕێوەچوو. لە کۆنفرانسەکەدا پەیامی ئۆجەلان خوێندرایەوە کە تێیدا داوای کۆتاییهێنان بە مانگرتن دەکات. پارێزەرانی ئۆجەلان ڕایانگەیاند: "بەڕێز ئۆجەلان سوپاسی مانگرتووانی کردووە و هەڵوێستەکانیانی بە گرنگ زانیوە و داوادەکات مانگرتووان کۆتایی بە مانگرتن بێنن". ئۆجەلان لە پەیامەکەیدا دەڵێت "سەرەتا بۆ ئەو هاوڕێیانەی مان و ڕۆژووی مردنیان گرتووە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەیامەی کە لەلایەن دوو لە پارێزەرەکانمەوە ئاشکرا دەکرێت، چاوەڕێدەکەم یەکسەر کۆتایی بە چالاکییەکەتان بهێنن، بە ئاسوودەیی دەڵێم ئەو ئامانجەی لەبارەی منەوە هەتانبوو بەدیهاتووە و ڕێز و خۆشەویستی خۆمتان پێشکەش دەکەم.

## 16 منداڵی دایک ئێزدی و باوک داعش لە دهۆکن

# ئەو منداڵانەی ئێزدییەکان قبوڵیان ناکەنەوە دەبردرێن بۆ ئەورووپا



هەندێک لەو ئافرەتە ئێزدییانەی منداڵیان لە چەکداری داعش بووە، نایانەوێ دەستبەرداری منداڵەکانیان ببن (فۆتۆ: AFP)

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

دایک و باوکی ماریا بە تاسەوە چاوەڕێی ڕزگاربوونی کچەکەیان دەکرد، بە بینینەوەی ماریا گەشانەوە، بەڵام کاتێک زانییان منداڵێکی هەیە، نێوچەوانیان گرژ بوو.

ماریا زۆر لەبەر باوکی پاڕایەوە کە لە هەستی دایکایەتی ئەو تێبگات، بەڵام باوکی بڕیاری دا منداڵەکە بدرێتە دەست ماڵی بابەشێخ، ئەوانیش ناردیان بۆ خانەی بێسەرپەرشتان لە دهۆک.

دوای ئەوەی داعش لە ئابی 2014 پەلاماری شنگالی دا و بە هەزاران ئافرەتی ڕفاند و دواتریش لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتندا وەکو کۆیلەی سێکس مامەڵەی لەگەڵ کردن، ئیدی باس و خواسی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتە ڕفێندراوەکان لە نێو کۆمەڵگەی ئێزدی گەرم بوو.

بۆ ئەو پرسە ئێزدییەکان پەنایان بۆ ئەنجوومەنی باڵای ڕووحانیی ئێزدی برد کە گەورەترین ئەنجوومەنی ئاینیی ئێزدییەکانە. ئەنجوومەنەکە بڕیاری دا ئەو ئافرەتانە قبوڵ بکرێنەوە کە داعش ڕفاندوونی، تەنانەت ئەگەر دەستدرێژیشیان کرابێتە سەر، بەڵام هیچ منداڵێک وەرناگرنەوە کە بەرهەمی دەستدرێژی بێت بۆ سەر ئافرەتانی ئێزدی. ئەنجوومەنی ڕووحانی بڕیارەکەی لەسەر ئەو بنەمایە داوە کە لە ئاینی ئێزدیدا بە کەسێک دەگوترێ ئێزدی لە دایک و باوکێکی ئێزدی لەدایک بووبێ.

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، ئێستا 16 منداڵ لە خانەی بێسەرپەرشتانی دهۆکن کە کۆمەڵگەی ئێزدی قبوڵیان ناکەنەوە، چونکە باوکیان ئێزدی نین و چەکداری داعش بوونە.

هەندێک لەو ئافرەتە ئێزدیانەی منداڵیان لە

> **ناکرێت منداڵێک قبوڵ بکرێتەوە کە باوکەکەی دەستی سوور بووە بە خوێنی ئێزدییەکان**
> چالاکڤانێکی ئێزدی

> **350 منداڵی لەو جۆرە هەن کە لە باوکێکی داعش و دایکێکی ئێزدی لەدایک بوون**

چەکدارانی داعش هەیە، نایانەوێ دەستبەرداری منداڵەکانیان ببن، بۆیە لە تێکەڵبوونەوە بە کۆمەڵگەی ئێزدی خۆیان بەدوور دەگرن.

### نەیویست منداڵی داعش بەخێو بکات

(ی.م) کاتێک لە ئابی 2014 کەوتە دەست چەکدارانی داعش تەمەنی 11 ساڵان بوو، لەگەڵ دایکی و سێ خوشکی و دوو برا و باوکی پێکەوە گیران، دوو براکەی و باوکی هەر لەنێو شنگالدا کوژران، سێ خوشکەکەشی لەو جیاکرانەوە. ئەو ساڵێک لەگەڵ دایکی بوو، دواتر چەکدارێکی داعش لەگەڵ خۆی بردی بۆ مووسڵ.

(ی) شەش مانگ لەو ماڵەدا مایەوە، چەکدارەکە کە ناوی ئەبوو ئوسامە بووە، دەستدرێژی کردبووە سەری، پاشان بەهۆی بۆردومانەوە کوژرا.

(ی.م) کە لە بارەگای ڕێکخراوێکی ئافرەتان دانیشتبوو، چیرۆکی خۆی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی کەسوکاری ئەبوو ئوسامە دوای کوژرانی کوڕەکەیان پەیوەندییان بە داعشەوە کردبوو بۆئەوەی چارەنووسی ئەم یەکلایی بکەنەوە. (ی.م) دەڵێت لە دوای ئەبوو ئوسامە، نۆ جار کڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە. دوایین جار خۆی لەلای ئەبوو موهەنەد بینیوەتەوە لە ڕەققە، (ی) لە ئەبوو موهەنەد دووگیان بووە، بەڵام بەرلەوەی منداڵەکەی ببێ، ئەبوو موهەند دەکوژرێ و (ی) ڕزگاری دەبێ.

(ی) کە گەیشتەوە لای کەسوکارەکەی، یەکەمجار لەلای ئامۆژنی باسی کرد کە دووگیانە. ئەو ویستبووی منداڵەکە لەبار ببات، بەڵام ئامۆژنی ڕازی نەبووبوو. پاشان مامیشی بە مەسەلەکەی زانی و هۆشداری دایە (ی) کە بەهیچ شێوەیەک نابێ ئەو منداڵە بەخێو بکات. بۆیە کە منداڵەکە لەدایکبوو، یەکسەر تەسلیمی خانەی بێسەرپەرشتان کرا لە دهۆک.

(ی) پەشیمان نییە لەوەی دەستبەرداری منداڵەکەی بووە و دەڵێ: "چۆن ئەو منداڵە بەخێو بکەم؟.. نامەوێ جارێکی دیکە بیبینمەوە".

### دەستبەرداری منداڵەکانی نابێ

ساهیرە بە پێچەوانەی (ی) ئامادە نییە دەستبەرداری دوو منداڵەکەی ببێ کە یەکێکیان هێشتا لەدایکیش نەبووە. ساهیرە کە ناوەکەی خوازراوە، دەڵێت: "منداڵێکی دوو ساڵیم لە چەکدارێکی داعش هەیە، منداڵەکەی ناو سکیشم تەمەنی 7 مانگە". ئەو دەڵێت منداڵەکانی تاوانیان نییە و جەرگی ئەون، بۆیە ناتوانێ دەستبەرداریان ببێ "تەنیا مەرگ دەتوانێ من لەوان جیابکاتەوە".

ساهیرە ئێستا لە کەمپی هۆلە لە حەسەکە، لە ترسی کاردانەوەی ئێزدییەکان و بڕیارەکەی ئەنجوومەنی باڵای ڕووحانی ئێزدی، ناوێرێ بگەڕێتەوە نێو کەسوکارەکەی.

### نەیتوانی منداڵەکەی جێبهێڵێ

قاچاخچییەک کە بەدرێژایی پێنج ساڵی ڕابردوو ڕفێنراوانی ئێزدی دەرباز کردووە، باسی یەکێک لەو ژنانە دەکات کە ڕزگاری کردووە و منداڵی لە چەکدارێکی داعش هەبووە.

بە گوتەی ئەو قاچاخچییە، ماریا کە تەمەنی 17 ساڵ بووە، شەش مانگ لەمەوبەر پەیوەندی پێوە کردووە بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات. ئەویش شوێنێکی بۆ دەستنیشان کردووە. دواتر لەگەڵ دایک و باوکی ژنەکە چوون بۆ ئەو شوێنە.

قاچاخچییەکە دەڵێت: "بەرلەوەی ژنەکە ببینین تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: منداڵێکم هەیە، منیش

> **توندڕەوانی ئێزدی هانی ئەنجوومەنی ڕوحانیان دا کە ئەو بڕیارە بدات**
> سەرۆکی ڕێکخراوێک

> **هەندێک لەو ژنە ئێزدییانەی منداڵیان لە داعش هەیە ناگەڕێنەوە نێو کەسوکاریان**

پێمگوت کەسوکارەکەت ڕازی نابن منداڵەکە لەگەڵ خۆت بهێنیتەوە، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی منداڵەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ".

قاچاخچییەکە و دایک و باوکی ژنەکە چوون بۆ ئەو ناونیشانەی لەنێوانیاندا بوو. قاچاخچییەکە دەڵێت: " لەوێ لەنێو ئۆتۆمبێلێک چاوەڕێی ئێمەی دەکرد، دوای ئەوەی دایک و باوکی بینی باوەشی لێدان و تێر ماچی کردن، بە باوکی گوت منداڵەکەم لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیە لەگەڵ خۆم دەیهێنم، بەڵام باوکی ڕازی نەبوو. پاشان چوو خواحافیزی لە منداڵەکەی بکات، توند لە باوەشی گرت و گریا و هاواری کرد، توخوا باوکە بهێڵە لەگەڵ خۆمی بهێنم".

باوکی دڵی نەرم بوو، بەڵام بە مەرجی ئەوەی منداڵەکە تەسلیمی ماڵی بابە شێخ بکەن، ماڵی بابەشێخیش منداڵەکەیان برد بۆ خانەی بێسەرپەرشتان، ئێستا باوکی ماریا ڕازی بووە کچەکەی ناو بەناو بچێ سەر لە منداڵەکەی بدات.

وردەکاریی چیرۆکی بەشێک لەو ژنانەی منداڵیان لە چەکدارانی داعش هەیە، لەلای چیمەن ئامێدییە کە بەرپرسی ڕێکخراوی ژیندایە بۆ داکۆکی لە قوربانیانی شەڕ. ئەو دەڵێت: "چیرۆکەکان هەموویان بە ئازارن، بەڵام هی ئەوانەی منداڵیان لە چەکداری داعش هەیە، ئازاری زۆرترە".

ئەو بەسەرهاتی یەکێکیان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ڕۆژێکیان ئافرەتێک و پیاوێک هاتنە ڕێکخراوەکەمان منداڵێکیان هێنا، منداڵەکە تەمەنی 10 ڕۆژ بوو، باوکی چەکداری داعش بووە. ژنەکە پارچە پەڕۆیەکی لەسەری منداڵەکە ئاڵاندبوو، کاتێک منداڵەکەی تەسلیمی ئێمە کرد، پارچە پەڕۆیەکەی گێڕایەوە، پاشان پارچە پەڕۆیەکەی بۆن کرد و گریا. کەسمان نەمانتوانی بەرگەی ئەو دیمەنە بگرین و هەموومان گریاین".

بە گوتەی چیمەن، هەندێک لەو ئافرەتانە زۆر بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو منداڵانە دەبن کە لە چەکدارانی داعشن، بە تایبەتی ئەوانەی تەمەنیان

> **دوو خانەی بێسەرپەرشتان لە خانکێ و باعەدرێ 300 منداڵیان تێدایە کە کەسوکاریان لەلایەن داعشەوە ڕفێنراون**

لە 20 ساڵ کەمترە. هەندێکیشیان لەبەر ئەوەی نایانەوێ دەستبەرداری منداڵەکانیان بن، دوای نەمانی داعشیش نەگەڕاونەتەوە نێو کەسوکاریان. هەندێک لەوانەشی دەستبەرداری منداڵەکانیان بوون، ئێستا پەشیمانن و حەز دەکەن منداڵەکان بگەڕێننەوە لای خۆیان.

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) 350 منداڵی لەو جۆرە هەن کە لە باوکێکی داعش و دایکێکی ئێزدی لەدایک بوون. بەشێک لەوانە دایکەکانیان وازیان لێهێناون، خەڵک بەخێویان دەکات یان لە خانەکانی بێسەرپەرشتانن. بەشێکیان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە براونەتە دەرەوە، هەندێکیشیان لەگەڵ دایکیانن لە سووریا و عێراق و تورکیا، دایکەکانیان چاوەڕێن ئەنجوومەنی باڵای ڕووحانی ئێزدی بڕیارێکی نوێ لە بارەی چارەنووسیان بدات، بۆ ئەوەی بتوانن بە منداڵەوە بگەڕێنەوە.

### 300 منداڵی بێ دایک و باوک

لە دهۆک سێ خانەی بێسەرپەرشتان هەن کە دوویان لە کۆمەڵگەی خانکێ و باعەدرێن، ئەو دوو خانەیە کە 300 منداڵیان تێدایە و سەرجەمیان ئێزدین، لەلایەن ڕێکخراوە بیانییەکان و سەرمایەدارانی ئێزدی کۆمەک دەکرێن. منداڵانی نێو خانەکە کەسوکاریان لەلایەن داعشەوە ڕفێنراوە، هەندێکیان باوک، هەندێکیان دایک، هەندێکیشیان دایک و باوکیان لە ژیاندا نەماون. خانەی بێسەرپەرشتانی دهۆک کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییە، 250 منداڵی تێدایە. شێرزاد هروری، بەڕێوەبەری ئەو خانەیە بە (ڕووداو) گوت: "لەدوای شەڕی داعشەوە منداڵانی بێسەرپەشت لە خانەکەمان زیاد بوون، ئێستا 16 لەو منداڵانەی لە خانەکەمانن دایکیان ئێزدییە و باوکیان چەکداری داعش بووە".

گەورەترین گرفتی ئەو منداڵانە ناسنامەیە، چونکە باوکیان دیار نییە، جگە لەوەش کۆمەڵگەی ئێزدی حاشایان لێدەکەن. هروری دەڵێت: "ئێمە کەیسی ئەو منداڵانە ڕەوانەی دادگا دەکەین، کە ئاشکرا بوو باوکی دیار نییە، ناوەکەی دەدەین بە فەرمانگەی باری کەسی بۆ ئەوەی ناسنامەیان بۆ دەربێنن، لەوێ ناوێکی وەهمی بۆ دایک و باوکیان دادەنێن و ناسنامەیان دەدەنێ".

### منداڵە بێ باوکەکان دەبرێنە ئەورووپا

قسەی کەسایەتییەکی ئێزدی لە سوێد بۆ میدیاکانی ئەو وڵاتە، لەبارەی ئەو منداڵە ئێزدیانەی باوکیان داعشە، چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤی تووڕە کرد. ئەو گوتبووی: "ناکرێت منداڵی پیاوێک قبوڵ بکرێت کە دەستی بە خوێنی دەیان مرۆڤی ئێزدی

> **منداڵەکەم لە کوردستان لە دایک بوو، بەڵام نەیانهێشت بەخێوی بکەم**
> ئافرەتێکی ئێزدی

سوورە".

ئەمە بەشێک لە چالاکڤانانی کورد و سوێدی هان دا، وێڕای سازدانی هەڵمەتێک دژ بەو بیرە، کار لەسەر پرۆژەیەک بۆ بردنی ئەو منداڵانە بۆ ئەورووپا و بە پلەی یەکەم بۆ سوێد بکەن، بەمەبەستی ڕزگارکردنیان.

سومەیە کە چالاکڤانێکی کوردە لە سوێد و خاوەنی بیرۆکەی پرۆژەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "سوێد و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەورووپی ئامادەییەکی جدییان هەیە بۆ لەخۆگرتنی ئەو منداڵانە و ئێستا کار لەسەر کەیسی 16 منداڵ دەکەن". گوتیشی: "لە داهاتوویەکی نزیکدا بنکەیەکی نیمچە نهێنی بۆ بەدواداچوونی ئەو کەیسە لە باشووری کوردستان دەکەینەوە".

سومەییە دژی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ڕووحانی ئێزدییە و دەڵێت: "بەڕاستی سەیرە بەلامەوە، لەوپەڕی چەپ بۆ ئەوپەڕی ناوەندەکانی بڕیاری کۆمەڵگەی ئێزدی، هەموو کۆکن لەسەر دژایەتیکردنی ئەو منداڵانە کە لە بنەڕەتدا قوربانیی دەستی جەنگن".

سومەییە پێیوایە، ئەنجوومەنەکە لە ژێر گوشاردا ئەو بڕیارەی داوە: "سەرەتا ئیرادەیەکی باش لەنێو پیران و خودی جڤات بۆ لەخۆگرتنی ئەو منداڵانە هەبوو، بەڵام جوڵانەوەیەکی توندڕەوی بیرتەسک لە نێو ئێزدییەکان هەیە کە بە دەربڕینی هەڵوێست و ڕەفتاری دیکە هەڕەشەیان لە جڤات کردووە و ناچاریان کردووە ئەو بڕیارە بدات".

سومەییە دەڵێت ئاگاداری کەیسی هەندێک لەو ژنانەیە کە نایانەوێ دەستبەرداری منداڵەکانیان ببن و دەڵێت: "ژیانی منداڵەکان تا ڕادەی لەنێوبردن لە مەترسیدایە، هەڕەشە لەو ژنانەش کراوە کە ئامادە نین تەسلیم بەو بڕیارە ببن، بۆیە بەشێکیان تەنانەت کە ڕزگاریان بووە، خۆیان شاردووەتەوە و داوایان کردووە تەسلیم بە خێزانەکانیان نەکرێنەوە".

لەبەر ڕەوشی ئەمنیی کەیسەکان و پلانی داهاتووی پرۆژەکە ئەو نەیتوانی زانیاری زیاتر بدات، بەڵام (ڕووداو) زانیویەتی ئەوان کار لەسەر 26 کەیس دەکەن.

### کرۆکی کێشەکە

یاسای باری کەسێتی عێراقی، پابەندبوونی منداڵی بە پاشخانی ئاینیی باوکەوە گرێداوە و کردوویەتی بە نەریت. ئەمەش پاساوی داوەتە ئێزدییەکان کە ئەو منداڵانە قبوڵ نەکەنەوە، چونکە بەپێی یاسا منداڵەکە بە موسوڵمان تۆمار دەکرێ.

بەیان سەدرەدین کە یاساناسە، دەڵێت: "یاساکانی عێراق، وابەستەبوونی منداڵیان بە ئاینی باوانیان کردووەتە ئیجباری و ڕێگەیەکیشی بۆ گۆڕینی ئاین نەهێشتووەتەوە".

وسام جەوهەر کە چالاکڤانێکی ئێزدییە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ میدیایەکی سوێدی دەڵێت: "ناکرێت منداڵێک لە کۆمەڵگەدا جێ بکرێتەوە کە دەیان کەس لەلایەن باوکی ئەو منداڵەوە کوژراون و سەربڕدراون".

وسام پشتگیری بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ڕووحانی دەکات و دەڵێت: "کۆمەڵگەی ئێزدی توانای لەخۆگرتنی ئەو منداڵانەی نییە. چونکە خۆی کۆمەڵگەیەکی بریندارە". بەڵام پشتگیریی پرۆژەکەی سومەییەش دەکات و دەڵێت "باشترە ئەو منداڵانە لە کۆمەڵگەی ئێزدی دوور بخرێنەوە و لە وڵاتێکی ئەورووپا شوێنێکیان بۆ بکرێتەوە".

### سوێد ترسی هەیە

جگە لە کەسایەتی خۆبەخش و چالاکڤانان، حکومەتی سوێد و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەورووپا و هەندێک دامەزراوە و ئاژانسی گەورەی ئەورووپی لەسەر هێڵن بۆ پشتگیری لە پرۆژەکەی سومەییە، بەڵام ترسیشیان هەیە.

پاڵپشتی سوێد لە پرۆژەیەکی لەم شێوەیە لە کاتێکدایە کە خۆی کێشەی دیکەی هەیە و ئێستا دەستی بە بردنەوەی منداڵانی چەکدارە داعشەکان کردووە و ئەندامانیشیان وەردەگرێتەوە. دوو هەفتە لەمەوبەر حەوت منداڵی وەرگرتەوە و لە ڕێگەی نەنک و باپیرانەوە بردیاننەوە سوێد، ئەوان ئێستا لەژێر چاودێریی پرۆسەی شیاندن و پەروەردەکردنەوەدان.

لەگەڵ ئەوەی لەلایەن هەندێک لە کۆمۆنەکان بڕیاری ئەوە دراوە هاوکاری پێشکەشی ئەو کەسانە نەکرێت کە داعش بوون و گەڕاونەتەوە، هەروەها پۆلیسیش ترسی لێیان هەیە و چاودێرییان دەکات، بەڵام بەپێی ئەو ئامارانەی لای (ڕووداو) هەیە، تا ئێستا زیاتر لە 150 کەس گەیشتوونەتەوە سوێد. لەدوای گەڕانەوەشیان وازیان لە کاری توندوتیژی نەهێناوە.

بەپێی ئامارەکان لەو 150 کەسەی گەڕاونەتەوە، 45 کەسیان تاوانی وەک کوشتن، دزی و فێڵکردنیان کردووە.

ڕووداو
ژمارە ( 556 ) – دووشەممە 2019/5/27

کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# خۆزگە ماڵە داعشەکەی بەعاج لە شنگال دراوسێمان بوونایە



چیرۆکی بیستەم

نەوزاد مەحموود
ڕووداو – دهۆک

وای دابنێ خودا دەسەڵاتی ئەوە دەدات بە ئەمیرە، ژیان بۆ دواوە بگێڕێتەوە، ئەو شتەکان چۆن ڕێکدەخاتەوە؟ دەنگی بەرزی گریانی منداڵێک کە پێدەچێت بیەوێ دایکی دەستە کەفاوییەکانی لە نێو تەشتی پڕ جلوبەرگ دەربهێنێ و دڵی ئەو بداتەوە، لێناگەڕێ ئەمیرە بە ئارامی بیر بکاتەوە بۆ بژارە نایاب و لە پێشینەکانی لە کاتی دووبارە بنیاتنانەوەی ژیاندا "هیوام دەخواست ماڵە داعشەکەی بەعاج لە شنگال ببوونایە دراوسێم!".. ئایا تۆ لەژێر باری چاکەیەکی هێندە گەورەدایت؟.. "دواتر دەزانی بۆ وا دەڵێم".. ڕازی دەبم بەوەی ڕێگا بدەم چیرۆکەکە بە کاوەخۆ تێمبگەیێنێ کە ئایا داعشی میهرەبان و دڵکراوە و مرۆڤدۆستیش هەن.

## دانیشتووانی ریسالە تەنیا بەناو لایەنگری داعش بوون

دایکی ئەمیرە، دەڵێ کاتێک دێیتە نێو کامپەکەمانەوە، دەبینی هەموو ماڵەکان لەیەک دەچن، وایە؟ ئەوە ڕاستە "بەڵام بزانە، لە ژێر هەر خێمەیەکدا و لە هەر ماڵێکدا چیرۆکێک هەیە لەوی دیکە ناچێ. هەموو بەدەستی داعشەوە بوون، کەچی بەسەرهاتی هەر یەکێک لەوەی دیکە جیاوازە. گوێم لە مەینەتیی زۆر کەس بووە لێرە، بۆیە من وا دەزانم لە نێو داعشدا کەمترین زەحمەتم بینیوە".

ئێرە یەکێکە لەو خێوەتە دەگمەنانەی، نائومێدی و ناسۆری زۆری تێدا نابینم. ڕوخسارەکانیش ڕووشان و جێدەستی زبری ڕۆژگاریان پێوە دیار نییە. تەواوی خێزانەکە پێکەوە دانیشتوون و عەسرە چایەک کۆی کردوونەتەوە: "تەلەفۆنەکەی خالد، خێر و خۆشی بەدواوە بوو، کاتێک ئەوم بە کەیفخۆشی بینی لەگەڵ مەڕەکان دەهاتەوە، زانیم ژیانی ئێمە دەگۆڕێ، ئەلحەمدولیللا هەر واشبوو". باوکی ئەمیرە کە بەشێکی سمێڵی لەنێو پیاڵە چایەکەی دەستیدا تەڕ بووە و بەدەستی ڕایدەماڵێ، وادەڵێ.

لە گوندی وەردێ لە ناوچەی شاریعیەی نزیک شنگال، ئەوان ژیانێکی زۆر سادەیان هەبوو، خۆیان قەتاعەتیان بەو ژیانە هەبوو، بەڵام ئەو ڕۆژەی داعش دەگاتە دەوروبەری گوندەکە، ئەمیرە زۆر بەلایەوە سەیر بووە کە چۆن ئەو خەڵکە بەو ئاسانییە دەکەوتنە دەستیان و ئاڵای سپییان بەرز دەکردەوە "گوێم لێبوو خێزانەکەم بانگیان دەکردم و دەیانگوت ڕاکە، خێزانەکەم و ماڵی مام و پوورزاکانم ڕاماندەکرد بەرەو چیای شنگال. لە گوندەکەی خۆمان دەرچووین و خۆمان بەدەستەوە نەدا". چەند ڕۆژێک دواتر ئەمیرە، بە وردی ئەوەی لە مێشکی خۆیدا لێکدەدایەوە، بۆچی ئەو خەڵکە هەموو بەجارێک دەیانویست خۆیان بگەیێننە چیاکە!

### چیای شنگال
### دەشتەکییەکانی گۆڕی

**ڕووداو: کێ بە خەڵکی دەگوت بچنە چیا؟**
**ئەمیرە:** هیچ کەسێک ئەوەی بەکەس نەگوتبوو. خەڵک هەر لە خۆیانەوە ئەوێیان هەڵبژارد.
**ڕووداو: هەر ئەوەندە؟**
**ئەمیرە:** پێشتر ئێمەی ئێزدی لەنێو خۆماندا زۆر باسی عەرەبی دەشتەکیمان دەکرد و دەمانگوت جیاوازیی ئێمە و ئەوان چیایە. ئەوانەی لەو ناوە ببوونە داعش، عەرەبی دەشتەکی بوون و پێمانوابوو دەشتەکییەکان ناتوانن بە چیادا هەڵبگەڕێن و هیچیان پێناکرێت. هەر ئەو تێگەیشتنە بوو وای لە خەڵک کرد پەنا بۆ چیا ببەن.
**ڕووداو: بەڵام پێشبینییەکان وا دەرنەچوون؟**
**ئەمیرە:** داعش نەیانتوانی بەو هەموو هێزەی هەیانبوو بچنە سەر چیاکە، بەڵام چیای شنگال بڕێک ئەوانی گۆڕی و خۆیان لەگەڵ شەڕکردن لەگەڵ چیا و گەمارۆدانی ڕاهێنا.

تێگەیشتنی ئەوان لەو کاتەدا بۆ داعش ئەوە بوو، خەڵکانێکی پیس و پۆخڵ و دەشتەکی و دڵڕەق و پیاوکوژن و شارەزای چیا نین، بەڵام ئەمیرە دەڵێت: "پێش ئەوەی بگەینە دامێنی چیاکە، گەیشتنەوە پێمان و دەستگیریان کردین".

ئەوان، تۆقیوانە لەنێو ئۆتۆمبیلە سەرداپۆشراوەکەدا بە درێژایی ئەو دوو سەعاتەی ڕێگاکە، گریمانەی جۆراوجۆریان بۆ چارەنووسی خۆیان دەکرد "هەبوون دەیانگوت ئێمە دەبەن وەک ئەنفالکراوەکان لە نزیک چاڵەکان داماندەنێن و گوللەبارانمان دەکەن. هەشبوون وایان لێکدەدایەوە کە دەمانبەن لە شوێنێک ئازادمان دەکەن، بەڵام پیاوەکانمان دەکەنە چەکدار".

ئۆتۆمبیلەکان وەستان و گەیشتینە گوندێک بوو، گوتیان ئێرە گوندی ریسالەیە، ئێمەیان لە نێو ماڵێک دانا".

هێشتا چەند کاژێرێک بەسەر گەیشتنیاندا تێنەپەڕیبوو، چەند پیاوێکی ئاواییەکە هاتن و لەگەڵ پیاوەکانیان دانیشتن. دواتر چەند ژنێکی گوندەکەش هەروا هاتن بۆ لای ژنەکان: "پێیانگوتین کە پێویستە وەک مسوڵمانێکی باش، خۆمان فێری هەڵسوکەوتی مسوڵمانانە بکەین. داوایان لێکردین، ڕۆژانە گوێیان لێبگرین بۆ ئەوەی فێری نوێژکردن ببین، بە چاوێکی سووک سەیریان نەکردین، بەڵام بە تەواویش ئەو هەستەیان بۆ دروستنەکردین کە ئازاد و خاوەن ماڵین".

## ڕووداو: لەنێو داعشدا زۆر باشمان دیتووە

### ریسالە.. داعشێکی نەرمونیان

قەزای بەعاج یەکێکە لە گرنگترین ناوچە کارگێڕییەکانی پارێزگای نەینەوا. لە خۆرئاواوە هاوسنوورە لەگەڵ سووریا و لە باشووریشەوە هاوسنوورە لەگەڵ ناوچەی بیابانیی باکووری ئەنبار کە بە فوراتی باڵا ناسراوە. ئەو ناوچە سنوورییەی نێوان عێراق و سووریا، وەک گۆڕەپانی شەترەنج وایە کە بووەتە شوێنی ململانێی هێزە یاریکەرەکان بە مەبەستی سەپاندنی دەسەڵاتیان. قەزای بەعاج دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شنگال، دوایین شوێن بوو لە سنووری پارێزگای نەینەوا کە لە 2017/6/4 لە دەستی داعش دەرهێنرا، بەڵام تەنیا سەنتەری قەزاکە بە تەواوی ڕزگار کرا، جزیرەی نێوان بەعاج و ڕومادی هێشتا شوێنی تەراتێنی چەکدارانی داعشە. تەنانەت گومان دەکرێ ئەبوبەکر بەغدادی کە لە حوزەیرانی 2014 خۆی بە "خەلیفە"ی دەوڵەتی ئیسلامی ناساند، ماوەیەک لەو ناوچەیە خۆی حەشاردابێ. ریسالە، چەند کیلۆمەترێک لە بەعاجەوە دوورە.

## لە ریسالە کڕین و فرۆشتنی کەنیزەک نەبوو

تاوەکو ڕزگار نەبوون و کچان و ژنانی ڕفێنراوی دیکەی ئێزدی نەبینی، ئەمیرە نەیدەزانی (ریسالە) چ باوەشێکی ئارام بووە بۆ ئەوان. ریسالە زۆر شت جیای دەکردەوە لە ناوچەکانی دیکە، دانیشتووانەکەی هەموو کەسوکاری یەک بوون و چەکداری بیانی داعشیان لەنێودا نەبوو "هەموو پیاوەکانیان چەکداری داعش بوون، بەڵام دەستبەرداری نەریتە عەشایەرییەکانی خۆشیان نەبووبوون و چاوپۆشییان لە خەڵکی ئاواییەکەی خۆیان دەکرد لە کاتی جگەرەکێشان و سەرپێچی لە یاسا و ڕێساکانی خەلافەت.. کڕین و فرۆشتنی کەنیزەک لای ئەوان نەبوو".

لەماوەی ئەو حەوت مانگەی ئەمیرە و خێزانەکەی لەو گوندە بوون، نەیبینیوە و نەیبیستووە لەو گوندەدا کڕین و فرۆشتن بە کچێک یان ژنێکەوە بکرێت، هەر ئەوەش وای لێکردووە بڵێ "واتێدەگەم تەنیا ئێمە ئێزدی بووین لەو گوندەدا".

لە سەرەتاوە هەندێک کەسی نێو گوندەکە دەیانویست ڕەوشی ئارامی ژیانی ئەوان بشێوێنن، دەیانگوت دەیانبەنە سووریا، ئەگەر ئەوەشمان نەکرد، دەتانبەینە بارەگا سەربازییەکان لە بەرەکانی شەڕ "بەڵام هەر قسە بوون و ئەوەیان نەکرد".

ئەمیرە لەگەڵ هاوژینەکەی خۆی پێکەوە لە گوندەکە ڕۆژانە دەپاڕانەوە، کەسێک بەلایان بۆ نەسازێنێ و لێیان نەشێوێ. "ڕۆژێک یەکێک لە چەکدارەکانی ریسالە بە باپیرمی گوت سمێڵمان تەواو پێچەوانەیە. ئێمە سمێڵمان کورت دەکەینەوە و ڕیش درێژ دەکەین، بەڵام ئێوە ڕیش کورت دەکەنەوە و سمێڵ گەورە دەکەن، ئەم سمێڵەتان بۆ چییە؟".

لە ڕێگای گفتوگۆی لابەلای خەڵکی نێو ئاواییەکەوە، ئەمیرە بیستبووی لە ناوچەکانی دیکە چ ئاگرێک کچ و ژنانی ئێزدی دەسووتێنێ. هەروا بیستبووی کە دەبێت سوپاسی خودا بکات لەسەر ئەوەی بە تەنیشت هاوژینەکەیەوە دەژی و نەکراوەتە کۆیلەی سێکس.

### داعش لە ریسالە ڕازی نەبوو

"بەڕاستی هەستم بە مسوڵمانێتی و ڕاستگۆییان دەکرد بۆ ئاینەکەیان، هەرچەندە چەکداری داعش بوون". پەیوەستبوونی دوولایەنەی خەڵکی گوندەکە، هەم بۆ داعش و هەم بۆ هێشتنەوەی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان، دەنگوباسی چاوپۆشی و ساردوسڕی لە جێبەجێکردنی فرمانەکانی داعش، گەیشتبووەوە بە والی و ئەمیرەکانی داعش، بۆیە ئەوان لە ریسالە ڕازی نەبوون و دەشیانزانی ئاسان نییە لەو کاتەدا کە لەگەڵ پێشمەرگە و سوپای عێراق و سووریاش لەشەڕدان، لەگەڵ خەڵکی ئەوێش تێکیبدەن.

کەسێک لەنێو گوندەکەدا ناوی (ئەبوو حەمزە) بووە، ئەو دەمڕاست و دڵسۆزی داعش بوو. باسی ئەوە دەکرا ئەگەر ئەبوو حەمزە لەبەر شێخی گوندەکە نەبووایە، دەیویست وەک داعشەکانی ڕەققە و موسڵ و بەعاج ڕەفتاریان لەگەڵ بکات.

عەبدال، بەسەرهاتی کچێکی ئێزدی دەگێڕێتەوە و دەڵێ، ئەو کچە دوای ئەوەی چەند جارێک دەستاودەستی پێدەکرێت لەنێوان چەکدارانی داعشدا، ڕۆژێک دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوێت و هەڵدێت لەدەست ئەو چەکدارەی کە دوای دارکاری، ئاوی گەرمیشی بە لەشیدا کردبوو. هەرچۆن بێت کچەکە خۆی دەداتە دەست ڕێگایەکی نادیار و دوای ماوەیەکی زۆر لە ریسالە خۆی دەبینێتەوە: "دەچێتە ماڵی شێخەکە و دەڵێ لەدەست داعش هەڵاتووم و داوا دەکات پەنای بدەن. شێخەکە هەرچەندە دڵنیای دەکاتەوە کە پارێزراو دەبێت، بەڵام دواتر دەیدەنە دەست چەکدارێکی داعشی دەرەوەی گوندەکە و ئەویش دەیبات بۆ سووریا".

### دراوسێیەکی باش

لە یادەوەریی ئەمیرەدا، داعشی لە بیرنەکراویش هەن کە هێشتا سوپاسگوزارە بەرامبەریان "خۆزگەم دەخواست ئەوانە لە شنگال دراوسێم بوونایە، بەڕاستی چاکە و میهرەبانی ئەوان لەبیرناکرێت".

**ڕووداو: ئەوانە لایەنگری داعشیش بوون؟**
**ئەمیرە:** بەڵێ. بەڵام زۆر باش بوون لەگەڵمان. بەردەوام بۆ هەڵێک دەگەڕان چایەکمان لەگەڵ بخۆنەوە. کوڕەکانیشیان داعش بوون، بەڵام زۆربەی ڕۆژەکان لەو بەشە خۆراکەی وەریاندەگرت، نیوەی بەشەکەی خۆیان دەهێنا بۆ ئێمە و دەیانگوت ئێوە زۆرن و بەشە خۆراکی خۆتان بەشتان ناکات. خۆ ئێمە لە شنگال دراوسێی ئاواشمان نەبوو. تەنانەت لەو چێشتەی لێیان دەنا، بەشی ئێمەیان دەدا.

**ڕووداو: کێشەی خواردن هەبوو؟**
**ئەمیرە:** بەڵێ. دووجار گەمارۆ هەبوو. جارێک داعش بۆ خۆی دۆخی ئابووری و خواردنی باش نەبوو، ئەو خواردنەی دەینارد کەمیکردبوو، جارێکی دیکەش وەک گوتم: داعش کەیفی بە ریسالە نەدەهات و لەو کەمەش کە دەینارد، کەمتری کردبووەوە. ماوەیەکی زۆر تەنیا پەتاتەمان دەخوارد، ئەویش لە شەو و ڕۆژێکدا تەنیا یەک ژەم نانمان دەخوار.

**ڕووداو: بەڵام بۆچی گوندەکە ئاوای بەسەر هاتبوو، مەگەر گوندنشین بۆخۆیان نەیاندەتوانی شتێک بەرهەم بهێنن؟**
**ئەمیرە:** لە ریسالە، کشتوکاڵ کەم بوو. ئەوەی من دەمبینی خەڵکەکە بە کاری ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵ بوون. پیاوەکانیش زۆربەیان چەکدار بوون. هەر بۆیە ناچاربوون چاوەڕوانی ئەو بەشە خۆراکە بکەن، لەلایەن داعشەوە بۆیان دیاری کرابوو.

## چەکدارە داعشەکانی ریسالە بەشە خۆراکی خۆیانیان دەداینێ

### منداڵەکان دەرمانخوارد دەکەین

یەکێک لە کوڕە مامەکانی ئەمیرە، پێش داعش هاتبووە گوندی ریسالە و ناوچەکە بە باشی شارەزا بوو. دوای حەوت مانگ مانەوەیان لەوێ، مۆبایلێکیان دایە دەستی و پێیانگوت بڕواتە شوێنێکی ئارام و تەلەفۆنێک بکات بۆ ئەوەی پلانێک بۆ دەربازبوون دابنێ. سەر لە ئێوارە گەڕایەوە "هەمووتان کۆببنەوە و گوێم لێبگرن، چارەسەرم دۆزیوەتەوە و ئەمشەو هەموومان بەڕێدەکەوین، بەڵام کێشەیەکمان هەیە، چۆن منداڵەکان بۆ ماوەی زیاتر لە چوار سەعات بێدەنگ بکەین؟ چونکە خۆتان دەزانن منداڵی بچووک بێدەنگ ناکرێ".

## لە کاتی ڕاکردنمان لە ریسالە حەبی خەومان دایە منداڵەکان

هەموو ئامادەکارییەک کرا. وردەکاریی پلانەکە لای دوو کەس بوو، بەڵام ئەوەی بە ئەوان گوترابوو، سەعات دووی بەرەبەیان بەپێ بەڕێدەکەون تاوەکو جێگایەکی دیاریکراو و لەوێ چوار ئۆتۆمبیل چاوەڕێیان دەکەن "هیچ ڕێگایەکی دیکەمان نەبوو، بە ناچاری حەبی خەومان دایە منداڵەکان و دوو پیاوی پیریشمان لەگەڵ بوون، ئەوان کوڕەکان لە کۆڵیان کردن. بەڕێکەوتین بەرەو گوندێکی سەرسنووری نێوان عێراق و سووریا بە ناوی (هۆل)، لەوێ ئۆتۆمبیلەکان ئامادەبوون".

ئەمیرە، لەو بڕوایەدایە دانیشتووانی گوندی ریسالە ئاگاداری کەین و بەینی هەڵاتنیان بوون و توانای ئەوەشیان هەبووە ڕاپێچی گوندەکەیان بکەنەوە "بەڵام پێموایە نەیانویست لێمانی تێکبدەن، هەرچۆن بێت قسەیان نەکرد و لێگەڕان بڕۆین". ئەو کەسەی ئۆتۆمبیلەکانی ئامادە کردبوو، لە بازرگانانی ڕۆژگاری شەڕ بوو. ئەوانەی، لە قوڕگی شێردا بۆ پارووەنان دەگەڕێن. کارامە بوو لە خەڵەتاندنی بازگەکان و ڕێناس و بزۆز بوو. ڕێگاکەی بۆ 12 کاژێر درێژ کردەوە بۆ ئەوەی تەنیا لە یەک بازگەی چەکدارانی داعش بدات.

"ئێمەی بردەوە نێو شار و شارۆچکە عەرەبییەکانی سووریا، لە نێو ئۆتۆمبیلەکە بە تەواوی شەکەت ببووین، بیرمە یەکێک لە پیاوە پیرەکان بە دەنگێکی نووساو و هێواش گوتی، وا ئێمە گەیشتینە خاکی ئەمان".

ئەمیرە و ئەوانی دیکە لە سەرەتای مانگی ئاداری 2016 گەیشتنە نێو ئەم کەمپەی لێی دانیشتوون. بەڵام بەر لەوەی جێیی بهێڵین دەیەوێ جارێکی دیکە پەسنی دانیشتووانی گوندی ریسالە بدات و دەڵێت: "خەڵکی ریسالە، لەگەڵ ئێمە کەسانی باش و میهرەبان بوون، ئەوان بوون نەیانهێشت داعش کڕین و فرۆشتنمان پێوە بکات. من کاتێک گوێم لە ئازار و مەینەتی ئەو کچانە دەبێ کە بردراون بۆ ڕەققە و مووسڵ، تا ماوم سوپاسی دانیشتووانی گوندی ریسالە دەکەم".

ئابووری

رووداو

ژمارە (556) - دووشەممە 2019/5/27






## بازرگانانی کوردستان بەدوای جێگرەوەی ئێراندا دەگەڕێن

**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی بازرگانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند ئەمساڵ قەبارەی بازرگانیی نێوان هەولێر و تاران بەرێژەیەکی بەرچاو کەمدەکات. نەوزاد ئەدهەم بە (رووداو)ی راگەیاند "هەرچەندە تاوەکو ئێستا ئامار و زانیارییەکانمان لەبارەی قەبارەی ئاڵوگۆڕی نێوان هەولێر و تاران کۆ نەکردووەتەوە، بەڵام ئەمساڵ قەبارەی بازرگانیی نێوان هەردوولا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمدەکات، چونکە ئێران رێگری لە هەناردەکردنی بەرهەمە خۆراکییەکانی دەکات، هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلیش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سنووردار کراوە". نەوزاد ئەدهەم ئاماژەی بەوە کرد، ئێستا بازرگانانی هەرێمی کوردستان بۆ هاوردەکردنی خۆراک، بەدوای جێگرەوەی ئێراندا دەگەڕێن.

### بڕیارەکە لە یەکی حوزەیرانەوە جێبەجێ دەکرێت

# هاوردنی ئایسکرێم و خواردنەوەکان بۆ کوردستان قەدەغە دەکرێن

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بۆ پاراستن و گەشەپێدان بە بەرهەمی ناوخۆ، لە سەرەتای مانگی داهاتووەوە هاوردنی ئایسکرێم، خواردنەوە گازی و ناگازییەکان بۆ عێراق قەدەغە دەکرێن، بەڵام ئەو بازرگانانەی ساردەمەنی و خواردنەوە هاوردە دەکەن، داوا دەکەن هەرێمی کوردستان پابەند نەبێ بە بڕیارەکە.

بڕیارەکە لەسەر داوای وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکانی عێراق دەرچووە. رۆژی 23ی نیسانی 2019 ئەمیندارێتی گشتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری داوە لە رۆژی 2019/6/1 بەدواوە رێگە بە هاوردنی شەربەت، خواردنەوە گازی و ناگازییەکان و ئایسکرێم بەهەموو جۆرەکانییەوە بۆ عێراق نەدرێ، لە جیاتی ئەوە پشت بە بەرهەمی ناوخۆ ببەستن.

مستەفا زوبێر، بەڕێوەبەری هونەری و سەرپەرشتیاری کارگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی دەڵێت بۆ گەشەپێدان و پاراستنی بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ پاڵپشتی بڕیارەکەی وەزارەتی بازرگانیی عێراق دەکەن، بەڵام پێیوایە بڕیارەکە زۆر گشتگیرە و پەلەکردنی پێوە دیارە.

مستەفا زوبێر گوتی: "کاتێک بڕیارێک بۆ زیادکردنی رەسمی گومرگی یان قەدەغەکردنی هاوردەی کاڵایەک دەدرێت، دەبێت هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندی بەکاربەر و خاوەن کارگە و بازرگان بکرێت، بەڵام لەم بڕیارەدا تەنیا بەرژەوەندی خاوەن کارگەکان لەبەرچاو گیراوە، بۆیە تێبینیمان لەسەر بڕیارەکە هەیە، تێبینییەکانیش دەدەین بە بەغدا".

بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ دەتوانرێت رەسمی گومرگی لەسەر کاڵا هاوردەکراوەکان تاوەکو رێژەی 100% زیاد بکرێت، بەڵام ئەم زیادکردنە فریای بازاڕی کارگەکانی ناوخۆ نەکەوتووە، بۆیە ئەم بڕیارە لەسەر داوای خاوەن کارگەکان دەرچووە.

مستەفا زوبێر دەڵێت: "هەرچەندە رەسمی گومرگی لەسەر ئایسکرێم زیاد بکرێ، بەڵام کارگەکانی ناوخۆ ناتوانن لە نرخدا کێبڕکێی بەرهەمی ئێرانی بکەن، چونکە لەوێ تێچووی بەرهەمهێنان زۆر کەمە. بۆیە حکومەتی عێراق پەنای بۆ قەدەغەکردنی بردووە".


لە کوردستان 20 کارگەی بەرهەمهێنانی ئایسکرێم هەن (فۆتۆ: رووداو)

ئەگەرچی بەڵێننامە لە خاوەن کارگەکان وەرگیراوە کە نرخ گران نەکەن و کواڵێتی بەرهەمەکانیان دانەبەزێنن، بەڵام مستەفا زوبێر پێیوایە بە نەمانی ئایسکرێمی ئێرانی لە بازاڕ، رەنگە نرخی ئایسکرێم بەرز ببێتەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، 9 کارگەی بەرهەمهێنانی خواردنەوە گازییەکان هەن کە ساڵانە توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی 300 ملیۆن لیتر خواردنەوە گازییەکانیان هەیە، هەروەها 20 کارگەی بەرهەمهێنانی ئایسکرێم هەن کە ساڵانە توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی 27 هەزار و 655 تۆن ئایسکرێمیان هەیە، دوو کارگەی بەرهەمهێنانی شەربەتی میوەش هەن.

رزگار جەمال کەریم، بەڕێوەبەری کارگەی پیتی نایس بۆ بەرهەمهێنانی ئایسکرێم لە شاری هەولێر کە ئاگاداری بڕیارەکەی بەغدایە، دەڵێت: "دوای ئەوەی بەهۆی دابەزینی نرخی تمەن، کارگەکانی ئێران بەرهەمەکانیان بە کەمتر لە نیوەی نرخی پێشتر خستە بازاڕ، توانییان لەماوەیەکی کەمدا کۆنترۆڵی بازاڕەکانی عێراق بکەن، بەو هۆیەوە فرۆشی کارگەکانی ناوخۆ بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزی و هەندێ کارگەش داخران، بۆیە خاوەن کارگەکان داوای راگرتنی هاوردنی ئایسکرێمی ئێرانییان کرد".

سەرەتا داواکارییەکە لەلایەن خاوەن کارگەکانی بەسراوە بەرز کرایەوە، دواتر لەلایەن خاوەن کارگەکانی هەموو پارێزگاکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە پاڵپشتی کرا. وەزارەتی پیشەسازیی عێراقیش داواکاریی خاوەن کارگەکانی پەسەند کرد، بۆیە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری دا لە 2019/6/1 هاوردنی شەربەت، ئایسکرێم، خواردنەوە گازی و ناگازییەکان قەدەغە بکات.

رزگار جەمال دەڵێت: "بەپێی ئەو رێککەوتنەی لە نێوان هەولێر و بەغدا کراوە، هەرێمی کوردستان ناتوانێ پابەندی بڕیارەکە نەبێ".

بە گوتەی ئەو خاوەن کارگەیە، رۆژانە لە ئێرانەوە 20 بارهەڵگری پڕ لە ئایسکرێم دەهێنرێنە هەولێر، بۆیە کارگەکان تەنیا بە 30%ی وزەیان کاردەکەن، بەڵام بە جێبەجێکرنی بڕیارەکە، ئەگەر ئایسکرێمی ئێرانی بە قاچاخ نەیەت، ئەوە فرۆشی کارگەکانی ناوخۆ تا 70% بەرز دەبێتەوە.

رزگار جەمال گوتی: "ئێستا ئایسکرێمێک بە 75 دینار بە بازرگان و کۆگاکان دەفرۆشین، ئەوانیش بە 150 دینار بە مارکێت و دووکاندارەکانی دەفرۆشنەوە، ئەوانیش بە 250 دینار دەیفرۆشنەوە، بۆیە هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە نرخ بەرز نابێتەوە".

بەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بازرگانیی هەرێمی کوردستان، 80 کۆمپانیای بازرگانی تایبەت بە هاوردنی شەربەت، خواردنەوە گازی و ناگازییەکان و ئایسکرێم هەن. ساڵانە بەپێی خواستی بازاڕ ئەم بەرهەمانە هاوردە دەکەن.

چەند رۆژێک لەمەوبەر خاوەنی هەشت کۆمپانیا بە نوێنەرایەتی سەرجەم کۆمپانیاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی سەردانی وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان بە وەکالەتیان کرد و داوایان کرد بڕیارەکەی عێراق لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ نەکرێ.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە زیانی گەورەی ماددی بە کۆمپانیاکانی تایبەت بە هاوردەکردنی ئەو خواردن و خواردنەوانە دەگەیێنێ، چونکە هەندێکیان بریکاری فەرمی بەرهەمی کارگەکانی دەرەوەن و گرێبەستی ساڵانەیان بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکان هەیە".

بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، نەوزاد ئەدهەم گوتی: "بڕیارمانداوە نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی وەزارەتەکانی دارایی، پیشەسازی و بازرگانیی عێراق بکەین کە بە بڕیارەکەیاندا بچنەوە، چونکە بەپێی یاسای ژمارە 10ی ساڵی 2010 ی تایبەت بە پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و رێککەوتننامەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی کە لەسەر بنەمای بازرگانیی ئازاد دامەزراوە، شتێک بەناوی قەدەغەکردنی یەکجاریی هاوردنی بەرهەم نییە، تەنیا دەتوانن رەسمی گومرگی زیاد بکەن".

دوای یەکخستنی تەعریفەی گومرگی و جێبەجێکردنی لە سەرجەم خاڵە سنوورییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، دەبێت هەرێمی کوردستان پابەند بێت بەهەموو ئەو بڕیارانەی بەغدا لە بارەی زیادکردن و کەمکردنی رەسمی گومرگی و قەدەغەکردنی هاوردنی کاڵا دەریدەکات.

سامال عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان دەڵێت: "ئەم بڕیارە لە بەغدا دەرچووە، بەڵام تا ئێستا بەفەرمی بەدەست ئێمە نەگەیشتووە، بۆیە قسە لەسەر جێبەجێکردن یان نەکردنی ناکەین".

### چوار ساڵە بودجەی هەڵمەتی پاککردنەوەی دارستانەکان خەرج نەکراوە

# ئاگر هەڕەشە لە دارستان و پاوانەکانی کوردستان دەکات

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ هۆشداری لە سووتانی دارستان و پاوانەکانی کوردستان دەدات و دەڵێت بەهۆی زۆریی بارانی ئەمساڵ گژوگیایەکی زۆر لە نێو دارستانەکان رواوە، تائێستاش هیچ بودجەیەکیان بۆ دروستکردنی هێڵی ئاگربڕ و پاککردنەوەی گژوگیای نێو دارستانەکان بۆ خەرج نەکراوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە نۆ ساڵی رابردوودا 994 هەزار و 322 دۆنم دارستان و پاوانی کوردستان سووتاون، زۆربەشی لە چوار ساڵی رابردوودا بووە کە 511 هەزار و 102 دۆنم بووە و دەکاتە نزیکەی 51%ی تێکڕای رووبەری سووتاو لە 9 ساڵی رابردوودا، ئەویش بەهۆی ئەوە بووە لەو چوار ساڵەدا بودجەیان بۆ خەرج نەکراوە.

دڵدار عەبدوڵڵا مەلازادە، بەڕێوەبەری دارستان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت: "تا ئێستا وەزارەتی دارایی بودجەی بۆ دروستکردنی هێڵی ئاگربڕ و پاککردنەوەی گژوگیای نێو دارستانەکان بۆ خەرج نەکردووین، ئەمساڵیش گژوگیایەکی زۆر لەنێو دارستانەکان رواوە، بۆیە لە حاڵەتی هەر ئاگرکەوتنەوەیەک، مەترسی هیە رووبەرێکی زۆری دارستان و پاوان بسووتێن".

ساڵانە وەزارەتی کشتوکاڵ لە مانگی ئادار تاوەکو کۆتایی مانگی ئەیلوول هەڵمەتی گشتگیر بۆ هەڵپاچینی دارستانەکان و دروستکردنی ئاگربڕ و پاککردنەوەی گژوگیای ناو دارستانەکان دەکات. هەڵمەتەکەش پێویستی بە ملیارێک تاوەکو ملیارێک و 500 ملیۆن دینارە، بەڵام پێنج ساڵە بەهۆی قەیرانی داراییەوە خەرجکردنی ئەو پارەیە گرفتی تێکەوتووە.

دڵدار عەبدوڵڵا دەڵێت کەمیی بودجە و دابیننەکردنی لەکاتی خۆیدا، ئەو شێوازە کلاسیکییەی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرکەوتنەوە پەیڕەو دەکرێ، فراوانیی رووبەری دارستانەکان، نەبوونی

> **هەڵمەتی ساڵانەی پاککردنەوەی دارستانەکان پێویستی بە 1.5 ملیار دینارە**

رێگاوبان بۆ شوێنی ئاگرکەوتنەوەکان ، هەروەها بوونی مین لە بەشێک لە دارستانەکان، زیانی ئاگرکەوتنەوەکانی زۆر کردووە.

بەپێی داتاکان، زۆرترین رووبەری سووتانی دارستانەکان لەساڵی 2015 و 2016 بووە کە 479 هەزار و 480 دۆنم دارستان و پاوان بووە، بەڵام ساڵی رابردوو کەمترین رووبەر سووتاوە کە تەنیا 26 هەزار و 344 دۆنم بووە.

دڵدار عەبدوڵڵا دەڵێت: "بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە ساڵی 2015 و 2016 وەزارەتی دارایی نەیتوانی هیچ بوجەیەکمان بۆ تەرخان بکات، بۆیە لەو دوو ساڵە نەمانتوانی هیچ چالاکییەکی هەڵپاچین و دروستکردنی هێڵی ئاگربڕ و پاککردنەوەی گژوگیا لەنێو دارستانەکان بکەین، بۆیە زۆرترین رووداوی ئاگرکەوتنەوە لەو دوو ساڵەدا بوو، بەڵام ساڵی رابردوو بەهۆی هاوکاریی پارێزگاکان و رێکخراوی GIZی ئەڵمانی و ئەو بودجە کەمەی بۆمان تەرخان کرا، توانیمان تارادەیەکی باش کۆنترۆڵی ئاگرکەوتنەوە بکەین".

بەگوێرەی ئامارەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ، لە نۆ ساڵی رابردوودا زۆرترین حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لە دارستان و پاوان لە سنووری پارێزگای سلێمانی بووە، کە 496 هەزار و 528 دۆنم سووتاوە، دوای ئەویش پارێزگای هەولێر دێت کە 279 هەزار دۆنم دارستان و پاوان سووتاوە. لە دهۆک 109 هەزار و 341 دۆنم سووتاوە، لە گەرمیان 71 هەزار و 503 دۆنم سووتاوە، لە هەڵەبجەش کە رووبەرێکی کەمی دارستان و پاوانی هەیە، 37 هەزار و 870 دۆنم دارستان و پاوان سووتاوە.

پارێزگای سلێمانی خاوەنی زیاتر لە یەک ملیۆن و 670 هەزار دۆنم دارستانی سروشتی، 16 هەزار دۆنم دارستانی دەستکرد و زیاتر لە سێ ملیۆن دۆنم پاوانی سرووشتییە.


لە 9 ساڵی رابردوودا نزیکەی یەک ملیۆن پاوان و دارستانی هەرێمی کوردستان سووتاون

عەبدوڵڵا ئەحمەد، بەڕێوەبەری دارستان و پاوانی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: "ئەمساڵ زیاتر لە 1300 مللیمەتر باران لە سنووری پارێزگای سلێمانی باریوە. گژوگیایەکی یەکجار زۆر لەنێو دارستانە دەستکرد و سروشتییەکان رواوە، مەترسییەکی گەورەی ئاگرکەوتنەوە لەسەر دارستانەکانمان هەیە، بۆیە چیتر نەمانتوانی چاوەڕێی بودجەی پاڵپشتی کشتوکاڵی بکەین، لەسەر راسپاردەی پارێزگای سلێمانی لیژنەیەکمان بەناوی لیژنەی فریاگوزاریی خێرا پێکهێنا و لیژنەکە دەستبەکار بووە".

عەبدوڵڵا ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆی ئەوەی دارستانە دەستکردەکان لە نزیک ئاواییەکانن و خەڵک و گەشتیاری زۆر رووی تێدەکەن، مەترسی زیاتری ئاگرکەوتنەوەیان لەسەرە، بۆیە لەناوچەی بانی مەقان و چەمچەماڵ ئاگربڕیان دروستکردووە، لە تاسلوجە و ئەزمەڕیش خەریکی کارن، بنکەیەکی ئاگرکوژێنەوەشیان لە گۆیژە داناوە.

لە چوار ساڵی رابردوودا لە پارێزگای هەولێریش نزیکەی 202 هەزار دۆنم پاوان و دارستان سووتاوە، ئەمساڵیش یەکەم ئاگرکەوتنەوە لە سنووری هەولێر تۆمار کرا کە بەهۆی شۆرتی کارەباوە 5 دۆنم دارستانی دەستکرد لە نزیک دیبەگە سووتان.

عەبدوڵڵا حەسەن، بەڕێوەبەری دارستان و پاوانی پارێزگای هەولێر، دەڵێت: "هەفتەی رابردوو کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ پارێزگاری هەولێر و لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد، خۆشبەختانە پارێزگا 10 میلۆن دیناری بۆ تەرخانکردین. سەرەتا لە ناوچەی کەسنەزان و خەبات دەستمان بە هەڵمەتی پاککردنەوە کرد، دواتریش چیای سەفین و ناوچەکانی هیران و نازەنین پاک دەکەینەوە کە زۆرترین مەترسیی ئاگرکەوتنەوەیان لەسەرە".

عەبدوڵڵا حەسەن ئاماژە بە هەڵمەتەکانی داهاتوویان دەدات و دەڵێت: "لە هەوڵی پاککردنەوەی رێگاکانی کەرکوک- هەولێر و موسل — هەولێرین، بۆ ئەم مەبەستە ئامێری گیابڕینەوەمان بۆ کڕیون، هەروەها رێکخراوی GIZی ئەڵمانی بەلێنی پێداوین کرێکارمان بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی لە سەرەتای مانگی داهاتوو دەست بە هەڵمەتێکی دیکەی دروستکردنی ئاگربڕو پاککردنەوەی گژوگیای دارستانەکان بکەین".

> **زۆرترین پاوان و دارستان لە سەردەمی قەیرانی دارایی سووتاوە کە 511 هەزار دۆنم بووە**

# ئێران لە گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی نزیکە؟



د.قەیوان سیوەیلی*

تویتەکانی سەرۆک ترامپ و ڕۆژانە هەواڵەکانی پەرەسەندنی گرژیی نێوان ئەمریکا و ئێران لەسەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئەو وڵاتە زۆربەمانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. چونکە پەرەسەندنی گرژییەکان ڕاستەوخۆ هۆکاری گۆڕانکاریی ڕادیکاڵی دەبن لە ناوچەکەماندا، بۆیە بەباشم زانی کۆمەڵە زانیاریەک لەسەر ئەم بابەتە بخەمە بەردەست خوێنەری کورد.

لە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بۆمبی ئەتۆمی لەسەر شارەکانی هیرۆشیما، (کە لە جۆری یۆرانیۆم بوو) و پاشان ناکازاکی، (کە لە جۆری پلۆتۆنیۆم بوو) لە ژاپۆن تاقیکرانەوە. ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە ناوازەیە ڕێڕەوی شەڕەکەی بە سوودی ئەمریکا گۆڕی و کۆتایی بە جەنگی جیهانی هێنا و ئیمپراتۆری ژاپۆن خۆی بەدەستەوە دا. لەوە بەدواوە چەکی ئەتۆمی لە هیچ شەڕێکی دیکەدا بەکار نەهاتووە، بەڵام وزەی ئەتۆمی وەکو سەرچاوەیەکی تری سروشتی کەوتە نێو هاوکێشەی وزەگۆڕکێی جیهانەوە، بەتایبەتی لە بواری وەرگێڕانی وزەی کارەبا و پزیشکیدا. هەرچەندە لە مێژەوە بوو کە لێکۆڵینەوە لە بواری وزەی ناوەکی گەیشتبووە قۆناغەکانی کۆتایی، بەڵام لە پرۆژەی نهێنی سەربازیی مانهاتندا (Manhaten-Project 1945) زانا ناودارە فیزیاییەکانی ئەمریکا لەژێر سەرپەرشتی ئۆپنهایمەر (J. Robert. Oppenheimer) توانییان چەکی ئەتۆمی دروست بکەن کە بەرهەمی ئەو پرۆژەیە بۆمبەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی بوو. لەمەدا ئەڵمانەکان دواکەوتن، ئەگەرنا ئێستا جوگرافیای سیاسیی جیهان بە شێوەیەکی تر دەبوو، پاشان لە درێژەی لێکۆڵینەوەکاندا چەکی هایدرۆجینیش تاقیکرایەوە کە گەلێک مەترسیدارتر و وێرانکەرترە بە بەراورد لەگەڵ چەکی ئەتۆمی، ئێستا زۆربەی وڵاتە زلهێزەکان خاوەنی هەردوو جۆری چەکی وێرانکەرن.

وا نزیکەی حەفتا ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێدەپەڕێت و زانیاریی ناوەکی بەشێوەیەکی بەربڵاو لە زۆربەی زانکۆ ناودارەکانی جیهاندا دەخوێنرێت و گەیشتن بە تەکنۆلۆجیای ناوەکی کارێکی وەها دژوار نییە، تەنیا ئەدرەسی کۆمەڵە زانایەکی وزە و فیزیای وەکو قادرخانی پاکستانی بزانیت، ئیتر لەو بەدواوە لە ئامانجەکەت نزیک دەبیتەوە. تەنانەت بەندەش وەکو کوردێک چەند جارێک لە کاتی خوێندنی باڵامدا بۆ شارەزایی لە چۆنێتی کارکردن و بەڕێوەبردنی وێستگەی ئەتۆمی لە ئەڵمانیا سەردانی وێستگەی ئەتۆمی بۆ وەرگێڕانی وزەی کارەبام کردووە.

زۆر بە ئاسانی، بۆ گەیشتن بە بۆمبی ئەتۆمی پێویستت بەم کەرەسانەی خوارەوە هەیە:

1. شەست تا حەفتا کیلۆ پلۆتۆنیۆم (Pu239) ی پوختەی پاڵێوراو.

ئەم توخمە لەو وڵاتانە وەچنگ دەکەوێت کە خاوەنی وێستگەی ئەتۆمین بۆ وەرگێڕانی وزەی کارەبا، واتە لەنێو ڕیاکتۆری وێستگەکەدا یۆرانیۆم (U235) لە تەقینەوەی زنجیرەییدا پاش وەرگرتنی چەند نیترۆنێک (Netron) وەردەگێڕدرێت بۆ توخمی ئیزۆتۆپی پلۆتۆنیۆم. (Pu239) باشترین ناونیشان بۆ گەیشتن بە توخمی پلۆتۆنیۆم (Pu239) وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا یاخود ڕووسیای کۆن. یاخود ئەو وڵاتانەی کە پاشماوەی ئەتۆمی نێو وێستگەکان دووبارە پوختە و جیادەکەنەوە.

ئەگەر پلۆتۆنیۆمیشت وەگیر نەهات، ئەوا دەتوانی لە ئامێری سەنتریفیوجەکاندا بۆ کاتێکی زۆرتر یۆرانیۆمی (U235) پوختە لە کەرەسەی خاوی یۆرانیۆم بپاڵێوی تاکو پوختەکەی دەکاتە سەرووی 90% کە ئەمەش تەنیا کاتێکی زۆر و بڕێکی زۆری یۆرانیۆمی خاوی دەوێت. بۆ گەیشتن بە یۆرانیۆمی خاویش، وڵاتەکانی ڕووسیا، ئۆزبەکستان، کازاخستان و وڵاتە ئەفریقاییەکانی وەکو ئەفریقای باشوور، نامیبیا، گابۆن خاوەنی بڕێکی زۆری یۆرانیۆمی خاون و زۆریش دوورەدەست نین.

ئامێری سەنتریفیوج ئەو ئامێرەیە کە یۆرانیۆمی (U235) لە یۆرانیۆمی خاو بەهۆی جیاوازیی فیزیای کێشیانەوە پوختە و جیادەکاتەوە.

1. لوولە ئاسنێکی باش کە بتوانین بڕی کۆکراوەی پلۆتۆنیۆمەکەی تێدا جێ بکەینەوە.

2. نزیکەی 100 تا150 کیلۆگرام تی ئێن تی.

3. ئامێرێکی کۆنترۆڵ کە لە دوورەوە بتوانین کەرەسەی تی ئێن تییەکە بتەقێنینەوە.

بەهۆی فشاری تەقینەوەکەوە توخمی پلۆتۆنیۆمەکە وەها دەگوشرێت و گەرم دەبێت کە دەگاتە ئەوەی تەقینەوەی زنجیرەیی لە نێویدا ڕووبدات.

هەروەکو لەوەپێش ئاماژەمان بۆ کرد، گەیشتن بە زانیاری ئەتۆمی پاش ساڵانێکی زۆر توێژینەوە کارێکی ئاسان و ساکارە، بۆیە گەیشتن بە خاوەندارێتی وزە و چەکی ئەتۆمیش ئەوەندە سەخت و دژوار نییە.

هێڵی مەترسیداری سوودوەرگرتن لە وزەی ئەتۆمی بوارە سەربازییەکەیەتی، کە بەداخەوە ڕێچکەی سوودوەرگرتن لە بواری مەدەنی (وەرگێڕانی وزە، بواری تەندروستی) و بواری سەربازی ئەوەندە لێکنزیکن، جیاکردنەوەیان ئاسان نییە و پێویستی بە چاودێرییەکی چڕوپڕی زانستی و پرۆفێشناڵ هەیە، چونکە هەمان ئەو ئامێرانەی یۆرانیۆمی (U235) لە یۆرانیۆمی خاو بۆ مەرامی ئاشتی پوختە دەکەن (دەپاڵێون، واتا سەنتریفیوجەکان) ئەگەر بۆ ماوەیەکی زیاتر لەکاردابن، ئەوا هەمان بڕی پێویستی یۆرانیوم (U235) بۆ بۆمبی ئەتۆمی پوختە دەکەن و دەپاڵێون، بۆمبی ئەتۆمی پێویستی بە یۆرانیۆم بە چڕیی 90% تا 95% هەیە، بەڵام بۆ وەرگێڕانی وزە، وێستگەی ئەتۆمی پێویستی بە یۆرانیۆم بە چڕیی 4% تا 5% هەیە بۆ کاری مەدەنی. واتە بیرۆکە و ڕێچکەی توێژینەوە یەکێکە و ئامێرەکانیش گشتیان یەک کۆمەڵە ئامێرن. بەهەمان شێوەش لە کاتی وەرگێڕانی وزەی ئەتۆمیدا لەنێو وێستگە و ڕیاکتۆرەکان دەتوانرێت مادەی پلۆتۆنیۆم (Pu239) بەرهەم بهێنرێت کە ئەویش هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، کەرەسەی سەرەکیی بۆمبی ئەتۆمییە. زۆربەی وڵاتەکانی هیندستان، پاکستان، کۆریای باکوور و ئیسرائیل سەرەتا گوایە بۆ بواری سیڤیل و ئاشتی دەستیان بە کاری توێژینەوەی وزەی ناوەکی کرد، بەڵام لای گشتمان ئاشکرایە کە ئێستا گشتیان خاوەنی بۆمبی ئەتۆمین، واتە دەرگای چوونە ژوورەوەی بواری ئاشتی و سیڤیلی وزەی ناوەکی لەگەڵ چوونەژوورەوە بۆ نێو بواری سەربازی هیچ جیاوازیەکیان نییە.



سەرۆکی پێشووی ئێران ئەحمەدی نەژاد لەنێو ئامێرەکانی سەنتریفیوج

> لە گشت میدیا کوردییەکاندا بەهەڵە باسی قۆناغی پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێران دەکەن، ئەوانیش بە هەڵە لە میدیا عەرەبیەکانیان وەرگرتووە

> ئێستا ئێران لە قۆناغی پاڵاوتن و پوختەکردنی یۆرانیۆم (U235) دایە لە دەرەوەی وێستگەکانی وزە، هەر کاتێک گەیشتە قۆناغی پیتاندن ئەوا ئیتر کار لەکار ترازاوە

> تەنیا شتێک کە ئێران پێوستی پێیە بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆم کاتێکی چەند مانگەیە و هیچی تر

بەداخەوە لە گشت میدیا کوردییەکاندا بەبێ جیاوازی، بەهەڵە باسی قۆناغی پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێران دەکەن، ئەوانیش بە هەڵە لە میدیا عەرەبیەکانیان وەرگرتووە، کە ئەمە هەڵەیەکی زۆر زەقی زانستییە، چونکە ئێستا ئێران لە قۆناغی پاڵاوتن و پوختەکردنی یۆرانیۆم (U235) دایە لە دەرەوەی وێستگەکانی وزە، هەر کاتێک گەیشتە قۆناغی پیتاندن ئەوا ئیتر کار لەکار ترازاوە و گەیشتوونەتە ئامانجی خۆیان.

بەپێی لێکتێگەیشتنی وڵاتانی (5+1) و ئێران لە ساڵی 2015، ئێرانییەکان بۆیان هەبوو بڕێکی دیاریکراوی 300کیلۆگرام یۆرانیۆم تا پلەی 3،67 % پوختە بکەن و لەنێو وڵات بیهێڵنەوە و لەو بڕە زیاتر، یان دەبێت بیفرۆشن، یاخود لە وڵاتێکی تر دایبنێن، بەڵام ئێستا هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە ڕێژەی پوختەی یۆرانیۆم (U235) بۆ چەند هێندە زیاد بکەن تا دەگاتە (20 %)، ئەگەر تا کۆتایی مانگی داهاتوو (حوزەیران) ئابڵۆقەی ئابووری لانەبرا و وڵاتانی (5+1) بەندەکانی گرێبەستی ساڵی 2015 یان جێبەجێ نەکرد، ئەوا ئێران بەبێ هیچ سنوورێک یۆرانیۆم پوختە دەکات و دەپاڵێوێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێران خۆی خاوەنی بڕێک سەرچاوەی سروشتیی یۆرانیۆمی خاوە. هەروەکو ئاماژەشمان بۆ کرد، بۆمبی ئەتۆمی پێویستی بە یۆرانیۆمی (U235) پوختەی پاڵێوراو بە چڕیی (90%) هەیە، واتە تەنیا شتێک کە ئێران پێویستی پێیە کاتێکی چەند مانگەیە و هیچی تر.

بەڵام لەنێو ڕیاکتۆری وێستگە ئەتۆمیەکانیاندا کە وزەی کارەبا بەرهەمدەهێنن وەکو وێستگەی بووشەهر، ڕۆژانە کاری پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ وەچنگخستنی وزەی گەرمی و پاشان بۆ وزەی کارەبا ڕوودەدات.

لێرەدا دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە کە ئێرانییەکان زۆر لە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیەوە نزیکن و لەبەر ڕۆشنایی ئاستی پەرەسەندنی بەرنامەی مووشەکە دوورهاوێژەکەشیان کە چەند جارێک بە ئاشکرا تاقیکراونەتەوە، هیچ گرفتی گواستنەوەی بۆمبەکەیان بۆ ئامانجە دوورەدەستەکان نەماوە.



یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی لە ساڵی 1945

***شارەزا لە بواری وزە**

# ئۆپێک بیر لە درێژکردنەوەی ڕێککەوتنی دابەزاندنی بەرهەمهێنان دەکاتەوە

ڕووداو – هەولێر

ڕێکخراوی ئۆپێک و هاوبەشەکانی بیر لە دوو بژارە دەکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لە 2019 بەردەوام بێت، لە کاتێکدا ڕووسیا لە ڕێککەوتنەکە سارده و ژمارەیەک وڵاتیش دەیانەوێ بە هەموو توانای خۆیان نەوت بەرهەمبهێنن. لەگەڵ ئەوەش شارەزایان پێیانوایە ئاستی خستنەڕووی نەوت لە ساڵی 2019 لە ئاستی داوا کەمتر دەبێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، یەکێک لە بژارەکان ئەوەیە داوا لە هەموو بەشداربووانی ڕێککەوتنەکە بکرێ 100٪ پابەندی ڕێککەوتنەکەی کانوونی یەکەمی 2018 بن کە تێیدا داوا دەکرێ ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی نەوت بە بڕی 1.2 ملیۆن بەرمیل کەمبکرێتەوە. بژارەی دووەم ئەوەیە ڕێگە بە بەشداربووان بدرێت بەپێی بەرهەمی مانگانەیان ئاستی بەرهەم لە چاو مانگی ئەیلوول، بۆ کانوونی یەکەمی 2018 کەم بکەنەوە.

ئەو سەرچاوانەی قسەیان بۆ ڕۆژنامە ئەمریکییەکە کردووە، بە ئەستەمی دەزانن ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی (ئۆپێک پڵەس) بتوانن بژارەی یەکەمیان جێبەجێ بکەن، لەبەر ئەوەی مۆسکۆ هەر ئێستاش لە ڕێککەوتنەکە سارده و عێراقیش دەیەوێ بە هەموو توانای خۆی نەوت بەرهەمبهێنێ.

هەفتەی ڕابردوو ئالێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیا بە کەناڵی (CNBC)ی ئەمریکی ڕایگەیاند: "ئێمە پشتگیری لە بەردەوامیی هاوئاهەنگی لەگەڵ هاوکارانمان لە وڵاتانی دیکە دەکەین"، بەڵام گوتیشی: "بەردەوامیمان (لەسەر ڕێککەوتنەکە) بەستراوەتەوە بە زۆر ڕەهەندی جیاجیاوە". لەوانەش ئاستی خستنەڕووی نەوت و داوا لە مانگی حوزەیران کە بڕیارە ئۆپێک پڵەس تێیدا بڕیار لەسەر درێژکردنەوە یان کۆتاییهێنان بە ڕێککەوتنەکە بدات.

> ناوەندێکی ئیسرائیلی:
> ئەمساڵ خستنەبازاڕی نەوت لە داوا کەمتر دەبێ

دانیەڵ جۆنز، لە سەنتەری سیکینگ ئاڵفای ئیسرائیلی، پێیوایە سێ فاکتەر کاریگەرییان لەسەر پیشەسازیی و بازاڕەکانی نەوت دەبێ: ئاستی داوای جیهانی، بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا و بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک.

بەگوێرەی دوایین ڕاپۆرتی ئۆپێک، بەرهەمی ڕۆژانەی ئەو ڕێکخراوە لە مانگی نیسان 30.031 ملیۆن بەرمیل بووە، کە 3000 بەرمیل لە بەرهەمی مانگی ئادار کەمترە و بە بەراورد لەگەڵ مانگی شوبات بە بڕی 520 هەزار بەرمیل دابەزیوە. بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لە مانگی نیسان 164 هەزار بەرمیل دابەزیوە، سعودیە بە بڕی 45 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەی کەمکردووەتەوە و عێراق 113 هەزار بەرمیلی دیکەی زیاد کردووەتە سەر بەرهەمی مانگی ئاداری.

هەرچەند ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەندام لە ئۆپێک بەرهەمهێنانیان بەرزکردووەتەوە، بەڵام ڕاپۆرتی ناوەندە ئیسرائیلییەکە پێیوایە بازاڕەکانی جیهان یان ئەوەتا ئێستا تووشی کورتهێنانی نەوت بوون یان بەرەو کورتهێنان هەنگاو دەنێن، بۆیەش باڵانسەکە گەشبینانەیە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی سیکینگ ئاڵفا، خواست لەسەر نەوت لە ساڵی 2019 نزیکەی 99.94 ملیۆن بەرمیل دەبێ لە ڕۆژێکدا، لەکاتێکدا ئاستی خستنەڕووی ڕۆژانەی نەوت 99.49 ملیۆن بەرمیل دەبێ. بەو پێیەش ئاستی کورتهێنانی خستنەڕوو لەچاو خواست نزیکەی 450 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دەبێ. لەلایەکی دیکەوە کورتهێنانی ساڵانەی نەوت لە 2019 نزیکەی 164.25 ملیۆن بەرمیل دەبێت.

جۆنز جەخت دەکاتەوە لەوەی ئەگەر گەشە و چالاکیی ئابووریی جیهان لەوەی ئێستا خاوتر ببێتەوە، ئۆپێک و هاوبەشەکانی کۆتایی بە ڕێککەوتنەکە بهێنن و بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا خێراتر لەوەی پێشبینی دەکرا گەشە بکات، ئەوە باڵانسی نێوان خستنەڕووی نەوت و خواست تێکدەچێ، بەڵام "ئەگەر یەکێک لەو فاکتەرانە ڕوونەدەن، ئەوە پێشبینی وێنەیەکی گەشبینانە بۆ بازاڕەکانی نەوت دەکرێ".

هەفتەی ڕابردوو نرخی نەوت بە ڕێژەی 1% دابەزی، دوای ئەوەی فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا (EIA) ڕایگەیاند کە ئاستی ئەمبارەکانی نەوتی ئەمریکا بەرزبووەتەوە، هۆکاری ئەوەشی بۆ کەمبوونەوەی داوای پاڵاوگەکان گەڕاندەوە. بەپێی داتاکانی فەرمانگە ئەمریکییەکە، ئاستی نەوتی ئەمبارەکانی ئەمریکا بەبڕی 4.7 ملیۆن بەرمیل بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 478.8 ملیۆن بەرمیل.

ئێستا ئەمریکا زیاتر لە 12.2 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەم دەهێنێ، بەو پێیەش گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی جیهانە. چاوەڕێ دەکرێ بەدرێژایی ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا بە ڕێژەی 16% بەرز ببێتەوە.

بەڵام پەرەسەندنە سیاسییەکان لە ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک ئاستی بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی بەرچاو دەهێننە خوارەوە، لەوانەش سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران و ڤەنزوێلا. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)، ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران لە مانگی ئادار گەیشتووەتە 500 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئێران ڕایگەیاندووە ڕێگەی دیکە بۆ هەناردەی نەوت دەگرنەبەر.

بڕیارە لە نیوەی دووەمی مانگی حوزەیران ئەندامانی ئۆپێک و هاوبەشەکانی بۆ بڕیاردان لەسەر درێژکردنەوە یان نەکردنەوەی ڕێککەوتنەکە کۆببنەوە. هەفتەی ڕابردوو وەزارەتی نەوتی سعودیە ڕایگەیاند کە پێشنیاریان کردووە "بەهێواشی" ئاستی نەوتی ئەمبارەکانی جیهان کەم بکرێتەوە، بەو پێیەش سعودیە لایەنگری درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکەیە هەتا کۆتایی 2019.



ئەمساڵ ئاستی کورتهێنانی خستنەبازاڕی نەوت لەچاو خواست 450 هەزار بەرمیل دەبێ لە ڕۆژێکدا (فۆتۆ: AFP)

## پەیکەری دڵ لە سینەماکانی کوردستان نمایشدەکرێت



**ڕووداو – هەولێر**

کارەکانی فیلمی سینەمایی پەیکەری دڵ، لە دەرهێنانی شوان عەتوف کۆتاییهاتووە، ستافی فیلمەکە سەرقاڵی ئامادەکارین و بڕیارە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی ڕۆژی 2 و 3ی حوزەیران نمایشبکرێ. پەیکەری دڵ فیلمێکی گۆرانی ئامێزی ڕۆمانسیی کۆمێدییە، هەریەک لە هونەرمەندان هەڵوێست محەممەد، نزار سەلامی، نارین ئالان و ڕێشان حەمۆ ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن. هەڵوێست محەممەد، ئەکتەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "یەکەم ڕۆژی جەژن فیلمەکەمان لە سینەماکانی کوردستان نمایشدەکرێت. دڵنیام وەک چۆن ئێمە پێوەی ماندووبووین بینەرانی فیلمەکە چێژی لێ وەردەگرن". فیلمی پەیکەری دڵ، بەرهەمی کۆمپانیای میترۆنۆم و کام پرۆدەکشنە، (ڕووداو) سپۆنسەری میدیایی دەکات.

### هونەرمەند نەجمەی غولامی بۆ (ڕووداو):

# سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکم بۆ کۆڵبەران



**شەوی نەورۆزی ساڵی 1958 لە گەڕەکی گوڵشەن لە شاری سنە لەدایکبووە. باوکی دوو کوڕە بە ناوەکانی (هێرش و هێژا). دوای شۆڕشی ساڵی 1979ی ئێران، چەند سروودێک تۆمار دەکات، ئیدی ناچار دەبێ سنە جێبهێڵێ و ڕوو لە شاخ بکات. نەجمەی غولامی پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو، بەڵام دەڵێت ئێستا پەیوەندی بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەماوە. لەم هەڤپەیڤینەدا کە ڕادیۆی (ڕووداو) لەگەڵیان کردووە، باس لە دوایین کار و پرۆژەکانی خۆی دەکات.**

**هەڤپەیڤین: کاوان سەلامی**
**ڕووداو - هەولێر**

**ڕووداو: تۆ بەهۆی پێشمەرگایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانت جێهێشت، هونەر چۆن هاتە نێو ژیانی تۆوە؟**

**نەجمەی غولامی:** من هەر لە سەرەتای منداڵیمەوە بەهۆی ئەوەی باوکم و مامم دەنگیان خۆش بوو، لە میوانییەکانی ماڵی خۆمان دادەنیشتن و گۆرانییان دەگوت. لەوێوە خولیای گۆرانیگوتن بووم. گۆڕەپانێکی وەرزشی لە تەنیشت ماڵمان بوو، دارچنارێکی بەرزی لێبوو، دەچوومە سەر دارچنارەکە و گۆرانیم دەگوت، ئیدی هەموو خەڵکەکە گوێیان لێدەبوو. لە تەمەنی 14- 15 ساڵی چووم بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی سنە، لەو کاتەوە ئیدی تاوەکو ئێستا بەردەوامم. کاتێکیش شۆڕشی گەلانی ئێران هەڵگیرسا، کاسێتێکی سروودم بڵاوکردەوە. ئیدی ئەو بەرهەمە وایکرد کە نەتوانم لە شاری سنە بمێنمەوە و ڕووم لە شاخ کرد و چوومە ڕیزەکانی کۆمەڵە. بەڕاستی ئەوە ئەزموونێکی باش بوو، هەرچەندە ئێستا من لەگەڵ هیچ حیزب و ڕێکخراوێک نیم.

> **لەبەر زوڵمی تورکان گوێ لە گۆرانیی تورکی ناگرم**

**ڕووداو: یەکەم کارت چی بوو کە بڵاوبووەوە و پێی ناسرای؟**

**نەجمەی غولامی:** یەکەم بەرهەمم لە کۆشکی لاوان لە سنە تۆمار کرد، ئەویش گۆرانیی (نەخۆش و مەستی دوو چاوی کاڵم) کە لە ئاوازی خۆم بوو.

**ڕووداو: خێزانت چۆن پێکهێنا؟**

> **گۆرانییەکم بۆ ڕامین حسێن پەناهی تۆمار کردووە**

**نەجمەی غولامی:** لەگەڵ هاوژینەکەم کە کچی خاڵی خۆمە، لە تەمەنی 18 ساڵیدا پەیوەندی لە نێوانمان دروست بوو، دوای ئەوە خێزانمان پێکهێنا. دوو کوڕمان هەیە، هێرش لە سنە لەدایک بوو. هێژاش لە شاری سلێمانی.

**ڕووداو: کاری هونەری گرفتی خێزانی بۆ دروست نەکردووی؟**

**نەجمەی غولامی:** ئەوەی لەگەڵ هونەرمەند دەژی دەبێ دڵی زۆر فراوان بێ. بە خۆشحاڵییەوە هەتا ئێستا هاوژینەکەم و منداڵەکانم پاڵپشتم بوون. جاری وا هەبووە بە دوو مانگ لێیان دوور بووم، بە خۆشحاڵییەوە هیچ کێشەیەکیان بۆ دروست نەکردووم، بە پێچەوانەوە پشتگیریشیان کردووم.

**ڕووداو: وەک ئاماژەت پێدا بەهۆی سروودێکەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانت جێهێشت و هاتیت بۆ باشووری کوردستان، دواتر چوویت بۆ تاراوگە، چۆن بوو ژیانی تاراوگەت هەڵبژارد؟**

**نەجمەی غولامی:** من بە خواستی خۆم هەندەرانم هەڵنەبژارد، هاوژینەکەم نەخۆشیی دڵی هەبوو. دکتۆرەکان بڕیاریاندا بچێتە دەرەوە بۆ چارەسەر، ئەگینا گیانی دەکەوێتە مەترسییەوە. لە ئەوروپا نەشتەرگەریی دڵیان بۆ کرد. بۆیە بە ناچاری هەندەرانم هەڵبژارد، ئێستاش دڵم هەر لەلای وڵاتە.

**ڕووداو: جگە لە هونەری گۆرانی، بە چ بوارێکی دیکە سەرسامی؟**

**نەجمەی غولامی:** حەزم لە دونیای شیعرە، بۆیە بۆ گۆرانییەکانم شیعری بەپێز هەڵدەبژێرم. تاڕادەیەکیش توانیومە هەندێک هەڵبەست بۆ گۆرانییەکانم بنووسم.

**ڕووداو: کاتێک بێ تاقەتی حەز دەکەی گوێ لە دەنگی کام گۆرانیبێژ بگری؟**

**نەجمەی غولامی:** لەگەڵ ڕێزم بۆ گۆرانیبێژە تازەکان کە بەرهەمی جوانیان هەیە، بەڵام زۆر و بۆریش هەیە، بەڵام زۆرتر هونەرمەندانی کلاسیک ئارامیم پێدەبەخشن.

**ڕووداو: لە هونەرمەندانی گەنج کێ هەیە کە پێتوایە دواڕۆژێکی باشی دەبێ؟**

**نەجمەی غولامی:** زۆرن، ئێستا لە خەیاڵمدا نییە کامیان. بەڵام پێویستە ئەوان سوود لە ئەزموونی ڕابردووی ئێمە وەربگرن. هەرچەندە داگیرکەرانی کوردستان ئێستا هەوڵ دەدەن کولتوور و گۆرانی ئێمە بشێوێنن. لە باشووری کوردستان هەندێک شوێن وەکو کافتریا و چایخانە بەناوی کەسانێک کراون کە خزمەتی داگیرکەرانی کوردستانیان کردووە. بەردەوامیش گۆرانییەکانی ئەوان لێدەدەن. هیوادارم ئەو دیاردە ناشیرینە نەمێنێ.

> **لەگەڵ هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی ڕۆژهەڵاتدا نیم**

**ڕووداو: جگە لە گۆرانی کوردی، گوێ لە گۆرانیی تورکی، عەرەبی و فارسی ناگری؟**

**نەجمەی غولامی:** گوێ لە گۆرانیی تورکی ناگرم، بەڵام گوێ لە گۆرانیی فارسی، ئینگلیزی و عەرەبی دەگرم. تورک ئەوەندە زوڵمیان لە کورد کردووە، دڵم بەڕایی نادات گوێ لە گۆرانیی تورکی بگرم. لێرەوە داوا لە میدیاکان دەکەم خزمەتی هونەری ڕاستەقینە بکەن، چونکە داگیرکەرانی کوردستان خەریکە کولتوورەکەمان دەشێوێنن. بە داخەوە هەندێک لە میدیاکان شتی بێگانە بڵاودەکەنەوە. هەوڵ بدەن شتی خۆمان پێشکەش بکەن.

**ڕووداو: لەگەڵ وەرزش چۆنی؟**

**نەجمەی غولامی:** زۆر باشم، لە هەفتەیەکدا پێنج ڕۆژ و ڕۆژانە سێ سەعات وەرزش دەکەم.

**ڕووداو: چ کارێکی هونەریت بە دەستەوەیە؟**

**نەجمەی غولامی:** کارێکم بۆ ڕامین حوسێن پەناهی کردووە، هێشتا بڵاونەبووەتەوە، ماوەی پێشتر کارێکم بۆ هەڵەبجە کرد کە لە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە بڵاوکرایەوە. کارێکی زۆر گرنگ کە پێوەی سەرقاڵم، کارێکە بۆ کۆڵبەران. خۆت دەزانی کۆڵبەران لە چ مەینەتییەکدا دەژین. هەڵبەستەکەش خۆم نووسیومە. ئاوازەکەشی هەر خۆم دامناوە.

**ڕووداو: چی وای کردووە گۆرانیی من و سنە وا بە نەمری بمێنێتەوە.**

**نەجمەی غولامی:** لەو گۆرانییەدا هەموو هەستم بەکارهێناوە، زۆر بێتاقەت بووم بۆ سنە، بیرم لە کۆڵانەکانی دەکردەوە، بیری هاوڕێکانم دەکرد. دیارە ئەو گۆرانیانەی پڕ بە پڕی هەستم گوتوومن، ئاوا گوڵیان کردووە. ئێستاش دەچمە هەر شوێنێک داوای ئەو گۆرانییەم لێدەکەن. گۆرانییەکە لە هەڵبەست و ئاوازی خۆمە.

> **چوونم بۆ ئەوروپا ناچاری بوو**

### گۆرانیبێژ هاوار بازرگان بۆ (ڕووداو):

# تورکمانەکانی هەولێر ناسناوی بازرگانیان پێداوم



قۆریات و مەقامە تورکمانییەکان زۆر بە جوانی ئەدا دەکات، ئەگەر کەسە نزیکەکانی نەبن، یان خۆی باسی نەکات، هەمووان وا دەزانن تورکمانی هەولێرە، بەڵام تورکمان نییە و تەنیا سەرسامە بە قۆریات و مەقامی تورکمانی. هەوادارانی هاوار بازرگان ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەڵکشاندان، بە تایبەتی لەنێو تورکمانەکانی هەولێر و کەرکووک. هەر لەلایەن تورکمانەکانیشەوە ناسناوی "بازرگان"ی پێدراوە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو)، هاوار بازرگان باس لە قۆریات و مەقامی تورکمانی دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: ڕەوشی گۆرانی و میوزیکی تورکمانی لە هەولێر چۆنە؟**

**هاوار:** بە حوکمی ئەوەی لە ساڵی 1994وە لە نێو هونەری تورکمانیم، شارەزایەکی زۆرم لێی هەیە. هونەری گۆرانیی تورکمانی زۆر زەنگینە. ڕۆژ دوای ڕۆژیش بەرەو پێش دەچێت، ئێستا گەنجانی زۆر هەن، کە گرنگی بە گۆرانیی تورکمانی دەدەن و دەیانەوێت زیندووی بکەنەوە و نوێگەریشی تێدا بکەن.

**ڕووداو: قۆریات مێژوویەکی دووردرێژی هەیە، ئەو قۆریات خوێنانە کێن کە لە هەولێر ناودارببوون؟**

**هاوار:** قۆریات هونەرێکی مەزنە. هەموو کەسێک ناتوانێت قۆریات بڵێتەوە، چونکە ئەدا و دەنگێکی تایبەتی دەوێت، لە هەولێر قۆریات خوێنی زۆرباشمان هەیە، خوالێخۆشبوو مشکۆ یەکێک لە هونەرمەندە مەزنەکان بوو کە بەشێوەیەکی زۆر نایاب قۆریاتی دەگوتەوە، دواتر یەشار مشکۆ، کوڕی هونەرمەند مشکۆ توانی ببێتە میراتگری باوکی لە گوتنەوەی قۆریات، دواتر مامۆستا سالم فەتاح، دواتر چەندین گەنجی دیکە ڕێچکەی ئەم هونەرمەندە مەزنانەیان گرت و توانیان قۆریات زیندوو ڕابگرن، قۆریات هونەرێکە تایبەتە بە هەولێر و کەرکووک، لە نێو تورکدا قۆریات بەم شێوەیەی هەولێر و کەرکووک نییە.

**ڕووداو: هونەری قۆریات هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا کراوە، یان هەروەکو ڕابردووە.**

**هاوار:** بێگومان ئێستا قۆریات لە ڕووی میوزیک و ئەداکردنەوە گۆڕانکاری باشی بەخۆیەوە بینیوە، کۆمەڵێک لە میوزیکژەنان و گۆرانیبێژان توانیویانە نوێگەری و داهێنان لە قۆریاتدا بکەن، بەڵام تام و چێژی کۆنی خۆی لە دەستنەداوە.

> **تورکمان نیم بەڵام قۆریات بە باشی دەڵێمەوە**

**ڕووداو: لە نێو هونەری تورکماندا ئەکلەنجە هەیە، ئەکلەنجە چییە؟**

**هاوار:** تاوەکو ئێستاش خەڵکانێکی زۆر بەهەڵە لە ئەکلەنجە تێگەیشتوون، دەڵێن مەقامی ئەکلەنجەکم بۆ بڵێ، خۆی ئەکلەنجە مەقام نییە. بەڵکو ئەکلەنجە زۆرتر بۆ ئاهەنگی بووکگواستنەوەی تورکمانانە، پیاوەکان بە جیا و ژنەکانیش بە جیا دادەنیشتن و ئاهەنگیان دەگێڕا و سەمایان دەکرد، بەمە دەگوترێ ئەکلەنجە کە جۆش و خرۆشێکی زۆری هەیەو دڵی مرۆڤەکان خۆش دەکات، بۆیە لە هونەری تورکماندا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت و بەردەوامیش گۆڕانکاری لە ڕووی گوتنەوەو میوزیکدا تێدا دەکرێت.

> **هەندێک کەس ئەکلەنجە بە گۆرانی تێگەیشتوون و داوای دەکەن**

**ڕووداو: بە چەند زمان گۆرانی دەڵێی؟**

**هاوار:** لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکان بە چوار زمان گۆرانی دەڵێم، وەکو زمانی کوردی، تورکمانی، عەرەبی و تورکی، هەوڵمداوە بە زمانەکانی دیکەش گۆرانی بڵێم، چونکە بۆ هونەرمەند زۆر گرنگە بە زمانەکانی دیکەش گۆرانی بڵێت، بۆ ئەوەی هونەرەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات، سوود لە پێشکەوتن و داهێنانەکانی نەتەوەکانی دیکەش وەریگرێ.

**ڕووداو: بۆچی هاوار لە میدیاکان کەمتر دەردەکەوێت؟**

**هاوار:** من لە ساڵی 1989وە گۆرانی دەڵێم، بەڵام زیاتر لە ئاهەنگە خێزانییەکان دەردەکەوم، کەمتر کاتم هەبووە بۆ دەرکەوتن لە میدیاکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەفتانە لە شەوە ئاهەنگەکان دەردەکەوم و گۆرانی دەڵێم، بەڵام بڕیارمداوە لەمەو بەدوا زیاتر لە میدیاکان بەکاری نوێ و جوان دەربکەوم.

> **قۆریات تایبەتە بە هەولێر و کەرکووک**

**ڕووداو: گۆرانی تورکمانی دەڵێیت، بەڵام خۆت لە تورکمان نیت؟**

**هاوار:** تاوەکو ئێستا زۆر کەس وادەزانێت من تورکمانم، بەڵێ من کوردم و خەڵکی هەولێرم، بەڵام شانازی بە گۆرانی تورکمانی دەکەم، چونکە زۆر شت لە هونەری تورکمانی فێربووم. لە ساڵی 1994وە من گۆرانی تورکمانی دەڵێم و تاوەکو لە ژیان بمێنم گۆرانی بە تورکمانی و زمانەکانی دیکە دەڵێمەوە، بۆ من جیاوازی نییە لەنێوان تورکمانی و کورد، نازناوی بازرگانیش هەر لەلای ئەوان بۆم دانراوە.

> **هونەری تورکمانی هونەرێکی زۆر زەنگینە**

**ڕووداو: دوایین پرۆژەی هونەریت چییە؟**

**هاوار:** پاش ئەوەی چەند گۆرانییەکی سلۆم بڵاو کردەوە، ئەمجارە بڕیارمداوە گۆرانییەکی شاد و هەڵپەڕکێ لەگەڵ میوزیکژەنی گەنج ئەحمەد ئازاد بکەم کە ئێستا کاری لەسەر دەکەین و لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاوی دەکەینەوە.

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (556) - دووشەممە 2019/5/27



## ئەڵمانەکان کورد بە قوربانی تورکیا دەزانن

**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە ئەڵمانیا ژمارەی ئەو خەڵکەی کورد بە قوربانی تورکیا دەزانن ڕووی لە زیادبوون ناوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە ڕێژەی تاوانەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا نزیکەی 54% زیادیکردووە، هۆکاری ئەو زیادبوونەشی بۆ گرژی نێوان کۆمەڵگای کورد و تورکی ئەڵمانیا گەڕاندووەتەوە.

حکومەتی ئەڵمانیا یەکێک لە هۆکارەکانی گرژی و شەڕی نێوان هەردوو کۆمەڵگاکەی بۆ هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین گەڕاندووەتەوە کە لە ئاداری ساڵی ڕابردووەوە کەوتووەتە دەست هێزەکانی تورکیا و میلیشیاکانی.

## لە سوێد بازاڕی تەحین و سماقی کوردی گەرمە

# 10 جۆر بەرهەمی کوردستان دەگاتە بازاڕەکانی ئەوروپا

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

گەیاندنی بەرهەمی کوردستان بە ئەوروپا لە خواستی تاکە کەس دەرچووە و ئێستا بازرگانی بۆ پەیدا بووە. بازرگانێک کە بەرهەمی کوردی دەباتە ئەوروپا، دەڵێت ئەگەر حکومەت کارئاسانییان بۆ بکات، دەتوانن بەرهەمی خۆماڵی بگەیەننە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا، خاوەنی مارکێتێکی کوردیش لە سوێد دەڵێت، ئێستا بەشێک لە کڕیاری بەرهەمەکانیان سوێدی و نەرویجین.

نەشوان ڕەشاڤەیی، 15 ساڵە لە نەرویج نیشتەجێیە، ئەو شەیدای خواردن و کاڵای کوردییە، بەڵام لە نەرویج زۆر بە کەمی دەستی دەکەوێ، بۆیە ناچارە ناوبەناو بچێتە سوێد بۆ کڕینی خواردنی کوردی.

نەشوان دەڵێت: "نزیکەی پێنج ساڵە هەر دوو مانگ جارێک یان مانگی جارێک لە نەرویجەوە دەچم بۆ بازاڕێکی سوێد بۆ کڕینی خۆراکی کوردی. بازاڕەکە بۆنی کوردستانی لێدێ، چونکە پڕیەتی لە خۆراکی کوردی".

ئەو بازاڕەی نەشوان و کوردی دیکە خۆراکی لێدەکڕن، لە شاری سترۆمستادی نزیک یۆتۆبۆرییە لە سنووری نەرویج و بازاڕێکی گەورەیە. بەشێکی زۆر لە نەرویجییەکان بەهۆی ئەوەی خۆراک و کاڵا لە وڵاتەکەیان گرانە، ڕوو لەو بازاڕە دەکەن.

لە بازاڕە گەورەکەی سترۆمستاد چەند مارکێتێک هەن ناوی کوردییان بەسەرەوەیە، ناویشیان پڕیەتی لە خۆراکی کوردی، لەوانەش مارکێتی کەرکوک و مارکێتی سلێمانی کە ئەوەی یەکەمیان ساڵانێکی زۆرە کراوەتەوە.

سیزار کە بە سوێدی و نەرویجی وەڵامی موشتەرییەکانی دەدایەوە، کاتێک زانی ئێمە کوردین، بە کوردی قسەی کرد. سیزار گوتی: "زیاتر لە 10 ساڵە ئەو مارکێتەمان لێرە داناوە. چوار ساڵە لە ڕێگەی بازرگانانەوە خۆراک و کاڵای کوردیمان بۆ دێت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش خواست لەسەر خۆراکی کوردی بە تایبەتی لە لایەن بیانییەکانەوە زیاتر دەبێ".

لە نێو مارکێتەکەی سیزاردا زیاتر لە 10 خۆراکی کوردی هەن، وەک تەحین، ترش (سماق)، هەنگوین، برنج، دۆشاو و.... کە سیزار دەڵێت "100% خۆماڵین". سەبارەت بە موشتەرییەکانیشی دەڵێت: "کورد، عەرەب و فارس کڕیاری بەردەوامن. هەروەها کڕیاری سوێدی و نەرویجیشمان هەن، بەڵام ئەوان زۆرتر حەزیان لە تەحین و سماقە".

سیزار ئاماژەی بەوەدا کە بەرهەمی زیاتر لە 40 وڵات لە نێو مارکێتەکەی ئەودا هەن، بەڵام هیچیان بە قەد بەرهەمە کوردییەکان خۆشحاڵی ناکەن. بە تایبەتی کاتێک کەسێک لە بەرهەمە کوردییەکان دەپرسێ. سیزار دەڵێت: "هەرچەندە بەرهەمی کوردی لە نێو مارکێتەکەم زۆر کەمە، بەڵام ئەگەر کەمیش بێ بۆ ئێمەی کورد کە لە غوربەت دەژین، کەیفمان زۆر پێی دێت، بەتایبەتی کاتێک بیانییەک داوای دەکات".

ئەنتوان ئەلبێرت، دانیشتووی نەرویجە، زوو لەگەڵ خێزانەکەی بۆ بازاڕکردن دەچنە سوێد. زۆربەی جاریش دەچن بۆ مارکێتە کوردییەکان. ئەلبێرت کە لە مارکێتەکەی سیزار خەریکی کڕینی خۆراک بوو، گوتی: "چوار مانگ لەمەوبەر هاتم بۆ ئەو مارکێتە، لێرە تەحینم کڕی، کە پێیاندەگوت تەحینی کوردی، دوای ئەوەی تێستم کرد، تامێکی زۆر خۆشی هەبوو. بۆیە هەر کاتێک بێم بۆ ئەو بازاڕە تەحینی کوردی دەکڕم".

کوردی تاراوگە کاتێک دێنەوە کوردستان، لە گەڕانەوەیاندا جانتاکانیان پڕ دەکەن لە خۆراکی کوردەواری، بەڵام بەهۆی کردنەوەی چەند بازاڕێکی کوردی، ڕەنگە چیدی پێویستیان بەوە نەبێ، باری خۆیان بە خۆراکی کوردی قورس بکەن. ئێستا چەند بازرگانێک خۆراکی کوردی بۆ ئەوروپا دەگوازنەوە.

سیروان سیامەند، بازرگانێکی کوردی دانیشتووی شاری هەولێرە، ماوەی چەند ساڵێکە خۆراک و کاڵای کوردی هەناردەی وڵاتانی ئەوروپا دەکات. سیروان دەڵێت "نەک تەنیا بەرهەمی کوردستان، بەڵکو بەرهەمی وڵاتانی دیکەش کە دێتە کوردستان ئێمە هەناردەی ئەوروپا دەکەین، بەتایبەتی نۆک و برنج و فاسۆلیا، بەڵام بەشێک لەو بەرهەمانەی ئێمە هەناردەی دەکەین بەرهەمی کوردین".

بە گوتەی سیروان لە دەرەوە خواست لەسەر بەرهەمی کوردی باشە، بەڵام گرفتی زۆربەی بەرهەمە کوردییەکان ئەوەیە کە وەرزین و هەڵناگیرێن، بۆیە بەردەوام لە بازاڕەکاندا نین.

ئەو گلەیی لە حکومەت هەیە کە لە مەسەلەی باج و گومرگ هاوکاریان ناکات و گوتی "ئەگەر حکومەت کەمێک کارئاسانیمان بۆ بکات و باج و گومرگمان لەسەر کەم بکاتەوە، دەتوانین بەرهەمی کوردی بگەیەنینە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا".

> ئەگەر حکومەت هاوکاریمان بکات دەتوانین بەرهەمی کوردستان بگەیەنینە زۆربەی وڵاتانی ئەوروبا
>
> بازرگانێک

> چوار مانگە تەحینی کوردی دەخۆم
>
> هاووڵاتییەکی نەرویجی



سوێدی و نەرویجی حەزیان لە تەحین و سماقی کوردییە (فۆتۆ: ڕووداو)

## ئیبراهیم دۆغوش، سەرۆکی شارەوانیی شارۆچکەی لامبێسی سەر بە لەندەن بۆ (ڕووداو):

# بەم نزیکانە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەم

**گوڵبەهار ئاڵتاش**
**ڕووداو- هەولێر**

لە هەڵبژاردنەکانی 2017دا بەربژێر بوو بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا، کەچی دەنگی پێویستی نەهێنا، بەڵام کۆڵی نەدا و ئەمجارەیان خۆی بۆ سەرۆکایەتی شارەوانیی شاری لامبێس پاڵاوت و دەنگی پێویستی هێنا.

ئیبراهیم دۆغوش، تەمەن 38 ساڵ کە بەڕەچەڵەک کوردە و خەڵکی شارۆچکەی ئەلبیستانی سەر بە پارێزگای مەرەش-ی باکووری کوردستانە، لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری 2018ی شارەوانییەکانی بەریتانیا بە سەرۆکی شارەوانیی شاری لامبێس (Lambeth)ی سەر بە لەندەنی پایتەخت هەڵبژێردرا. ئەو دەڵێت چەند جارێک سەردانی باشووری کوردستانی کردووە، لە چەند مانگی داهاتوودا دووبارە سەردانی کوردستان دەکاتەوە.

دۆغوش لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی تورکی پۆرتاڵی (ڕووداو) دەڵێت، هاوژینەکەی ڕایفە ئایتەک کە خەڵی شارۆچکەی لجێی ئامەدە، لەپشت سەرکەوتنەکانی بووە.

دۆغوش 30 ساڵە لە ئینگلتەرا نیشتەجێیە. لە تەمەنی 18 ساڵییەوە تێکەڵی سیاسەت بووە و بووەتە ئەندامی پارتی کرێکارانی ئینگلتەرا، کەسێکی چالاکی نێو پارتەکەی بووە، بۆیە ساڵی 2017 یەکێک لە بەربژێرەکانی پارتەکەی بوو بۆ پەرلەمانی بەریتانیا لە بازنەی لەندەن و وێستمینیستەر، توانی 9.25%ی دەنگەکانی پارتەکەی لەو بازنەیە بهێنێ، بەڵام دەنگی پێویستی بۆ گەیشتن بە پەرلەمان نەهێنا.

ئیبراهیم دۆغوش، ماوەی مانگێکە وەک سەرۆکی شارەوانیی لامبێس دەستبەکار بووە. ئەو دەڵێت: "ساڵانێکی زۆرە لە بەریتانیا سیاسەت دەکەم و لەم نێوەندەدا کاریگەریم هەبووە. لە ماوەی کاری بەردەوامی مانگێکدا، توانیم سەرکەوتوو بم و بە سەرۆکی شارەوانیی لامبێس هەڵبژێردرێم"، بەڵام دەڵێت ئەو پۆستە جگە لە سەرقاڵی زۆر و زیادبوونی بەرپرسیارێتی و ئەرکی سەرشانی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لە ژیانی ئەودا نەکردووە.

شێوازی بانگەشەکردن و کۆکردنەوەی دەنگ و گوتارەکانی، سەرنجی سیاسەتڤانان و خەڵکی شاری لامبێسی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و ناوبانگێکی باشی بەدەستهێنا. کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا پشتیوانی بوون، بەڵام ئەو دەڵێت بۆ خزمەتکردن جیاوازی لە نێوان هیچ پێکهاتەیەکی شارۆچکەکەی ناکات.

دۆغوش دەڵێت: "وەک سەرۆک شارەوانیی شاری لامبێس، خزمەتی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی ئەم شارە دەکەم و هەموو تواناکانم دەخەمەگەڕ بۆ ئەوەی باشترین خزمەتگوزارییان پێشکەش بکرێ".

ئیبراهیم دۆغوش، 24 ساڵە خواردنگەیەکی خۆی بەڕێوەدەبات. سەرۆک و دامەزرێنەری ناوەندی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی تورکیا CEFTUS بوو کە ساڵی 2011 دایمەزراند. لە ڕێگەی پانێل و سەمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ناوەندەکەیەوە توانیویەتی، ژمارەیەکی بەرچاو لێکۆڵەر و سیاسەتڤانی تورک و ئینگلیز کۆبکاتەوە.

ساڵی 2017 لە کاتی هێرشە تیرۆریستییەکەی سەر لەندەن دەرگای خواردنگەکەی بۆ 500 پۆلیس کردەوە و ڕۆژانە خواردن و خواردنەوەی بێ بەرامبەری پێشکەش دەکردن. بەمەش دەوڵەت بەفەرمی سوپاسی کرد و کۆمەڵگەی لەندەنیش بە بایەخەوە باسیان کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وەک کەسایەتییەکی خۆشەویست بناسرێت.

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چەندین خەڵاتی جۆراوجۆری بەدەستهێنا بەهۆی ئەوەی خاوەنی خۆشترین و باشترین کەبابە و ناوبانگێکی زۆری لە ئینگلتەرا هەیە، چەندین بەرنامە و ڕاپۆرتیان لەگەڵ ساز کرد و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش باس دەکرا.

ئیبراهیم دۆغوش پێشتریش سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، لە وەڵامی ئەوەی کە ئایا دوای وەرگرتنی ئەو پۆستە، لە پلانیدا هەیە سەردانی هەرێمی کوردستان بکاتەوە؟ دۆغوش دەڵێت: "بەدڵنیاییەوە بەڵێ، لە بەرنامەمدایە لە چەند مانگی داهاتوودا سەردانی هەرێمی کوردستان بکەم. ئەگەر پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراو نەیەتە پێش بەدڵنیاییەوە سەردانەکەم دەکەم".

ئامانجی سەردانەکەشی بۆ هەرێمی کوردستان ڕوونەدەکاتەوە و دەڵێت: "نیازم هەیە پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ شارەوانییەکانی کوردستان بەهێز بکەم".

ئیبراهیم دۆغوش لە تەمەنی 8 ساڵییەوە لە بەریتانیا نیشتەجێیە و تەواو تێکەڵی کۆمەڵگەی بەریتانی بووە، بۆیە ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکات کە ڕوو لە ئەوروپا دەکەن و دەڵێت: "پێویستە تاکی کورد لە تەواوی وڵاتانی ئەوروپا بەشداربن لە کایە و چالاکییە کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، هونەری، ئابووری و سیاسییەکان. هەروەها وەک هاووڵاتییەکی ئەوروپی هەموو ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان بەشێوەیەکی کارا بەجێ بگەیێنن و خۆیان ماندوو بکەن و زۆر کار بکەن".

دۆغوش خێزاندارە و باوکی دوو منداڵە، هاوژینەکەی (ڕایفە ئایتەک) خەڵکی لیجەی سەر بە شاری ئامەدە. ئەو زۆر پەسنی هاوژینەکەی دەدات و دەڵێت: "گرنگترین مرۆڤە لای من". ئیبراهیم پێیوایە ئایتەک نهێنی سەرکەوتنەکانیەتی لە ژیان.

سەبارەت بە پلان و پرۆژەی داهاتوویان، ئیبراهیم دۆغوش دەڵێت: "هەوڵەکانم چڕ دەکەمەوە بۆ گەیاندنی باشترین خزمەتگوزاری لەهەموو ڕوویەک بۆ هاوشارانم. بەردەوام دەبم لە خزمەتکردنیان".

> پۆستەکەم هیچی لە ژیانم نەگۆڕیوە

> هاوژینەکەم لە پشت سەرکەوتنەکانمە



## لە قەڵادزێ دوو ژن سووتان



**ڕووداو- قەڵادزێ**

لەماوەی کەمتر لە 24 سەعاتدا، لە دوو ڕووداوی جیاوازدا کچێک و ژنێک لە سنووری قەڵادزێ سووتان، یەکێکیان مرد و ئەوی دیکەش 80%ی جەستەی سووتاوە. بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕۆژی 2019/5/25 ڕایگەیاند "ژنێک بەناوی (س.ع.م.)، دایکی سێ منداڵ، پیشەی مامۆستا، دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕین لە قەڵادزێ، سووتا. بەڵام هۆکاری سووتانەکەی نادیارە". لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "لەسەر سکاڵای کەسوکاری مامۆستاکە، دادوەر بڕیاریدا بە ڕاگرتنی هاوژینەکەی. لە ڕووداوێکی دیکە کچێک بەناوی (ب.م.ر) دانیشتووی گوندی گرتکی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر، بەهۆی گڕگرتنی بوتڵی غاز سووتاوە". کچەکە، بەهۆی سەختی برینەکەی مردووە.

# لە حاجیاوا دەرچوویەکی زانکۆ خۆی سووتاند



**ڕووداو- حاجیاوا**

ڕێناس هەشت ڕۆژ لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە بوو، کەسوکارەکەی چاوەڕێ بوون شتێک بڵێ و بزانن بۆچی خۆی سووتاندووە؟ کێشەی لەگەڵ کێ هەبووە؟ کێ دڵی شکاندووە؟ بەڵام لەو ماوەیە بە یەک ڕستە هەمووانی شۆک کرد کاتێک گوتی "بێزار بووم و حەزم لە مردن بوو، بۆیە خۆم سووتاند".

بەرەبەیانی ڕۆژی 2019/4/29 کچێکی تەمەن 29 ساڵ بەناوی (ڕێناس.خ.م) دانیشتووی شارۆچکەی حاجیاوا، لەنێو ماڵەکەیدا بەنزینی بەخۆیدا کرد و ئاگری لە خۆی بەردا، کەسوکارەکەی بە پەلە بردیان بۆ نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە، بەڵام لەبەر زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی. هەشت ڕۆژ لەوێ مایەوە و مرد.

شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو کچە دەرچووی زانکۆ بوو، دانیشتووی گەڕەکی تێکۆشەر بووە لە ناحیەی حاجیاوا، بەنزینی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە، هەر دوای ڕووداوەکە پۆلیس دۆسیەی بۆ کردەوە".

بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی پۆلیس کردوویەتی، ئەو کچە ڕاپۆرتی پزیشکی هەبووە کە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکی خۆسووتاندنەکەی بووە. لە نەخۆشخانەش سەرەڕای ئەوەی باری تەندروستی جێگیر نەبووە، چونکە 75%ی جەستەی سووتابوو، بەڵام گوتی خۆی ئاگری لە خۆی بەرداوە، سکاڵاشی لەسەر کەس نەبووە، بۆیە کەس لەسەر ڕووداوەکە دەستگیر نەکراوە.

ئەگەرچی کەسوکارەکەی دەڵێن ڕێناس هەر لە منداڵییەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، بەڵام توانیبووی بە سەرکەوتوویی زانکۆ تەواو بکات.

(م.خ) باوکی ڕێناس، باسی ژیانی کچەکەی دەکات و دەڵێت: "کچەکەم چەند ساڵێک بوو بە دەست نەخۆشیی گورچیلەوە دەیناڵاند، نەشتەرگەریمان بۆ کرد و چاک بووەوە، بەڵام هەر لە منداڵییەوە نەخۆشیی خەمۆکی هەبوو، بەردەوام دەمانبرد بۆ لای پزیشک".

وەک باوکی ئاماژەی بۆ کرد، ڕۆژێک پێش ئەوەی ڕێناس خۆی بسووتێنێ، بردوویانەتەوە لای پزیشکە تایبەتەکەی لە سلێمانی، پزیشکەکەی دەرمانی تازەی بۆ نووسیبوو، بەڵام ڕۆژی دواتر ئاگری لە خۆی بەردا.

باوکی ڕێناس باسی ساتی خۆسووتاندنی کچەکەی دەکات و دەڵێت: "بەیانی زوو بوو، هێشتا هەموومان لەخەو هەڵنەستابووین، ڕێناس بەنزینی بە جەستەی خۆیدا کردبوو، لە گەرماوەکە ئاگری لە خۆی بەردابوو".

باوکی ڕێناس بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە باسی لەوە کرد کە هەشت ڕۆژ لە نەخۆشخانە بەدیار سەری کچەکەیەوە وەستاون، چاوەڕێی دەستی پزیشکەکانیان کردووە، بەڵکو بتوانن هەواڵێکی دڵخۆشکەریان بدەنێ، بەڵام ڕێناس بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی لە ڕۆژی 2019/5/7 ماڵئاوایی لە دنیا کرد.

ئەو ماوەیەی ڕێناس لە نەخۆشخانە بووە، کەسوکارەکەی چەند جارێک لێیان پرسیوە: بۆچی خۆت سووتاند؟ هەموو جارێک وەڵامی ئەوە بووە کە: "بێزار بووم لەو ژیانە، حەزم لە مردن بوو، بۆیە خۆم سووتاند".

باوکی ڕێناس پەنجەی تۆمەت بۆ کەس درێژ ناکات و دەڵێت: "کەس بەرپرس نییە لە خۆسووتاندنی کچەکەم، ئەو نەخۆشیی دەروونی هەبوو، هەر لەبەر ئەوەش خۆی سووتاند".

دەشڵێت: "کچەکەم زانکۆی تەواو کردبوو، زۆر حەزی دەکرد دابمەزرێ و لە بوارەکەی خۆی خزمەت بکات، بەڵام دانەمەزرا، کاتێکیش بێ ئومێد بوو لەوە، حەزی دەکرد هەموومان سەری خۆمان هەڵبگرین و بچینە دەرەوەی وڵات، بەڵام ڕێی تێنەدەچوو، بۆیە وازی لەو بیرۆکەیەش هێنا".

باوکی ڕێناس دەڵێت دەیانزانی کچەکەیان نەخۆشە، بەڵام قەت لەو باوەڕەدا نەبوون، نەخۆشییەکەی سەربکێشێ بۆ بیرکردنەوە لە خۆسووتاندن. ڕێناسیش بە درێژایی ئەو ماوەیەی نەخۆش بووە و چەندینجار باری تەندروستی تێکچووە، بەڵام باسی خۆلەناوبردنی نەکردووە.

# ژاڵە.. لە بڕیاری خۆکوشتنەوە بۆ فریادڕەس

**تارا عەزیز- کەرکووک**

ژنێکی بێدەنگە، دایکی سێ منداڵە. سەختیی ژیان پیری کردووە، ئەگینا لە هەڕەتی گەنجیدایە. ئازارێکی قووڵ لە پشتی ڕوخسارە هێمنەکەیەوە خۆی حەشارداوە، ئەگەر باسی نەکات هیچ کەسێک هەستی پێناکات، سەرباری دڵڕەقیی زەمانە، هێشتا ئومێد لەناو ئازارەکانیدا دەبینی و ئامادە نییە کۆڵ بدات.

ژاڵە، ناوی خوازراوی ئەم ئافرەتەیە کە لە منداڵییەوە گیرۆدەی بڕیارە سەپاوەکانی خێزانەکەی بووە و لەتەمەنێکی کەمدا، بەجۆرەها ئەشکەنجە و ئازاری جەستەیی و دەروونیدا تێپەڕیوە! بەڵام ئێستا خانمێکی پێگەیشتووە و باسی نەهامەتیی خۆیمان بۆ دەکات.

ژاڵە لە تەمەنی 12 ساڵیدا دراوەتە پیاوێک کە 28 ساڵ لەو گەورەتر بووە. ژاڵە گوتی "نەمدەزانی شوو چییە! من پیاوەکەم نەبینیبوو، نەشمدەزانی بۆ کوێم دەبەن، تەنیا ئەوەندەم لەبیرە کە جلی سپییان لەبەرکردم". ئیدی لێرەوە چیرۆکی ژاڵە دەستپێدەکات.

دوای ئەوەی بەزۆر دەدرێتە پیاوێکی هاوتەمەنی باوکی، بۆ ژاڵە سەخت دەبێت لەمانای هاوسەرگیری تێبگات، ژنە بەتەمەنەکانی نزیکی خێزانەکەی ئامۆژگارییان کردووە، هەر ئەوانیش هەڵسوکەوتە سادە و منداڵانەکانیان سەرکۆنە کردووە و پێیانگوتووە "تۆ شووت کردووە، منداڵ نیت".

ژاڵە ناچار دەبێت ژیانێک بژیت کە نازانێت چارەنووسی چییە. ئەو دەڵێت: "چوار ساڵ لەگەڵ ئەو پیاوەدا ژیام، هەموو شەوێک بە مەستی دەهاتەوە و لێیدەدام، هەموو جۆرە جنێوێکی پێدەدام. دایکم و خزمەکانم قەناعەتیان پێهێنابووم کە پەیوەندی هاوسەرگیری هەر وایە و دەبێت بەرگەی بگرم! تەنیا لەپێناو ئەوەی پێم نەگوترێ تەڵاقدراوە، بەڵام تاوانی من چی بوو منداڵیم وابێت؟".

ژاڵە ئامۆژگارییەکانی لەمێشکدا ماوە، هەر بۆیە بێدەنگ دەبێت کاتێک دوو ژنی بەسەردا دەهێنرێت. لە تەمەنی 13 ساڵی یەکەم منداڵی دەبێت، لە ماوەی چوار ساڵ ژیان لەگەڵ مێردەکەی دەبێتە دایکی سێ منداڵ. بەپێچەوانەی ئەوەی پێیگوترابوو، منداڵ خستنەوە پەیوەندییەکەی باشتر نەکرد، بەڵکو وایکرد ژاڵە بەتەنها بەرپرسیارێتی خێزان هەڵگرێت: "مێردەکەم هیچکات وەکو هاوسەری خۆی تەماشای نەکردووم، ژمارەکەی منی دەدایە هاوڕێکانی، دەیگوت ئەمە دۆستمە قسەی لەگەڵ بکەن! بەردەوام دەترسام ڕۆژێک خۆم و منداڵەکانم بفرۆشێت".

ژاڵە بە بینینی خوشکەکانی و دایکی کە بارودۆخیان لەژاڵە باشتر نییە، هەوڵدەدات بەرگەی سوکایەتییەکان بگرێت و بێدەنگ بێت لەو ئەشکەنجە و ئازارە دەروونیەی ئەو دوو ژنەی بەسەریدا هێنرابوو، تا ئەو ڕۆژەی کوڕە تەمەن سێ ساڵانەکەی تووشی خوێنبەربوون دێت و پێویستی بە نەخۆشخانە دەبێت.

ژاڵە هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێ و چاوەکانی دادەخات، وەک ئەوەی بیەوێ ئەو ڕۆژە بەتەواوی بێنێتەوە بەرچاوی: "پێیگوتم کێ دەڵێ ئەمە کوڕی منە، چ پێویست دەکات من بیبەم بۆ نەخۆشخانە! منیش ناچار بووم خۆم بیبەم، دواتر کە مێردەکەم زانی خۆم بردوومە جنێوی پێدام و ویستی لێم بدات، بۆ یەکەمجار هەستمکرد پێم قبووڵ ناکرێ و بەرگریم لەخۆم کرد و بێدەنگیم شکاند، لەسەر ئەو قسانەم تەڵاقیدام".

هەرچەندە کە مێردەکەی دواتر هەوڵیداوە دۆخەکە ئاسایی بکاتەوە، بەڵام ژاڵە پێیوابووە ناتوانێت جارێکی دیکە هەمان ژیان لەگەڵ ئەو بەرێ بکاتەوە و ئەمەی بە دەرفەت زانی بۆ ڕزگاربوون لەو ژیانە. لەوێدا سەرەڕای دژایەتییەکانی خێزانەکەی، ئەو سوور دەبێت لەسەر نەگەڕانەوەی. هەر بۆیە لە کۆتاییەکانی تەمەنی 16 ساڵیدا جیادەبێتەوە لە مێردەکەی و لەگەڵ سێ منداڵەکەیدا دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی.

دوای جیابوونەوەی و دەستپێکردنی ژیانێکی نوێی پڕ ئازار بەخەمی ژیان و منداڵەکانیەوە، بە دەنگێکی تێکشکاوەوە گوتی: "چوار جار بەجدی هەوڵمدا خۆم بکوژم، ژیانی منداڵەکانم نەبووایە من ئێستا مردبووم".

ماوەیەک تێدەپەڕێ بەسەر جیابوونەوەیدا و ژاڵە بڕیار دەدات چیدی بیر لە خۆکوشتن نەکاتەوە و زاڵبێت بەسەر هەموو زەحمەتییەکانی ژیانی و ڕووبەڕوویان ببێتەوە، بۆیە سەرەڕای ئەرکە خێزانییەکەی، بڕیار دەدات دەستبکاتەوە بەخوێندن، تاقیکردنەوەی دەرەکی دەکات و سەرکەوتوو دەبێت. پاشان لە هەوڵی بەدەستهێنانی کارێکدا دەبێت و گرنگی بە توانجی دەوروبەر و خێزانی نادات.

ئێستا دوای 10 ساڵ لەجیابوونەوە، تەمەنی بووە بە 26 ساڵ، لە ڕێکخراوێکی دژ بە توندوتیژی وەکو داکۆکیکارێک لە مافی ئافرەت کاردەکات و ڕۆژانە کێشەی ژنان چارەسەر دەکات. چەندین کەسی پەشیمان کردووەتەوە لە بڕیاری خۆکوشتن، منداڵەکانی لە قوتابخانەن و بەردەوام لە هەوڵی دابینکردنی داهاتوویەکی جێگیرە بۆیان.

هەرچەندە هێشتا تەواو ئازاد نییە، بەڵام سوورە لەسەر دەستبەردار نەبوون لە کارەکەی "بەردەوام پێمدەڵێن ئافرەتی بێوەژن نابێ بچێتە دەرەوە! بەڵام من گرنگی بەم قسانە نادەم، چونکە ئافرەت بەهێزە و نابێ ڕێگا بدات تواناکانی لەباربرێت".

**ئەم ڕاپۆرتە بە هاوکاری و پشتگیریی ڕێکخراوی internews ئامادەکراوە.**

# بە گرتە ڤیدیۆیەک، مێردەکەی دەڕووتێنێتەوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

شیرین هەستی بە گۆڕانی هەڵسوکەوتی مێردەکەی کردبوو، دڵنیابوو لەوەی کە بەبێ هۆ نییە، دواتر بە بەڵگەی ڤیدیۆیی بۆی ئاشکرا دەبێ کە مێردەکەی پەیوەندی لەگەڵ ژنە کارگوزارێکی فەرمانگەکەیان هەیە. هەر لە ڕێگەی ئەو گرتە ڤیدیۆیەوە دەست بەسەر ماڵ و سەروەتی مێردەکەیدا دەگرێ.

شیرین ناوی خوازراوی ئافرەتێکی 40 ساڵانە، ماوەی 13 ساڵە هاوسەرگیری لەگەڵ عادلی تەمەن 43 ساڵ کردووە و خاوەنی سێ منداڵن. شیرین لەلایەن مێردەکەیەوە سکاڵای لەسەر تۆمار کرابوو، بە فەرمانی دادوەر بۆ بنکەی پۆلیس هێنرابوو.

شیرین کە چاوەڕێ بوو ئیفادەی لێوەربگیرێ، بە (ڕووداو)ی گوت: "لەگەڵ عادل بە خۆشەویستی هاوسەرگیریمان کرد. پێنج ساڵە شوفێری فەرمانگەیەکە. نزیکەی شەش مانگە شەوان بە بیانووی یاریی پەبجی درەنگ دەخەوت، زۆرجار لە کاتی یاریدا هاواری دەکرد، هەندێکجاریش بە هێواشی قسەی دەکرد".

ئەو کە هاوژینەکەی بە کەسێکی کەمدوو و تووڕە وەسف کرد، دەڵێت: "ئەو ماوەیە هەڵسوکەوتی تەواو گۆڕابوو، جاران ئەگەر شەوێک نەهاتبامەوە، ماڵەکەی لێ دەبوو بە دۆزەخ، بەڵام بەمدواییە زوو زوو دەیگوت بۆ سەردانی دایک و باوکت ناکەی؟ ئەوان بە تەمەنن، ئەگەر شەو لەلایان بمێنییەوە دڵیان پێی خۆش دەبێ".

ئەو قسانەی عادل گومانی زۆر لەلای شیرین پەیدا دەکات، بۆیە شەوێک سەیری مۆبایلەکەی دەکات و پەیوەندی بە دوایین ژمارەوە دەکات کە عادل قسەی لەگەڵ کردووە، ژنێک وەڵام دەداتەوە و دەڵێت "دایخەوە ئێستا مەجالم نییە".

شیرین لەوە دڵنیا دەبێتەوە کە مێردەکەی خیانەتی لێ دەکات، بۆیە پلانی دووەمی بۆ دادەنێ. شەوێک مۆبایلێک دەخاتە ژێر تەختی خەوتنەکەی و بە نهێنی دەنگی تۆمار دەکات. دواتر بۆی دەردەکەوێ کە عادل پەیوەندی بە کارگوزارێکی فەرمانگەکەیانەوە هەیە.

شیرین گوتی: "عادل پێی دەیگوت دوای ئەو چایە بۆنخۆشەی وەک خۆت بۆنی خۆشە، بێز لە هەموو چایەک دەکەمەوە، بەزۆر لە ماڵەوە چا دەخۆمەوە".

پلانی سێیەمی شیرین ئەوە بووە کە سەرجەم کارمەندەکانی فەرمانگەکەی مێردەکەی دەعوەت بکات، بەڵام عادل دەڵێت ژمارەیان زۆرە و شوێنمان نییە، بۆیە شیرین مەنجەڵێکی گەورەی دۆڵمە لێدەنێ و دەیبات بۆ فەرمانگەکەی عادل، بەو شێوەیە جەمیلە دەبینێ. لە وەسفی جەمیلەدا دەڵێت: "پیرەژنێکی باڵا کورت بوو، تەمەنی شەست ساڵ دەبوو، قژی خەنە کردبوو".

شیرین پلانی ئەوە بووە کە مێردەکەی بخاتە داوێکەوە بە تەواوی دەسەڵاتی بەسەردا هەبێ، بۆیە پێیدەڵێت "خۆت دەزانی من نەخۆشم، بۆ بە جەمیلە خان ناڵێی بێت ئەو فەرشانەمان بۆ بشوات. بۆ ئەوەی هەست بە هیچیش نەکات من ئەو ڕۆژە لە ماڵ نابم، دواتریش چەندی پارە ویست بیدەرێ".

عادل بە پێشنیازەکەی شیرین ڕازی دەبێ، بێ ئاگا لەوەی ژنەکەی چ پیلانێکی بۆ دارشتووە. شیرین و دوو کچەکەی کاژێر دووی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 2019/4/11 دەچنە دەرەوە، بەڵام بە عەلی کوڕی دەڵێت لە ماڵەوە خۆت بشارەوە و چاودێری باوکت بکە و بە مۆبایل ڤیدیۆی بگرە.

شیرین دەڵێت: "کاتێک ئەوان خەریکی شووشتنی فەرشەکان بوون، من بە نهێنی گەڕامەوە و چوومە ماڵی دراوسێیەکەمان چاوەڕێی تەلەفۆنی کوڕەکەم بووم. زۆری نەبرد کوڕەکەم تەلەفۆنی کرد و گوتی: فەرشەکانیان شووشت و نزیکەی پێنج خولەکە چوونەتە ژووری نووستن و دەنگیان دێت. پێمگوت بەبێ دەنگی کامێرای مۆبایلەکەت بکەوە و وێنەیان بگرە، منیش لەگەڵ دراوسێکەمان بە مۆبایلەوە ڕۆیشتم بۆ ژوورەکەیان، بینیمان هەردووکیان ڕووتن. وێنەمان گرتن و دراوسێکەشمان شایەت بوو، بۆیە هیچیان پێنەکرا. جەمیلە خێرا جلەکانی لەبەر کردەوە و هەڵات".

عادل دەکەوێتە پاڕانەوە، شیرینیش ئەمە بە دەرفەت دەزانێ، هەر لەوێ بەڵێنی لێوەردەگرێ کە خانووەکەی و تاکسییەکەی بەناو بکات، ئەویش ڕازی دەبێ. شیرین بەمە ناوەستێ، پێنج هەزار دۆلار و دوو تاک بازنی زێڕیش لە جەمیلە دەستێنێ.

شیرین تەنگ بە عادل هەڵدەچنێ و پارەی زیاتری لێ داوا دەکات، بۆیە عادل ناچار دەبێ لە بنکەی پۆلیس سکاڵای لەسەر تۆمار بکات. عادل ئامادە نەبوو هیچ قسەیەک بکات. جەمیلەش لەوێ دانیشتبوو، دەموچاوی خۆی داپۆشیبوو بۆ ئەوەی کەس نەیناسێ.

جەمیلە، تەمەن 58 ساڵ، گوتی "تەمەنم 14 ساڵان بوو باوکم منی دایە پیاوێک کە 23 ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو. 44 ساڵە بە یەکەوەین، جارێک نەیگوت خۆشمدەوێی. 15 ساڵیش دەبێ لەگەڵم نەخەوتووە".

سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ عادل، جەمیلە گوتی: "بە زەبری پارە عادلم ڕازی کرد، لە ماوەی ئەو شەش مانگە زیاتر لە 20 هەزار دۆلارم داوەتێ".

عادل پەشیمان نەبوو لەوەی ئۆتۆمبێل و خانووەکەی بەناوی شیرین کردووە، تەنیا داواکاری ئەوە بوو پۆلیس بەڵێننامەی لێوەربگرن ڤیدیۆکان بسڕێتەوە.

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر، سەبارەت بەو کەیسە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ژنە بەهۆی ڤیدیۆیەک پارەیەکی زۆری لەو ژن و پیاوە وەرگرتووە، مێردەکەشی ڕۆژی 2019/5/7 سکاڵای تۆمار کردووە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە و چاوەڕێی بڕیاری دادوەرین".



مێردی شیرین پەیوەندی لەگەڵ کارگوزارێکی فەرمانگەکەی هەبوو

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (556) – دووشەممە 2019/5/27



## تۆمەتبارێک دەستگیر دەکرێ کە 12 فەرمانی گرتنی هەبووە

**ڕووداو– سلێمانی**

هێزەکانی بنکەی پۆلیسی سەرا لە شاری سلێمانی تۆمەتبارێکیان بەناوی (ئا.ن.ف) دەستگیرکرد کە 12 فەرمانی گرتنی هەیە. هێزەکانی بنکەی پۆلیسی سەرا لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر تۆمەتبارێکی هەڵاتوو دەستپێکردوو دوای کۆکردنەوەی زانیاری ورد توانرا ڕۆژی 22ی ئەم مانگە دەستگیربکرێت کە چەندین فەرمانی گرتنی هەبووە بەپێی ماددەکانی 452، 453، 456 لەیاسای سزادانی عیراقی بە جۆرێک کە: شەش فەرمانی گرتنی هەبووە لە شاری هەولێر و قەزای شەقڵاوە. پێنج فەرمانی گرتنی هەبووە لە چەند بنکەیەک لەشاری سلێمانی و یەک فەرمانی گرتنی هەبووە لە قەزای کۆیە.

بۆ ماددەی هۆشبەر زیاتر لە 100 ماتۆڕی دزیوە

# شەش مێردمنداڵ بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە زینداندن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

لە تەمەنی 13 ساڵی، بە خواردنی حەب دەستیپێکرد تا گەیشتە کێشانی کریستاڵ، ئێستا (ح) لە زیندانە، بەڵام پێیوایە زیندان چارەی دەردی ئەو ناکات. ئامادەشە بڕە پارەیەکی زۆر بدات، بەو مەرجەی جەستەی لە ماددەی هۆشبەر پاک ببێتەوە.

(ح.ف) مێردمنداڵێکی تەمەن 17 ساڵانە، نزیکەی شەش مانگە لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە گرتووخانەی چاکسازیی ئافرەتان و نەوجەوانانە. تا پۆلی حەوتی بنەڕەتی خوێندووە و وەک خۆی دەڵێت دوای وازهێنانی لە خوێندن تێکەڵی برادەری خراپ بووە.

(ح) دوو برا و سێ خوشکی هەیە، باوکی شوفێری تاکسییە، هیچ کاتێک ئامادە نەبووە گوێ لە ئامۆژگارییەکانی باوکی بگرێ، هەر کاتێکیش باوکی لێیداوە بە هەفتە ماڵی بەجێهێشتووە.

ئەو مێردمنداڵە دەگەڕێتەوە بۆ چوار ساڵ لەمەوبەر و باسی سەرەتای ئاشنابوونی بە مادەی هۆشبەر دەکات و دەڵێت: "لەگەڵ هاوڕێیەکم لە کافتریایەک دانیشتبووم، حەبێکی دەرهێنا و خواردی. لێمپرسی ئەوە چییە؟ گوتی حەبی ترامادۆڵە و جەوت خۆش دەکات، منیش دانەیەکم لێوەرگرت و خوارم".

(ح) ماوەیەک حەبی ترامادۆڵی بەکارهێناوە، تا ئەو کاتەی دەزانێ یەکێک لە هاوڕێکانی ماددەی کریستاڵ بەکاردێنێ. (ح) دەڵێت: "یەکەمجار لەگەڵ هاوڕێیەکم لە کەلاوەیەکدا کریستاڵم بەکارهێنا. لە ماوەیەکی کەمدا هەستم کرت هەموو گیانم سڕ بوو، زۆر ئارام و دڵخۆشی کردم".

هاوڕێکەی تەنیا دوو جار کریستاڵی پێدابوو، جاری سێیەم داوای لێکردبوو بیکڕێ. ئیدی (ح) ئەو پارەیەی کە لە شاگردیی مریشکفرۆشییەک وەریدەگرت، بە کریستاڵی داوە.

جەستەی (ح) ئاڵوودە بووە و بەردەوام داوای کریستاڵی کردووە. ئەو دەڵێت: "دوای 10 جار لە بەکارهێنانی کریستاڵ، هەستم کرد کریستاڵەکە لە جیاتی ئەوەی وزەم پێ ببەخشێ، خەو و خواردنی نەهێشتم، ئەو شەوەی بمخواردبایە تاوەکو بەیانی خەوم لێنەدەکەوت، جەستەم لاواز و بێهێز دەبوو، کێشم لە 65 کیلۆوە بووە نزیکەی 47 کیلۆ".

### پەنا دەباتە بەر دزی

(ح) بە جۆرێک ئاڵوودە دەبێ، کە تاقەتی کارکردنی نامێنێ، بۆیە پەنا بۆ دزی دەبات. (ح) دەڵێت: "شەوێک کەمێک کریستاڵم پێبوو کێشام و تەواو بوو، جەستەم داوای دەکرد، پارەشم پێنەبوو، چوومە دەرەوە، جامی ئۆتۆمبێلێکم شکاند 4000 دۆلاری تێدابوو، دزیم. ئەو پارەیەی بۆ کریستاڵ دزیومە، زیاتر لە 20 هەزار دۆلار دەبێت".

دزینی ماتۆڕ یەکێک بووە لەو ڕێگایانەی (ح) بۆ دەستکەوتنی پارەی کریستاڵ پەنای بۆ بردووە. ئەو دەڵێت: "تاوەکو ئێستا زیاتر لە 100 ماتۆڕم دزیوە. بە نیوەی نرخی خۆی دەمدایە هاوڕێیەکم، ئەویش لەڕێگەی کەسێکی دیکەوە مەنەفیستی ساختەی بۆ ماتۆڕەکان دروست دەکرد و لە کەرکووک دەیفرۆشتنەوە".

(ح) کە دانیشتووی گەڕەکێکی هەولێرە، دەڵێ بەکارهێنەرانی کریستاڵ و مادده هۆشبەرەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبن: "تەنیا لە گەڕەکەکەی ئێمە 7 مێردمنداڵ و گەنجی ئاڵوودەی ماددەی هۆشبەر هەن، شەشیان هاوڕێ و هاوتەمەنی خۆمن، یەکێکیشیان 13 ساڵانە".

(ح) هێشتا تەمەنی نەبووەتە 18 ساڵ، سێ جار دەستگیرکراوە، جارێک لەسەر دزینی ماتۆڕ، جارێکیش لەلایەن باوکییەوە لەسەر ماددەی هۆشبەر سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە. دوای ئەوەی بەڵێنی بە باوکی داوە کە دووربکەوێتەوە لە ماددەی هۆشبەر، باوکی سکاڵاکەی کشاندووەتەوە، بەڵام دووبارە دەستیپێکردووەتەوە.

(ح) پێیوایە کە ئەو شوێنەی لێی دەستگیرکراوە، ناتوانێت لە ئاڵوودەبوون ڕزگاری بکات: "ئەگەر شوێنێک هەبێت بۆ چارەسەر و بتوانن وام لێبکەن وازی لێبێنم ئامادەم 10 هەزار دۆلاریش بدەم".

تەنیا لەنێو چاکسازیی ژنان و نەوجەوانان شەش کوڕ کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر گیراون.

پۆلیسی هەولێر هۆشداری دەدات لە بڵاوبوونەوەی هۆشبەرەکان لەنێو گەنجان و مێردمنداڵان. ڕائید هۆگر عەزیز گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت: "بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بەتایبەت کریستاڵ لەنێو گەنجان و مێردمنداڵان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبێت". بۆیە داوا دەکات پەلە بکرێ لە کردنەوەی سەنتەرێک بۆ چارەسەرکردنی ئاڵوودەبووان.

# کرێچییەک 30 هەزار دۆلاری دۆزراوە بۆ خاوەنەکەی دەگێڕێتەوە



پۆلیسێکی هاتوچۆ جانتایەکی دۆزراوە بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێنێتەوە

گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک:

## لە ماوەی ساڵێکدا 20 کەس زێڕ و پارەی دۆزراوەیان بۆ خاوەنەکانیان گەڕاندووەتەوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

دوو کارمەندی پۆلیسی هاتوچۆ لە سنووری ناحیەی زاویتە، جانتایەک دەدۆزنەوە کە 10 هەزار دۆلار و بڕێک زێڕی تێدابووە، پاشان بۆ خاوەنەکەی دەگێڕنەوە. گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک دەڵێت لە ڕەمەزانی ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا 20 کەس لە دهۆک زێڕ و پارەیان دۆزیوەتەوە و گەڕاندوویانەتەوە بۆ خاوەنەکانیان. توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دەڵێت ئەوەی لە دهۆک هەیە سەبارەت بە گەڕاندنەوەی پارە و زێڕی دۆزراوە بۆ خاوەنەکانیان، لە هیچ شوێنێک وێنەی نییە.

ڕۆژی 16ی ئایاری 2019 دوو کارمەندی پۆلیسی هاتوچۆ کە لە ئەرکی خۆیاندا بوون، جانتایەک دەدۆزنەوە کە زێڕ و پارەی تێدابووە، ئەوان جانتاکە تەسلیمی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی دهۆک دەکەن. دوای ئەوەی پۆلیس لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بانگەوازیان بۆ دۆزینەوەی جانتاکە کرد، سێ ڕۆژ دواتر خاوەنەکەی سەردانی پۆلیسی کرد و جانتاکەی وەرگرتەوە.

خاوەنی جانتاکە کە ناوی مامۆستا بارزانە، دەڵێت ئەو سێ ڕۆژە لە ماڵی ئەوان وەکو پرسە وابووە، چونکە زۆر بە زەحمەت ئەو پارە و زێڕەیان کۆکردبووەوە: "کە هەواڵەکەم پێگەیشت دڵم زۆر خۆشبوو، هیوادارم هاوشێوەی ئەو دوو پۆلیسە لە وڵاتمان زۆر بن".

لە دهۆک گەڕاندنەوەی کەلوپەلی دۆزراوە بۆ خاوەنەکانیان، بە تایبەتی زێڕ و پارە، خەریکە دەبێتە دیاردە. بەپێی ئاماری پۆلیس، لە ڕەمەزانی پارەوە تاوەکو ڕەمەزانی ئەمساڵ 20 کەس زێڕ و پارەیان دۆزیوەتەوە و بۆ خاوەنەکانیان گەڕاندووەتەوە.

هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک دەڵێت، دیاردەی گەڕاندنەوەی پارە و زێڕە لە دهۆک جێگای دڵخۆشییە و کارئاسانی زۆر بۆ ئەوان دەکات، چونکە ئەوانەی شت ون دەکەن، یەکەم شوێن کە پەیوەندی پێوە دەکەن پۆلیسە.

هێمن گوتی: "زۆرجار ئەو کەسانەی شتیان ون کردووە، لەلای پۆلیس سکاڵا تۆمار دەکەن، کەسێک تۆمەتبار دەکەن کە ڕەنگە شتەکە لەلای ئەو نەبێ، کاتێک کەسێک پارەکە یان زێڕەکە دەدۆزێتەوە، ئیدی ئیشی ئێمەش ئاسان دەبێ و لە کۆڵ لێکۆڵینەوە دەبینەوە".

سەبارەت بەو کەسانەی شتومەکی دۆزراوە بۆ خاوەنەکانیان دەگێڕنەوە، هێمن سلێمان دەڵێت: "خەڵکی جۆراوجۆرن، هەیانە هەژاریشە و زۆر پێویستی بە پارەیە، بەڵام ویژدانی ڕێگەی نادات پارەیەک بخوات کە هی خۆی نەبێ".

گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک ئاماژەی بە بڕی ئەو پارانە دا کە دۆزراونەتەوە و پۆلیسیان لێ ئاگادار کراوەتەوە: "لە یەک ملیۆن دینارەوە هەبووە، تاوەکو 50 هەزار دۆلار".

گوتیشی: "یەکێکیان کرێچی بوو، 30 هەزار دۆلاری دۆزیبووەوە و کەسیش پێی نەزانیبوو، بەڵام بۆ خاوەنەکەی گەڕاندەوە".

ئەوانەی پارە دەدۆزنەوە و پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە، دوای گەڕاندنەوەی پارەکە بۆ خاوەنەکەی پۆلیس ڕێزیان لێدەگرێ و زۆرجار لەسەر داواکاری خۆیان ناو و وێنەیان بڵاودەکەنەوە و لەلای خۆشیان وەکو کەسانی دەستپاک ناویان تۆمار دەکەن. هێمن دەڵێت: "ئامانج لەمە ئەوەیە کە خەڵکی دیکەش ئەگەر شتێکیان دۆزییەوە چاو لەو کەسانە بکەن".

عەبدولجەبار عەبدولڕەحمان کە توێژەری کۆمەڵایەتییە، دەڵێت گەڕاندنەوەی شتومەکی دۆزراوە بۆ خاوەنەکەی لە زۆر شوێن هەیە، بەڵام پێیوایە لە وڵاتانی دیکە زۆرتر لە ترسی پۆلیس و کامێرای چاودێرییە و ئەوەی دهۆک شتێکی خۆڕسکە "پێموایە ئەوەی لە دهۆک هەیە لە هیچ شوێنێکی دیکە هاوشێوەی نییە".

# لەسەر داگیرکردنی پارچە زەوییەک کوژرا

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو– هەولێر**

ئیبراهیم بەڵێنی بە (ئە) دابوو کە ڕۆژی 20ی ئەم مانگە دەستبەرداری پارچە زەوییەکی کشتوکاڵی ببێ بۆ ئەو، بەڵام (ئە) دەڵێت ئیبراهیم پەشیمان بووەوە، بۆیە کوشتی.

ڕۆژی 2019/5/15 پیاوێکی تەمەن 56 ساڵ بەناوی ئیبراهیم ئەحمەد، باوکی چوار منداڵ، دانیشتووی گەڕەکی حەسار لە ناحیەی سەیدسادق، لەو کاتەی خەریکی ئاودانی باخەکەی بوو لە گوندی دۆڵاش، لەلایەن پیاوێکەوە بەناوی (ئە) تەقەی لێدەکرێ و دەکوژرێ.

ڕائید سەرکەوت ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو دوو کەسە لەسەر کێشەی پارچە زەوییەکی کشتوکاڵی بووەتە دەمەقاڵەیان، یەکێکیان ئەوەی دیکەی کوشتووە. بەڵام پۆلیس تۆمەتبارەکەی دەستگیر کردووە".

بە گوتەی ڕائید سەرکەوت، تۆمەتبارەکە لە ئیفادەکەیدا گوتوویەتی، ئیبراهیم زەوی زۆر کەسی دیکەی "داگیر کردبوو". بەوە نەوەستابوو زەوییەکانی ئەوانیشی داگیرکردبوو، بەڵێنی دابوو پێش 20ی ئەم مانگە واز لە زەوییەکەی ئەو بهێنێ "بەڵام جێی نەهێشت، بۆیە کوشتم".

ئازاد ئەحمەد کە برای ئیبراهیمە، دان بەوەدا دەنێت کە براکەی کشتوکاڵی لەسەر زەویی (ئە) کردبوو. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "براکەم چەند دار هەنارێکی لەسەر چاندبوو، ئەو پیاوەش لێی تووڕە بووبوو پێیگوتبوو: بۆچی لەسەر زەویی من دار دەچێنی؟ برایەکەشم پێیگوتبوو بۆیە چاندوومە، چونکە جوانە و هیچ زەرەرێکی بۆ تۆ نییە".

(ئە) چەند جارێک داوای لە ئیبراهیم کردبوو دەستبەرداری زەوییەکە ببێ و دارەکان لەسەر زەوییەکەی لا ببات، بەڵام ئیبراهیم بە پاساوی ئەوەی کە (ئە) لە گوندەکە ناژی، گوتبووی زەوییەکە چۆڵ ناکات.

لەسەر ئەوە، (ئە) لە دادگا سکاڵا تۆمار دەکات. ئازاد دەڵێت براکەی چوو بۆ دادگا، بەڵام دادگا دۆسیەکەی یەکلایی نەکردەوە و دوایخست.

ئازاد گوتی: "کێشەکە هێشتا لە دادگا یەکلایی نەببووەوە، ئیبراهیم دەچێت بۆ گوند. لەوێ (ئە) دەبینێ و دەبێتە دەمەقاڵەیان. کوڕەکانی ئیبراهیم لە (ئە) دەدەن و بریندراری دەکەن".

دوای ئەو ڕووداوە، بنەماڵەی ئیبراهیم چەند کەسێک دەنێرن بۆ ئەوەی سوڵح بکەن. ئازاد دەڵێت: "ڕێککەوتین 20ی ئەم مانگە ئیبراهیم زەوییەکە چۆڵ بکات و ئەوەی چاندوویەتی هەڵیبکێشێ، بەڵام (ئە) پێش ئەو وادەیە براکەمی کوشت".

ئازاد باسی ڕۆژی کوشتنی براکەی کرد و گوتی: "ئەو ڕۆژە براکەم بەتەنیا چوو بوو بۆ گوند، کاتێک خەریکی ئاودانی باخەکەی بوو (ئە) تەقەی لێکردبوو و کوشتبووی".

ئازاد کوشتنی براکەی بە غەدر دەزانێ و دەڵێت: "براکەم بووە قوربانی چەند مەترە زەوییەک، تەنیا ئامانجیشی لە چاندنی دارەکان جوانکردنی شوێنەکە بوو، نەک داگیرکردنی".

بەڵام کەسوکاری (ئە) ڕووداوەکە بە جۆرێکی دیکە دەگێڕنەوە و دەڵێن ئیبراهیم و براکانی خەریک بوو دەست بەسەر ئاواییەکەدا بگرن.

محەممەد ناجی کە برای تۆمەتبارەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ماڵی ئیبراهیم لەگەڵ براکانی دەستیان بەسەر چەند خانوویەک و پارچە زەویەکدا گرتبوو کە هی خەڵکی ئاواییەکە بوو، بەڵام لەوێ دانانیشن".

محەممەد ناجی کە ئەنجوومەن (موختار)ی گوندەکەشە، چەند جارێک هۆشداری بە ئیبراهیم و براکانی داوە کە ئەگەر واز لە ماڵ و موڵکی خەڵک نەهێنن، سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکات، بەڵام ئەوان نەک گوێیان بە هەڕەشەکان نەداوە، بەڵکو دواجار زەویی براکەشیان "داگیر کردووە".

محەممەد گوتی: "ئەوان بەبێ پرسی براکەم دار هەناریان لە نێو زەوییەکەی ئەودا چاندبوو، ئەویش سکاڵای تۆمار کرد، بەڵام کێشەکە هێشتا لە دادگا بوو کە ئیبراهیم کوژرا".

محەممەد ئاماژەی بەوەدا کە بنەماڵەی ئیبراهیم بەڵێنیان پێدابوون پێش 20ی مانگ زەوییەکەیان بۆ چۆڵ بکەن، بەڵام پێدەچوو نیازی چۆڵکردنیان نەبێ، چونکە دوای ئەوەی سوڵحیشیان کردووە، هەر بەردەوام بوون لە کارکردن لە نێو زەوییەکە.

سەبارەت بە کوشتنی ئیبراهیمیش، محەممەد گوتی: "ئەو ڕۆژە براکەم چوو بوو قسە لەگەڵ ئیبراهیم بکات، ئەویش قسەی ناشرینی کردبوو، لەوێ براکەم ئیبراهیمی بە گوللەیەک کوشتبوو".



ئیبراهیم ئەحمەد لەکاتی ئاودانی باخەکەی کوژرا

# پیاوە دڕندەکان؛ ژنە بەرەڵڵاکان!



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com



لە وتاری پێشوومدا پرسی هاوسەرکوژیم لەناو کوردی تاراوگەدا وروژاند. خەریکی نووسینی دێڕەکانی ئەم بەشە نوێیەی ئەو بابەتە بووم کە دیسان هەواڵی کوژرانی ژنێکی کورد لە پایتەختی سوید، بڵاوبووەوە. من لەم وتارەدا ناپەرژێمە سەر هۆکارەکانی هاوسەرکوژیی ناو کوردی هەندەران، بەڵکو لە شێوەی وەردانەوەی ئەو پرسە لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ورد دەبمەوە. ئەوانەی سەرنجی گفتوگۆی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان دابێ، هەستیان بەوە کردووە کە دوای هەر هەواڵێکی کارەساتبار سەبارەت بە دەستدرێژی بۆ سەر گیان و ژیانی ژنان لە وڵاتی ئێمەدا، گفتوگۆیەکی گەرم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەوروژێ. بێگومان توێژینەوەی بابەتیانە لەبارەی گفتوگۆی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، مەرج و سنووری تایبەتی خۆی هەیە، کە مخابن لە چوارچێوەی وتارێکی ئاوادا جێی هەمووی نابێتەوە. لەم نووسینەدا بەگوێرەی بەدواداچوونەکانی خۆم، تیشک دەخەمە سەر دوو وێژمان کە پێموایە لەناو ڕەنگامەی وێژمانە باوەکانی سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنانی کورد لە هەندەران، خاوەنی پێگەیەکی هێژمۆنیکترن. لەڕێی وەردانەوەی ڕەچەڵەکی ئەو دوو وێژمانەوە، هەوڵ دەدەم نیشان بدەم کە بۆچی شێوەی هێنانەبەرباسی پرسی هاوسەرکوژی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، زیاتر لەوەی خزمەت بە گفتوگۆیەکی بنیاتنەر بکا، دەبێتە هۆی لەگرێژنەبردنی زیاتری پرسەکە.

## گفتوگۆ وەک تەکنەلۆژیای جێندەری

دکتۆر ماریان مایێرس، کە یەکێکە لەو توێژەرانەی لە شێوەی نواندنەوەی (representation) هەواڵی توندوتیژیی دژی ژنانی لەناو میدیاکاندا کۆڵیوەتەوە، لە توێژینەوەکانیدا ئەوەی نیشانداوە کە؛ لەگەڵ هەر کوشتنی ژنێک، جۆرێک دووفاقەی فریشتە- سۆزانی (MWD)، باڵ بەسەر کەشی سۆشیالمیدیادا دەکێشێ. پێدەچێ ئەمە دیاردەیەکی گشتگیر بێ، چونکە لە باسی توندوتیژی دژی ژنانی کورد لە هەندەرانیش، بەزەقی ئەم دووفاقەیە خۆی دەنوێنێتەوە: لایەک باس لە قوربانییەکی فریشتەئاسای بێتاوان دەکا، لایەکیش باس لە ژنێکی نەحەواوە کە خۆی بووەتە هۆی دروستبوونی گێچەڵ و هەڵچوونی پیاوەکەی! لەم سۆنگەیەوە، پشتبەستن بە بیروڕا دەربڕاوەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بایەخی تایبەتی هەیە، چونکە بەهۆی ئەوەی خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا قسەی دڵی خۆیان ڕاشکاوانەتر دەردەبڕن، وەردانەوەی ئەو گفتوگۆیانە دەبێتە هۆی پەیبردنی زیاتر بە کەشی زاڵی ناو کۆمەڵگە. تایبەتمەندییەکی باڵکێشی گفتوگۆی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە فۆرمی جۆرێ لە "تەکنەلۆژیای جێندەری" بەخۆیانەوە دەگرن. مەبەست لە تەکنەلۆژیای جێندەری ئەوەیە کە ئەو گفتوگۆیانە دەبنە ئامرازی بەرهەمهێنانەوەی جۆرێکی دیاریکراوی تێگەیشتن لە جێندەر یان ڕەگەزی کۆمەڵایەتی. بەڵام گەلۆ؛ بۆچی و چۆن یەک کارەساتی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو دەتوانێ ببێتە هۆی دوو نواندنەوەی جێندەریی پێچەوانەی یەکتری؟ بەدەم وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەوە دەمەوێ ئەوە نیشان بدەم کە بۆچی کڵێشەسازیی ژنانە و پیاوانە سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان، بە هەردوو بارەکەیدا، دەبێتە هۆی هەڵگرتنی تیشکی سەرنج لەسەر توێتوێکانی تاوان و تاوانکاری و گواستنەوەی سەرنج بۆ شوێنی لاوەکی یان کەم بایەختر.

## توندوتیژی لەنێوان تاکاندن و گشتاندندا

وەک یەکێ لە توێژەرانی بواری توندوتیژی، خاتوو سووفی کێسکینێن، ئاماژەی بۆ دەکات "ڕەگەز کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی چۆن توندوتیژی دەهێنرێتە بەرباس، چۆن گفتوگۆی لەسەر دەکرێ و چۆن ڕاڤە دەکرێ". ئەم کاریگەرییە بەر لە هەر شتێ لەوێدا خۆی نیشان دەدا کە ئاخۆ بکەر و بەرکاری توندوتیژی کامیان ژن بێ و کامیان پیاو. باسکردن لە توندوتیژیی ژن تاڕادەیەکی زۆر بە تابوو ماوەتەوە. ئەمەش بەو هۆیەی کە تێگەیشتنی گشتی، بەزۆری ڕەگەزی مێ وەک بوونەوەرێکی نەرمونیانتر، لەسەرخۆتر و لێبوردەتر لە پیاو دەناسێنێ. بۆیە بڕواکردن بە توندوتیژبوونی ژن زەحمەتترە. لە باسی کەیسی دیاریکراوی توندوتیژیی ژنێکی تایبەتیشدا، زۆرتر مەیل بەلای ئەوەدا دەکشێ کە وەک حاڵەتێکی ڕیزپەڕ و تایبەت لێی بڕوانرێ نەک وەک نوێنگەی دیاردەیەکی گشتگیرتر. بگرە بێزاریی گشتی لە توندوتیژیی ژنان، زۆرتر لەو ڕووەوەیە کە کردەوەیەک ئەنجام دراوە پێچەوانەی "زاتی ژن"، وەک تۆبڵێی شتێکی چاوەڕواننەکراوی ناوازە ڕوویدابێ. ئەوە لەکاتێکدا لە باسی توندوتیژیی پیاواندا، مەیلەکە زۆرتر بەلای گشتاندنی باسەکەدا دەچێ.

هەڵبەت گشتاندنی توندوتیژیی پیاوانە هۆکارێکی کولتووری- مێژوویی هەیە: لە لایەکەوە زاڵبوونی کولتوورێکی پیاوانە لە ئارادایە کە "خراپ بەکارهێنانی هێز" (بەتایبەتی هێزی جەستەیی) وەک بەشێک لە کارەکتەرەکانی پیاوەتی دەنرخێنێ و لەلایەکی تریشەوە، وشیارییەکی مێژوویی لە ئارادایە سەبارەت بەو ڕاستییەی کە پەنابردنە بەر توندوتیژی، یەکێ لەو خەسڵەتە زاڵانەیە، بەدرێژایی مێژوو ئادەمیزادی نێرینەی پێ ناسراوەتەوە. ئەم تێڕوانینە کولتووری- مێژووییە بۆ توندوتیژیی پیاوانە، وەک چەقۆیەکی دووەدم وایە: توندوتیژیی پیاوانە کاتێ وەک کردەیەکی "شیاوی تێگەیشتن" دەنرخێنرێ، بەبارێکی ڕەخنەگرانەدا دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەهەندێکی زاتگەرایانە بە توندوتیژیی پیاوانە بدرێ، واتە بەرپرسیارێتیی تاکەکەسی لە توندوتیژی بگشتێنرێ بۆ تێکڕای پیاوان. لەلایەکی تریشەوە، بەپێچەوانەی حاڵەتی پێشوو، ئەوانەی هەڵگری تێڕوانینێکی پیاوسالارانەن، لەم "شیاوی تێگەیشتنبوونەی توندوتیژیی پیاوانە" ئەو ئاکامە هەڵدەهێنجن کە؛ مادام "پیاو کە هەڵبچێ، خۆی پێ ڕاناگیرێ"، کەواتە ژنان دەبێ بەرپرسیارێتی هەڵبگرن و کارێک نەکەن پیاو هەڵبچێ، ئەگینا خۆیان لە ئەنجامەکەی بەرپرسیار دەبن!

با بزانین ئەم دوو ڕاڤە پێچەوانەیە بۆ توندوتیژیی پیاوانە، بە چ شێوەیەک لە گفتوگۆکانی سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنانی کۆچەردا خۆی دەنوێنێتەوە.

## حەکایەتی "پیاوە دڕندەکان"

حاشا لەوە ناکرێ کە هاوسەرکوژی، وەک فۆرمێکی توندوتیژیی ناو کۆچەرانی کورد، ڕەگەزێکی تاڕادەیەکی زۆر جێندەریی هەیە. پیاوان بکەری سەرەکیی توندوتیژیی جەستەیین، تەنانەت لە هەندێ کەیسدا کە کەسی بکوژ ژن بووە، هێشتاش ئەو ڕەگەزە جێندەرییەی توندوتیژی لە باکگراوندی تاوانکارییەکاندا شیاوی ناسینەوەیە! هەواڵی کوژرانی ژنانی کورد، هەموو جارێ کاردانەوەی توندی تەیفێک لە ژنانی یەکسانیخوازی کوردی بەدوادادێ، کە زۆربەیان ئەو ژنانەن بۆ خۆیان نیشتەجێی وڵاتانی ڕۆژاوایین. سێ ڕەگەزی ژنبوون، فێمێنیستبوون و کۆچەربوون، وادەکا کە ئەم ژنانە لە هەرکەسی تر زیاتر بتوانن لەگەڵ قوربانیانی هاوسەرکوژی هاوناسی (indentify) بکەن. ئەو وێژمانە ئیدانەکارانەی ئەم تەیفە نوێنەرایەتی دەکا، سەرباری ڕەشبینانەبوونەکەی، بەقووڵی ئینسانی و لەباری ئەخلاقیشەوە شیاوی بەرگری یان لانیکەم تێگەیشتنە.

بەوەشەوە، گرفتێک لەم وێژمانە ئیدانەکارانە و ڕاڤەی جێندەریانەی بۆ توندوتیژیدا بەدی دەکرێ، ئەویش ئەوەی کە بەخێرایی دەکەوێتە ژێر سێبەری وێژمانێکی ئایدیۆلۆژیکی زاڵ و ڕێکارێکی قوربانیسەنتەری باو، بەڵام نابنیاتنەر لە کۆمەڵگە ڕۆژاواییە خانەخوێکاندا. مەبەستی من لە ڕێکاری قوربانیسەنتەر، کۆمەڵە ڕێوشوێنێکی مەعریفی و مێتۆدیکی دیاریکراوە بۆ مامەڵە لەگەڵ توندوتیژی، کە بەڕواڵەت ماف و بەرژەوەندیی قوربانی دەکاتە بنەمای هەموو هەڵوێست و هەنگاوێک، بەڵام لە کردەوەدا ئەوەندەی بەشێوەیەکی ئانتاگۆنیستی (نەیارسازانە) ئیش لەسەر قووڵترکردنەوەی قەیرانی قوربانییەکانی توندوتیژی دەکا، بەو ڕادەیە خزمەت بە بیرازکردنێکی بنچینەیی دۆخی توندوتیژی ناکا. من لە توێژینەوەیەکدا، پێنج پێشڤەڕۆی (پرۆگرێسیڤ) توندوتیژیی ناو کۆچەران: سەرەتا توندوتیژیی "تاکی پیاو" دەگشتێنرێ بۆ کۆی "پیاوانی کۆچەر"، ئینجا لە پیاوانی کۆچەریشەوە بۆ کۆی جڤاکی کۆچەران. توێژینەوەکان لە زۆربەی وڵاتە کۆچەرنشینەکانی ئەوروپا و باکووری ئەمریکا باس لە مەیلێکی بەهێز دەکەن بۆ ئەوەی لە ڕێی کولتووریزەکردنێکی پێشداوەرانەوە، کردەوەی توندوتیژیی پیاوانی کۆچەر وەک بیانوویەک بۆ ناشیرینکردنی کۆی جڤاکی کۆچەران بەکاربهێنرێ. ئەم دیاردەیە، بەتایبەتی لەم ساتەوەختەی هەڕەتی هەڵدانی هێزە ڕاستڕەوەکان لە پانتایی سیاسیی ڕۆژاوادا، بووەتە ئاراستەیەکی ئامانجدار بۆ شێواندنی زەینی کۆمەڵانی خەڵک و بیروڕای گشتیی ئەو وڵاتانە.

یەکێک لە تاکتیکە بەبڕشتەکانی پێوەندیدار بەو وێژمانەی سەرەوە، ئەو لافە مەیلەو کلۆنیالیستییەیە کە گۆیا کۆمەڵگەی ڕۆژاوایی کۆچەر بە کولتووری کەسەکەوە گرێ دەدەن و بەو شێوەیەش، جگە لە کولتووریزەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، دەبنە هۆی سووتاندنی تەڕ و وشکی کۆچەران بەیەکەوە. لە تەنیشت ئەم "دوونوچکەسازی"یەی بە زانابییەوە دەکرێ، دیاردەیەکی تریش دەبینرێ، ئەویش سادەکردنەوەی فۆڕمی جێندەریی توندوتیژییە، بەو مانایەی کە مادام گریمانەی سەرەکی ئەوەیە بکەری توندوتیژی بەگشتی پیاوە و قوربانییەکەی ژن، کەواتە دەکرێ بە ئاسانی باس لە دوو بەرەی گشتی بکەین: بەرەی (ژنانەی) قوربانی و بەرەی (پیاوانەی) تاوانکار.

بە تێگەیشتنی من هۆکارێک کە دەکرێ ناوی بنێین "دەروونیکردنی ڕووکەشانەی وێژمانی فێمینیستی"، یاخود جۆرێ لە "ئاسیمیلاسیۆنی مەعریفی" (واتە توانەوە لەناو سیستمی بیرکردنەوەی ڕۆژاواییدا) وای کردووە کە گوتاری ڕەخنەیی و گرفتی ئەم ڕێکارەم دەستنیشان کردووە، کە مخابن لێرەدا دەرفەتی کردنەوەی ئەو باسەم نییە.

خاڵێک کە لێرەدا شیاوی لەسەرڕاوەستانە، پێوەندیدارە بە ڕەهەندی سیاسیی ئەم دیاردەیە، لە کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی کۆچەراندا. لەو کۆمەڵگەیانەدا مەیلێکی باڵکێش هەیە بۆ گشتاندنی "ژنانی کۆچەر" لە "پیاوانی کۆچەر" و جڤاکە پیاوسالارەکانیان دەپارێزێ. لە کۆتایی بەشی پێشووی ئەم وتارەدا ئاماژەم بە نەریتێکی ناحەزی ڕۆژاوایی کرد، کە تاوانکارییەکانی تاکەکەسی ڕۆژاوایی وەک کردەیەکی تاکەکەسی و سەرچاوەگرتوو لە لادانە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو تاکەکەسە لەقەڵەم دەدا، کەچی کردەی تاکەکەسی یەکسانیخوازانەی خۆشمان، تاڕادەیەکی زۆر بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو ڕەوتەی سەرەوە. ئەوەی کە پێمانوابێ "هەموو پیاوانی کورد دەبێ لەبەرامبەر کوشتنی ژناندا وەڵامدەربن!"، واتە لەپای هەر تاوانکارییەکی پیاوێکی بەڕەچەڵەک کورد، پیاوی کورد لەپانەوە بکرێنە بابەتی نرخاندن، نەک هەر مژاری ئاڵۆزی کەسوکارکوژی لە هەندەران لەگرێژنە دەبا، بەڵکو ئەو جۆرە مامەڵەیە سەرنج لەسەر کەسی تاوانکار دەگوازێتەوە بۆ شوێنی نەخوازراو. هەڵبەت، کاتێ پیاوان دەکرێنە هاوسەنگەری نەخوازراوی تاوانکار، شتێکی خراپتریش دەقەومێ؛ لە جێی ئەوەی کەشی خۆڕەخنەکارانە لە ناو پیاواندا پەرە بستێنێ، لە جێی ئەوەی پیاوان تووشی ئازاری ویژدان ببن و هان بدرێن بۆ بەخۆداچوونەوە و پێداچوونەوە بە کولتووری پیاوانەدا، دەخزێنە دۆخی بەرگرییەکی نەخوازراوەوە.

## حەکایەتی "ژنە بەرەڵڵاکان"

بەڵام وەک لە سەرەتادا ئاماژەم بۆ کرد، لە گفتوگۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا سەبارەت بە توندوتیژیی هاوسەرانەی ناو کۆچەران، ئاراستەیەکی نواندنەوەی ڕەگەزی بەرەو خەتابارنیشاندانی قوربانی دەکشێ. لەم تەرزە خوێندنەوەیەدا توندوتیژی ڕاستەوخۆ پەسن نادرێ، بگرە؛ کردەی تاوانکار بە شتێکی تراژێدیک و جێی داخ لەقەڵەم دەدرێ، بەڵام هاوکات، ئەوەی بەسەر قوربانی هاتووە، بە شتێکی "ئاسایی" دەنرخێنرێ. ئاسایی، لێرەدا بەو مانایەیە کە ئەوەی بەسەر قوربانیدا هاتووە، ئاکامی لۆژیکی و چارەناچاری کردەوەی خۆی بووە. واتە، مەشروعیەتبەخشینەوە بە توندوتیژی لەم بەستێنەدا، لە ڕەوتێکی یەکدابەدووی هاودژانەی مەحکوومکردن و پاکانە بۆکردن، لۆمەکردن و پاساو بۆهێنانەوە، دواجاریش داخلێخواردن و دەستخۆشیپێگوتندا، دێتەدی.

ئەوەی لەم پێوەندییەدا جێی سەرنجە، ئەو تەکنیکانەیە کە بۆ ڕەوایەتیدان بە توندوتیژی وەگەڕ دەخرێن. باوترین تەکنیک هەوڵدانە بۆ نیوتراڵیزاسیۆن (بەتاڵکردنەوە)ی توندوتیژی لەڕێی گۆڕینی ئاراستەی سەرنجەکان لەسەر کەسی تاوانکارەوە بۆ سەر کەسی قوربانی. ئەم شێوە ڕاڤەکردنەی تاوان، بازنەی بەرپرسیارێتیی تاوانکار ئەوەندە تەسک دەکاتەوە، کە بوارێک بۆ ڕاڤەی کۆمەڵناسانە و وەردانەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تاوانکاری ناهێڵێتەوە و زۆر بە وریاییەوە، ڕەوتی باسەکە بە ئاراستەیەکدا دەبا کە دواجار بەشی زۆری جامی بەرپرسیارێتی، بەسەر کەسی قوربانیدا قلپ بکاتەوە.

هەڵبەت لە بنەڕەتدا کۆی ئەم گەمەی ڕەوایەتیدانە پشت بە ڕێسایەکی ڕوون دەبەستێ، ئەویش "نەزمی ئەخلاقی"ی باوی ژیانی هاوسەرینیی ناو کولتوورێکی باوکسالارە. ئەم گەمەیە لەڕێی بەچاودادانەوەی ڕێسای ئەو نەزمە ئەخلاقییە وەک بەڵگەنەویستێک، مەشروعیەتی توندوتیژی، وەک سزای هەر جۆرە لادانێک لێی، دەستەبەر دەکاتەوە. بەگوێرەی ئەم نەزمە ئەخلاقییە:

1- هیچ کێشەیەک لە نێوان ژن و پیاودا ڕوونادات ئەگەر ژن بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکا کە پیاوەکەی مەیلی لێیە.

2- پیاو خاوەن و بڕیاردەری خێزانە، بۆیە تەنیا ئەو مافی هەیە بڕیار لەسەر ڕاگرتن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو پێکهاتەیە بدا کە لە خۆی و خێزان و منداڵەکانی پێکهاتوون.

ئەوەی لە چوارچێوەی سیستەمێکی باوکسالاردا وەک "هاوسەنگیی نێوان هاوسەران" ناوی دەهێنرێ، هەر ئەم هاوپێوەندییە ناقەرینە و ناهاوسەنگەیە. باوکسالاری سەنگی خۆی لە ڕاگرتنی ئەم ناهاوسەنگییەدا دەبینێتەوە. لە ڕاستیدا "هاوسەنگی لە ناهاوسەنگیدا" ئەو دۆخەیە کە- لە ڕەوتی قەیرانی باوکسالاریدا — لەلایەکەوە ژێرپرسیار دەخرێ و لەلایەکی تریشەوە یەکبین بەرهەم دەهێنرێتەوە. بەدەربڕینێکی تر، لێرەدا دەکرێ باس لە پێوەندییەکی جێندەری بکەین کە نەزمی ئەخلاقیی زاڵ بەسەر پێوەندیی هاوسەرانەدا، لەڕێی دووپاتکردنەوەی یەکبینەوە، بەرهەمی دەهێنێتەوە.

بەبنەما وەرگرتنی ئەو هاوسەنگییە لاسەنگەی سەرەوە، زەمینەی جۆرێ لە تێگەیاندنی کولتووری دەهێنێتە دی کە دەشێ پاساوی توندوتیژیی لێ هەڵبهێنجرێ و بەوشێوەیەش بەردەوامیدان لەسەر دابی هەنووکەیی نەزمی هاوسەرینی، وەک تاکە بژارەی مەشروع، دەهێنرێتەوە ناو ڕۆژەڤ. ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ ئەم وێژمانەی ڕەوایەتیدانەوە بە توندوتیژیدا جێی تێڕامانە، ئەو ڕاستییەیە کە زۆربەی بەشدارانی گفتوگۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو پێوەندییەدا، کەسانێکن کە خۆیان یەکەم، نێرینەن و دووەم، لە کوردستان دەژین! واتە، کەسانێک باس لە ئەزموونی توندوتیژیی ناو کۆچەران دەکەن و باس لە "بەرەڵابوونی ژنانی کورد لە خاریج" دەکەن، کە خۆیان نە ئەزموونی ژیانی ژنانەیان هەیە، نە ئەزموونی ژیانی کۆچەرانە. لەم جۆرە باسانەدا، لە باشترین حاڵەتیشدا فاکتەرێکی بنچینەیی ونە، ئەویش ئەزموونی کۆچ و تێگەیشتن لە دینامیزمی جڤاکی کۆچەران و ئەو ژینگە سۆسیۆکولتوورییە جیاوازەی تاراوگەی پێ دەگوترێ.

## وتەی کۆتایی

ئەوەی لەم نووسینەدا مەبەستی من بوو، نەک وەردانەوەی واقعی هاوسەرکوژی لە هەندەران، بەڵکو شێوەی بەرهەمهێنانەوەی ئەو واقعە لەڕێی گفتوگۆی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بوو. من لەم نووسینەدا دوو جۆرە نواندنەوەی جێندەریم لەوانی دیکە هەڵاوارد. وەک لە سەرەتاوە ئاماژەشم پێدا، بەدەوری ئەو دوو وێژمانەوە، کە من بە "وێژمانی هێژمۆنیک" لێیان تێگەیشتووم، گەلێک وردە وێژمانی دیکەش بەدی دەکرێن، کە هەموو ئەوانە پێکەوە دەلالەت لە فرەڕەنگیی بنکەی کۆمەڵایەتیی بەکاربەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکا. ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ کەیسی کوژرانی ژنانی کورد لە هەندەران بایەخی ستراتیژیکی هەیە، تێگەیشتنە لە هەڵوێستی جڤاکی کوردیی هەندەران خۆی، کە بەداخەوە هاوێرکردنی ئەو دەنگانە، لەناو گفتوگۆ تێکچڕژاوەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کارێکی ئەستەمە. هەرچی بێ، لەم سەردەمەدا چیدی ناتوانین دیاردەی توندوتیژی لە دەرەوەی ئەو دیسکورسە کۆمەڵایەتییانەدا هەڵسەنگێنین، کە لەسۆنگەی تەکنەلۆژیای جێندەرییەوە، هەر یەک بەجۆرێک، بەشداری لە چۆنیەتی دابەشینەوەی دەسەڵات و بەرهەمێنانەوەی مەشروعیەتی دیسکورسیڤی ئەو دەسەڵاتە، لە پانتایی ژیانی تاکەکەسی و گشتیی مرۆڤی کۆچەری ئێمەدا دەکەن.

ئەوەی لەم نووسینەدا مەبەستی منە، نەک وەردانەوەی واقعی هاوسەرکوژی لە هەندەران، بەڵکو شێوەی بەرهەمهێنانەوەی ئەو واقعە لەڕێی گفتوگۆی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە

# ساڵانە لە جیهاندا چەند ئاژەڵ سەردەبڕدرێن؟

## بەرهەمهێنانی یەک کیلۆ گۆشتی مانگا پێویستی بە 15 هەزار لیتر ئاوە

**ڕووداو- هەولێر**

خواردنی گۆشت لەڕووی تەندروستی و ئەخلاقیشەوە بابەتێکی مشتومڕهەڵگرە. پزیشکەکان خواردنی زۆری گۆشت بە یەکێک لە هۆکارەکانی تێکچوونی باری تەندروستی دەزانن، لایەنگرانی ژینگە پێیانوایە خواردنی لەرادەبەدەری گۆشت لە ژمەکانی ڕۆژانەدا یەکێک لە هۆکارەکانی تێکچوونی

> ساڵانە لە چین 90 ملیۆن تۆن گۆشت دەخورێ

هاوسەنگیی ژینگەیە. داتا جیهانییەکان مەترسییە ژینگەییەکانی گۆشتخواردن پشتڕاست دەکەنەوە.

### ساڵانە چەندین ملیار ئاژەڵ سەردەبڕدرێن

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان (World Economic Forum)، ژمارەی ئاژەڵە کێڵگەییەکانی جیهان زۆر لە ژمارەی مرۆڤەکان زیاترە، بە جۆرێک لە هەموو ساتەوەختێکدا 19 ملیار مریشک، 1.5 ملیار مانگا، 1 ملیار مەڕ و 1 ملیار بەراز لە جیهاندا هەن. بەو پێیەش ژمارەی ئەو جۆرە ئاژەڵانە لە هەر ساتەوەختێکدا سێ هێندەی ژمارەی مرۆڤەکانی جیهانە.

بەڵام ئەو ژمارانە لە چاو ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی ساڵانە سەردەبڕدرێن زۆر کەمە. وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ساڵانە نزیکەی 50 ملیار مریشک لە هەموو جیهاندا سەردەبڕدرێن، ئەو ژمارەیە کەڵەشێر و ئەو مریشکانە لەخۆناگرێ کە بۆ هێلکە بەخێودەکرێن و لەناکاو ڕۆژێک سەردەبڕدرێن. جیا لەمە ساڵانە نیو ملیۆن مەڕ، زیاتر لە 400 ملیۆن گیسک و بزن، نزیکەی 300 ملیۆن مانگا ڕەوانەی کوشتارگەکان دەکرێن.

بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان (FAO)، لە ساڵی 2016دا نزیکەی 171 ملیۆن تۆن ماسی بەرهەمهاتووە کە 47٪ی لە شوێنەکانی بەخێوکردنی ماسی بووە. بەهای فرۆشی یەکەمی ماسیگرتن و ماسییەکانی حەوزەکان لەو ساڵەدا نزیکەی 362 ملیار دۆلار بووە.

لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا ژمارەی دانیشتووانی جیهان بە ڕێژەی دوو بەرامبەر زیادی کردووە، بەڵام ڕێژەی خواردنی گۆشت سێ هێندە زیادی کردووە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی (FAO)لە ساڵی 1961 دا نزیکەی 75 ملیۆن تۆن گۆشتی ئاژەڵە کێڵگەییەکان لە جیهان بەرهەم دەهێنرا، ئەو ژمارەیە لە 2013 بۆ سەرووی 300 ملیۆن تۆن لە ساڵێکدا بەرزبووەتەوە. جیاوازییەکە بە جۆرێکە کۆی گۆشتی ئاژەڵە کێڵگەییەکان لە ساڵی 1961 کەمترە لە گۆشتی مریشکی بەرهەمهاتوو لە 2013.

ژمارەی گۆشتخۆرەکان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان پەیوەندی بە کولتووری خۆراک و باری ئابووریی خەڵکی ناوچەکەوە هەیە. ڕاپۆرتەکەی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چین گەورەترین وڵاتی گۆشتخۆری جیهانە و تێیدا ساڵانە نزیکەی 90 ملیۆن تۆن گۆشت دەخورێ. ڕێژەی گۆشتخواردنی ئەو وڵاتە لە 1990 بۆ دەیەی دووەمی سەدەی 21 بە ڕێژەی 300% زیادی کردووە.

> زۆرترین ئەو گۆشتەی لە جیهاندا دەخورێ گۆشتی بەراز و پەلەوەرە

گۆشتخۆری لە وڵاتانی ئەوروپی لە 30 ساڵی ڕابردوودا ئاستێکی جێگیری هەبووە و بگرە لە هەندێک کاتدا ڕووی لە کزبوونیش ناوە، بۆ نموونە ئەوروپییەکان لە 1990 نزیکەی 65 ملیۆن تۆن گۆشتیان خواردووە، بەڵام ئەو بڕە لە نەوەدەکان و دەیەی یەکەمی سەدەی 21 دا نزیکەی 10 ملیۆن تۆن کەم دەبێتەوە. هیندوستان کە لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە دووەم قەرەباڵغترین وڵاتی جیهانە، بەشێکی زۆر کەم لە گۆشتخواردنی جیهانی بەردەکەوێ و ڕێژەی گۆشتخۆری لەو وڵاتەش لە چاو پەنجا ساڵی ڕابردوو گۆڕانێکی زۆر کەمی بەسەردا هاتووە.

### جیهان چ گۆشتێک زۆر دەخوات؟

گۆشتی بەراز و پەلەوەرەکان بە جیاوازییەکی بەرچاو لە پێش جۆرەکانی دیکەی گۆشتی ئاژەڵە کێڵگەییەکانەوەن. بەڵام لەو دوو جۆر گۆشتە، گۆشتی مریشک لە 60 ساڵی ڕابردوودا بەرزبوونەوەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. ڕاپۆرتی کۆڕبەندی جیهانی (WEFORUM) ئەوە دەخاتەڕوو کە لە 1961 دا گۆشتی پەلەوەرەکان تەنیا 12 %ی گۆشتی بەرهەمهاتووی جیهانی پێکدەهێنا، لە کاتێکدا ئێستا 33%ی گۆشتی بەرهەمهاتووی جیهان گۆشتی پەلەوەرە.

### بەرهەمهێنانی گۆشت لەسەر زەوی قورس دەکەوێ

حەزی مرۆڤ بۆ گۆشتخواردن کاریگەریی یەکجار نەرێنی لەسەر ژینگە دادەنێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە 10% بۆ 12%ی گازە ژەهراوییەکانی جیهان لە کەرتی کشتوکاڵەوە دەردەچێ، لە کۆی ئەو ڕێژەیەش کێڵگەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ، پەلەوەر و بەرهەمهێنانی شیر نزیکەی سێ لەسەر چواری پێکدەهێنن. بەو پێیەش گازی ژەهراوی کێڵگەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵەکان زۆر زیاتر لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان گازی ژەهراوی بەرهەم دەهێنن، بە تایبەتیش کێڵگەکانی بەخێوکردنی مانگا و گۆلک.

بەڵام زیانەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵە کێڵگەییەکان

> ئەگەر لە جیاتی گۆشتی گۆلک فاسیۆلیا بخۆین ڕێژەی مردن 7% کەم دەبێتەوە

تەنیا لە گازە ژەهراویەکانیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو ڕۆڵی گەورەی لە کەمبوونەوەی سەوزایی جیهانیشدا هەیە. بەڕازیل خاوەنی زۆرترین ژمارەی مانگا و گۆلکە لە جیهاندا، ئەو وڵاتە لە ساڵی 2014 زیاتر لە 212 ملیۆن مانگا و گولکی هەبووە، ژمارەی ئەو جۆرە ئاژەڵە لە 50 ساڵی ڕابردوودا لەو وڵاتە چوار بەرامبەر زیادی کردووە. لەلایەکی دیکەوە یەک لەسەر سێی دانەوێڵەی جیهان بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵە کێڵگەییەکان دەچێ.

بەرهەمهێنانی گۆشت و بەروبوومە ئاژەڵییەکان ئاوێکی زۆریشی دەوێ، ئەوەش لە کاتێکدا کە ئاوی شیرینی جیهان بەراورد لەگەڵ گەشەی ژمارەی دانیشتووان هەتا دێ روو لە کەمی دەنێ.

ڕاپۆرتەکەی (WEFORUM) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەرهەمهێنانی یەک کیلۆ گۆشی مانگا و گۆلک زیاتر لە 15 هەزار لیتر، یەک کیلۆ گۆشتی مەڕ و گیسک 8763 لیتر، یەک کیلۆ گۆشتی مریشک زیاتر لە 4300 لیتر و یەک کیلۆ هێلکە 3236 لیتر ئاوی پێویستە. لە کاتێکدا بەرهەمهێنانی یەک کیلۆ میوە 962 لیتر و یەک کیلۆ سەوزەوات 332 لیتر ئاوی دەوێ.

### گۆشتخواردنی زۆر باری تەندروستی تێکدەدات

گۆشت سەرچاوەیەکی سەرەکی بەدەستهێنانی پڕۆتین، ڤیتامین و مادە کانزاییەکانە. بەڵام هەندێک لە گۆشتەکان یەکجار چەورن، جیا لەمە خواردنی

> 12%ی گازە ژەهراوییەکانی جیهان لە ڕێگەی کشتوکاڵەوەیە

زۆری گۆشتی سوور و گۆشتە پڕۆسێسکراوەکان بە هۆکارێکی سەرەکیی شێرپەنجەی ریخۆڵە لەقەڵەم دەدرێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی کۆڕبەندی جیهانی، ئەگەر دانیشتووانی جیهان خواردنی گۆشتی گۆلک کەم بکەنەوە و لەبری ئەو فاسولیا یان نۆکی سەوز بخۆن، ئەوە مردن لە جیهاندا بە ڕێژەی 5% بۆ 7% دادەبەزێ. ئێستا 40%ی پڕۆتینی دانیشتووانی جیهان لەڕێگەی گۆشت، شیرەمەنییەکان، ماسی و هێلکەوە دابین دەکرێ.




ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی ساڵانە لە کوشتارگەکان سەردەبڕدرێن:

---

# سوود و زیانەکانی منداڵبوون لەنێو ئاودا




**ڕووداو- سۆسایەتی ئۆگاینێکۆلۆجی**

منداڵبوون لەنێو ئاودا یەکێکە لەو ڕێگەیانەی کە ئێستا لە زۆر وڵاتان وەک پرۆسەیەکی سەرکەوتووی منداڵبوون سەیر دەکرێ. توێژینەوەکانیش دەڵێن منداڵبوون لەنێو ئاوێک کە گەرمییەکی مامناوەندی هەبێت، هەم بۆ کۆرپەکە و هەمیش بۆ دایکەکە سوودی هەیە. دەستەی پزیشکانی خانمان و منداڵبوون لە ئەمریکا لە ماڵپەڕی فەرمیی خۆیان سوود و زیانەکانی منداڵبوون لە نێو ئاویان خستووەتەڕوو.

### سوودەکانی:

- گوشاری دەروونیی دایکەکە کەمدەکاتەوە و هەستی ئارامبوونی پێدەبەخشێ و پەستانی خوێنی ڕێکدەخات.
- لە قۆناغەکانی دواتری پرۆسەی منداڵبوون یارمەتیدەرە بۆ زیادبوونی وزەی جەستەیی دایکەکە.
- یارمەتیدەرە بۆ گرژبوونی باشتری منداڵدان و چالاککردنی سووڕی خوێن. ئەمەش وادەکات منداڵدان ئۆکسجینێکی باشتری پێبگات، بۆیە ئازاری خانمەکە کەمدەکاتەوە و ئۆکسجینێکی باشتر بە کۆرپەکەش دەگات.
- دەردانی هۆرمۆنەکانی گوشار کەمدەکاتەوە و یارمەتی زیاتر دەردانی ئیندۆرفینەکان دەدات، بەمەش ئازاری منداڵبوون کەمتر دەبێتەوە.
- ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی زاوزێی مێینە جیرِدەبن و زیانگەیشتن پێیان کەمتر دەبێت.
- بۆ منداڵەکەش کەشێکی هاوشێوەی نێو منداڵدانە و هەستی ئارامی پێ دەبەخشێت.

### زیانەکانی:

زیانەکانی منداڵبوون لە نێو ئاودا زۆر بە ئەستەم ڕوودەدەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەمانەن:

- ناجێگیربوونی پلەی گەرمیی لەشی کۆرپەکە.
- لەوانەیە منداڵەکە تووشی گەشکە ببێت.
- هەناسەدانی کۆرپە لەنێو ئاودا

### کەی ڕێگە بە منداڵبوون لەنێو ئاو نادرێ؟

- ئەگەر دایکەکە تووشی هەوکردنی ڤایرۆسی هێرپس بووبێ، چونکە مەترسیی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە زیاتر دەکات.
- لەکاتی خوێنبەربوون و هەوکردنەکانی دیکەی کۆئەندامی زاوزێ.
- ئەگەر دایکەکە دووانەی لە سکدا بوو، هەرچەندە ئەمەیان ئەگەر لەژێر چاودێری پزیشکەکەی بێت گرفتێکی ئەوتۆ دروست ناکات.
- ئەو دایکانەی مەترسیی منداڵبوونی پێشوەختەیان هەیە.
- ئەگەر خانمەکە بەرزە پەستانی خوێنی هەبێ، باشترە بەو ڕێگەیە منداڵی نەبێ.

---

# خۆراکی گونجاو بۆ ماوەی دووگیانی



**ڕووداو- برایت ساید**

پەیڕەوکردنی ڕێجیمێکی خۆراکیی دروست لەماوەی دووگیانیدا جگە لەوەی بۆ گەشەی کۆرپە پێویستە، لەهەمانکاتدا لێکەوتە نەخوازراوەکانی ماوەی دووگیانیش کەمدەکاتەوە، لەماوەی دووگیانیدا جەستەی دایک پێویستییەکی زیاتری بە ڕەگەزە خۆراکییە گرنگەکانە بەتایبەت ڤیتامین، پرۆتین و کانزا گرنگەکان، بۆیە دەبێت خانمەکە ئەو خۆراکانە هەڵبژێرێت کە بەهای خۆراکییان بەرزە، بەتایبەت لە شەش مانگی کۆتایی دووگیانیدا، چونکە جەستەی دایک پێویستی بە وزەی زیاترە، ماڵپەڕی برایت ساید ئەم خۆراکانەی بۆ ماوەی دووگیانی دەستنیشان کردووە:

### هەفتەی یەکەم بۆ سێیەم

لە هەفتە سەرەتاییەکانی دووگیانیدا دەبێت ئەو خۆراکانە بخورێن کە بە فۆلیک ئەسید دەوڵەمەندن، ئەمەش بۆ گەشەی کۆرپەکە پێویستە و لە چەندین گرفتی بۆماوەیی دەیپارێزێ. ئەو خۆراکانەش بریتین لە: سەوزە گەڵاپانەکان، برۆکلی، هێلکە و پاقلەمەنییەکان.

### هەفتەی چوارەم بۆ دوازدەم

لە ناوەڕاستی هەفتەی شەشەمدا خڕۆکە سوورەکانی کۆرپە دروستدەبن و دڵی دەست بە لێدان دەکات، بۆیە لەم ماوەیەدا گرنگە ئەو خۆراکانەی بە ئاسن دەوڵەمەندن بخورێن. هەروەها خواردنی ئەو خۆراکانەی بە ڤیتامین سی دەوڵەمەندن یارمەتی هەڵمژینی ئاسن دەدەن. خۆراکەکانیش بریتین لە: گۆشت، خۆراکە دەریاییەکان، نیسک، هێلکە و بەرهەمە شیرەمەنییەکان.

### هەفتەی سێزدەم بۆ بیست و هەشتەم

لەم ماوەیەدا کۆرپە زۆر بەخێرایی گەشە دەکات، دەبێت ئەو خۆراکانە بخورێت کە دەوڵەمەندن بە (بێتا کارۆتین) کە ئەمەش بۆ پاراستنی چاوەکان گرنگە، هەروەها ئەو خۆراکانەی بە کالیسیۆم دەوڵەمەندن بۆ گەشەی ئێسکەکان و سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی زینک بۆ پاراستنی ناوکە ترشی خانەکانی کۆرپە. خۆراکەکان سپێناخ، بەرهەمە شیرمەنییەکان، گۆشتی سوور، گێزەر و دانەوێلە توێکڵدارەکانن.

### هەفتەی بیست نۆیەم بۆ چل

سەرچاوەکانی ڤیتامین کەی، کالیسیۆم و مەگنیسیۆم پێویستە بخورێن، هەروەها ئەو خۆراکانەی دەوڵەمەندن بە سێلینیۆم، چونکە بۆ کارکردنی سییەکانی کۆرپەکە دوای لەدایکبوون گرنگە. ئەو خۆراکانەش بریتین لە: برنجی قاوەیی، ئاڤۆکادۆ، مۆز، کاڵەک، سپێناخ و قەڕنابیت.

## شەڕ، وتووێژ یان تەسلیمبوون؟

# ئەمریکا "ئێران خاتوون"ی دەوێت!



ئەردەڵان فەرەجی

هەموو جیهان تامەزرۆیە بزانێت گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بە کوێ دەگات و ئایا شەڕ لە نێوانیاندا هەڵدەگیرسێت یان نا؟

سەرەڕای ئەوەی کە ئێران و ئەمریکا لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا لە پێنج قۆناغدا کەوتوونەتە وتووێژ و دانوستاندن، بەڵام لەڕاستیدا شەڕی ئێران و ئەمریکا چوار دەیەیە بەردەوامە.

بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئێران هاوپەیمانی سەرەکی ئەمریکا بوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەم هاوپەیمانییە خاڵی بەهێزی ئەمریکا بوو لە جیهاندا، بەڵام دوای هاتنەئارای کێشەی نەوت لە نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەسەر نرخی نەوت و وزە، ڕۆژئاواییەکان لە پشتیوانیکردنی ڕژێمی شا ساردبوونەوە و سەرئەنجام وای لێهات کە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە بێمەیلیی ڕۆژئاوا بۆ پشتیوانی لە ئێران تاکە هۆکاری ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی بوو، بەڵکوو کۆمەڵێک فاکتی ناوخۆییش لەئارادا بوون. لە سەردەمی پاشایەتیدا بەهۆی ترس لە کۆمۆنیزم، دژایەتی زۆری چەپەکان کرا لە ئێراندا و هەموو هەوڵی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم لەناوبردن و پەرتەوازەکردنی ئۆپۆزیسیۆنی چەپ بوو، لەو کەشوهەوایەدا ئیسلامیستەکان بە سەرکردایەتی خومەینی سەرنجی وڵاتانی ڕۆژئاواییان بەرەو خۆیان ڕاکێشا و بەوەش بوونە ئاڵتەرناتیف و جێگرەوەی ڕژێمی شا لە ئێراندا و دارودەستەی خومەینیش ڕژێمی کۆماری ئیسلامییان پاش پاکتاوکردنی هەموو ئازادیخوازان لە ئێراندا چەسپاند. هەر زۆر زوو نێوانی کاربەدەستانی ڕژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە تاران لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان و بە تایبەتی ئەمریکا تێکچوو. هێرش کرایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا و دیپلۆماتە ئەمریکاییەکانیان بە بارمتە گرت. ئێرانێک کە تا دوێنێ هاوپەیمانی ئەمریکا بوو، لە ئەنجامی سیاسەتی دژە ئەمریکایی خومەینی و ئیسلامیستەکان، کەوتە باوەش و بازنەی هاوپەیمانێتی ڕووسیاوە. ڕووسیای ڕکابەری ئەمریکا لە سەردەمی دووجەمسەریبوونی جیهان و پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتیش.

هەڵکەوتەی جوگرافیایی ئێران و سامانە سەرزەمینی و ژێرزەمینییەکانی ئێران، وای کردووە هەموو کات سەرنج و حەزی وڵاتانی جیهان بەرەو لای ئێران بێت و هەمووان و لەسەرووی هەموویانەوە زلهێزەکانی جیهان لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەو وڵاتە بهاوێژنە ناو بازنەی هاوپەیمانیی خۆیان.

ئەوەی ئاشکرا بوو، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە بازنەی هاوپەیمانانی ئەمریکا چووە دەرێ و بە ئۆردوگای بەرامبەرەوە پەیوەست بوو. بە پشتیوانی سەردەمدارانی ئۆردوگای ڕکابەر خەونی ئیمپریالیزمی و زێدەخوازی ئێرانی ئیسلامی گەشایەوە و دەستی کرد بە پەلوپۆهاویشتن. بە پارە و داهاتی خەڵکی ئێران وەک ئۆختاپووس دەستیان بۆ هەموو ناوچەکە و تەنانەت جیهانیش درێژ کرد. بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامییان گەڵاڵە کرد و خستیانە بواری جێبەجێکردنەوە. هەڕەشەی لەناوبردنی وڵاتی ئیسرائیلیان کرد و مەرگ بۆ ئەمریکا و ئیسرائیلیان کردە کۆڵەکەی سیاسەتی دەرەوەی خۆیان و لەو پێناوەدا یان دامەزرێنەری گرووپە جیهادی و شەڕکەرەکان بوون لە دژی ئەمریکا و ئیسرائیل، یان پشتیوانییان کردن.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەموو هەوراز و نشێوەکانی پێوەندیی وڵاتەکەیان لەگەڵ ئێران یەک ئەجێندایان هەبووە، ئەویش دەرهاویشتنی ئێران لە بازنەی هاوپەیمانی ڕەقیب و کردنی بە دۆست و هاوپەیمانی خۆیان. ڕۆژێک بە هەڕەشە، ڕۆژێک بە وتووێژ، ڕۆژێک گەمارۆ، ڕۆژێک موسامەحە و هەڵکردن و هەر ڕۆژە و هەر سەردەمە و بە ئاراستەیەک، بەڵام تا ئێستا نیزامی سیاسی زاڵ بەسەر ئێراندا، لەمپەر بووە لەبەردەم ئەم خواستەی ئەمریکا.

ئێستا گرژییەکانی ئێران و ئەمریکا گەیشتووەتە لوتکە. ئایا شەڕ لە نێوان ئێران و ئەمریکا ڕوودەدات؟ وتووێژ دەکەن؟ ئایا ئێران12 مەرجەکەی ئەمریکا بۆ گەڕانەوە بۆ پشت مێزی گفتوگۆ قبووڵ دەکات؟ ئێستا کە دوو جەمسەری دەمارگرژی ناو بازنەی دەسەڵاتی هەردوو وڵات هەڕەشە لە یەکدی دەکەن، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان، چی دەکەن؟

لایەنی سەرەکی لە هەردوو وڵات، واتە ترامپ و خامنەیی باس لەوە دەکەن کە شەڕ ڕوونادات، بەو جیاوازییەوە کە ئەمریکا دوو بژارەی هەیە: شەڕ یان وتووێژ، بەو مەرجانەی کە ڕایگەیاندووە، بەڵام لە بەرامبەردا خامنەیی هەردوو بژارەکە ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە نە شەڕ ڕوودەدات و نە وتووێژ دەکرێت و تاکە بژارەی ئەو بریتییە لە "خۆڕاگری!".

ئەمریکا بۆ سەلماندنی هەژموونی خۆی لەسەر هەموو دانیشتووانی گۆی زەوی پێویستی بە ئێرانە. لە ماوەی پێنج بازنەی پێشووی فەرمانڕەوای جیهان کە بە "بازنەی درێژ" ناوزەد کراوە، یەکەم جار پورتوگال، دواتر هۆڵەند، ئینجا بەریتانیا و چوارەم جاریش دیسان بەریتانیا و دواجار و لە پێنجەم خولدا ئەمریکا بووە زلهێزی جیهان، ئێستا ئاراستەی ڕووداوەکانی جیهان بەرەو بەریەککەوتنێک دەچێت بۆ دیاریکردنی فەرمانڕەوای خولی شەشەمی جیهان.

لە گەرمەی دوو جەمسەریبوونەوەی جیهاندا واتە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت، ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵ و شکستی ئۆردووگای بەرامبەر، پەنای بردە بەر چین، یان بە واتایەکی تر چینی لە بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەتی جاران بەرجەستە کردەوە و تێشیدا سەرکەوتوو بوو. ئێستا چین وەک بڵێی دێوەکەی عەلائەدین لە چراکەی هاتبێتە دەر، ناچێتەوە ناو چراکە و بووەتە ڕکابەر و ڕەقیبی ئەمریکا لە بواری سەربازی و ئابووری. ئەمریکا بە سەرۆکایەتی ترامپ و بە ڕێنمایی هێنری کیسینجەر وەزیری دەرەوەی پێشوو و ستراتیژیستی بەناوبانگی ئەمریکا بۆ شکستدانی چین، لە ڕووسیا نزیک بووەتەوە. دانیشتنەکەی ساڵی پاری ترامپ و پوتین لە هێلسینکی لەو ئاراستەیەدا بوو. هەندێک ڕێککەوتن و دانوستاندن کرا لە نێوانیاندا، لەوانە ڕازیبوونی ئەمریکا بەوەی کە ڕووسیا لە سوریە بمێنێتەوە، بەخشینی نیمچە دوورگەی کریمیا بە ڕووسیا و ڕێککەتن لەسەر فرۆشی گاز بە ئۆرووپا بە هاوبەشی، لە بەرامبەردا ڕووسیا پشتی ئێران بەردات. بەڵام بە چ ئامانجێک؟!

چین یەکێک لەو دەگمەن وڵاتانەی جیهانە کە ئەزموونی گەشەی ئابووریی دوو ڕەقەمی کردووە! واتە خێرایی گەشەی ئابوورییەکەی گەیشتووەتە سەرووی 10%، لە ماوەی ئەم ساڵانەدا بوو بە جەمسەرێکی گەورەی وەبەرهێنان لە جیهاندا و بەهۆی ژمارەی زۆری حەشیمەتی و هەرزانیی هێزی کار، بوو بە ڕکابەری سەرەکی ئەمریکا و لە ئەگەری بەردەوامیی ئەو گەشە ئابوورییە بێ وێنەیەی، چاوەڕوان دەکرێت تا ساڵی 2030 پێش ئەمریکا بکەوێت. ئەمریکا لە دوو ڕێگەی سەرەکییەوە هەوڵی وەستاندنی ئەم گەشە خێرایەی ئابووریی چین دەدات؛ یەکەم بە شەڕێکی نەرم لەڕێی ڕەواجدان بە خۆشگوزەرانی بۆ چینییەکان و هاندانیان بەرەو کولتووری بەکاربەری و مەسرەفگەرایی و سەرئەنجام داتاشینی خەرجی بۆ کۆمەڵگای چینی و بردنە سەرەوەی خواست و داواکارییەکانیان کە چیدی بە حەقدەستی کەم، هێزی کاری خۆیان نەفرۆشن و دووەم، بەرزکردنەوەی نرخی تێچووی دەسکەوتنی وزە. سەرچاوەکانی وزە بۆ چین بریتین لە؛ ئێران و ڤەنزوێلا.

ئەمریکا پێیوایە بە دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی نەوت و گازی ئێران و ڤەنزوێلا و دیاریکردنی نرخی بەرز بۆ نەوت و گاز، دەتوانێت خێرایی گەشەی ئابووریی چین کەم بکاتەوە و لەم ڕێگەیەوە بەردەوام بێت لە پاراستنی پێگەی خۆی لە ئاستی سیاسی و ئابووری و سەربازی لە جیهاندا. لە کاتێکدا خۆی خاوەنی نەوتێکی زۆرە و پێویستی بە هاوردەکردنی نەوت نییە.

پاش هەوراز و نشێوێکی زۆر لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دوایی لە نێوان ڕووسیا و ئەمریکا، سەرئەنجام ڕووسیا لە ڕێگەی وتە بەناوبانگەکەی پوتین هاوپشتیی خۆی بۆ ئەمریکا دەربڕی کە گوتی: "ڕووسیا ئاگرکوژێنەوە نییە لە هەر شوێنێک قەیران و ئاگر بوو، چارەسەری بکات و بیکوژێنێتەوە".

ئەوە پەیامێکی ڕوون بوو بۆ ئێران کە ئەگەر خەیاڵتان هەیە بە پشتیوانیی ڕووسیا بەردەوام بن لە دژایەتی ئەمریکا، بزانن کە ڕووسیەتان لە پشت نییە!

ئەمریکا هەروەها بەریتانیا و بە هەندێک تێبینییەوە یەکێتی ئەورووپاشی لەگەڵ خواست و ئامانجەکەی خۆی هاوڕا و هاوهەڵوێست کردووە. لە بەرامبەردا چین بە ئاشکرا بەڵێنی بە ئێرانییەکان داوە کە بەبێ گوێدانە گەمارۆکانی ئەمریکا، بەردەوام دەبێت لە کڕینی نەوت لێیان.

بە خستنەپاڵ یەکی پازڵەکان، وێنە گەورەکە خەریکە دەردەکەوێت. ئەمریکا لەو شەڕ و ململانێیەی کە چاوەڕوان دەکرێت ڕووبدات، پێویستی بە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەو مانایە کە هەرکام لە چین یان ئەمریکا ئێرانیان لەدەست بێت، وەک ئەوە وایە نیوەی گۆی زەوی هی ئەو بێت. بۆیە ئەمریکا هاتووەتە بەر دەرکی کۆماری ئیسلامی و داوای دەکات و دەڵێت: "من ئێران خاتوون"م دەوێت.

لەشکرکێشیی ئەمریکا بۆ ناوچەکە و بناگوێی ئێران بۆ نیشاندانی هێزە بەرامبەر بە ئێران، ئامانجی ئەمریکا تەسلیمبوونی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە جا چ بە وتووێژ بێت یان بە شەڕ. ئەگەرچی لەو نێوانەدا ئێران زۆرتر حەزی بە شەڕە و ڕەنگە بیەوێت شانسی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئەمریکا تاقی بکاتەوە وەک نموونەی ڤێتنام. هێرش بۆ سەر کەشتییە بازرگانیەکانی عەرەبستان و ئیمارات و نۆرویژ یان تەقاندنەوەی لوولە نەوتییەکانی عەرەبستان لەلایەن دەستوپێوەندەکانی، یاخود مووشەک هاویشتن بۆ ناوچەی سەوزی بەغدا، مەیلی ئەم ڕژێمە بۆ شەڕ دەردەخەن، بەڵام ئەمریکا مەیلی کەمتری بۆ شەڕ هەیە و پێیوایە لە ڕێگەی ئەم گوشارانەوە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی بە خواستەکەی دەگات.

# ئێران لە کێشە و ملم



رووداو- هەولێر

لە دوو هەفتەی ڕابردوودا گرژییەکانی نێوان تاران و واشنتن بە خێراییەکی بێ وێنە پەرەیان سەند، ئێران لە بەشێک لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کشایەوە، ئەمریکا کەشتی فڕۆکەهەڵگر و فڕۆکەی جەنگی ڕەوانەی کەنداو کرد، دواتریش کەشتیی نەوتهەڵگر و پێگە نەوتییەکانی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو کرانە ئامانجی هێرش. ناوەندی ستراتفۆری ئەمریکی پێیوایە ستراتیژی نوێی ئەمریکا بەرامبەر ئێران لەسەر کۆمەڵێک گریمانەی هەڵە دامەزراوە کە دواجار دەکرێ دەستی زلهێزە جیهانییەکانی دیکە لە ناوچەکە بەهێز بکات.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، پەیڕەوی لە سیاسەتێکی ڕاشکاوانە بەرامبەر ئێران کردووە کە کشانەوە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی و سەپاندنەوەی سزا ئەتۆمییەکان و کۆمەڵێک سزای دیکە پێکهێنەرێکی سەرەکی بووە، ئامانجی خوازراوی هەموو ئەوانەش پەلکێشکردنی ئێران بۆ سەر مێزی دانوستاندن بووە.

ناوەندی (ستراتفۆر) پێیوایە هێرشەکانی سەر تانکەر و دامەزراوە نەوتییەکانی وڵاتانی کەنداو "پەیامێکی بەهێز" بووە کە دەڵێ "باجی هەر چەشنە جەنگێک لەگەڵ ئێران بریتییە لەوەی ترافیکی کەشتییە نەوتییەکان کێشەی بۆ دروستدەبێ".

تاوەکو ئێستا پشتڕاست نەبووەتەوە ئێران فەرمانی ئەو هێرشانەی دابێ، بەڵام ئەگەر ئەوە بسەلمێ دەکرێ بۆ هەندێک لە ئەندامانی کۆشکی سپی بەس بێ بۆ ئەوەی وەک هاندەری هێرشی سەربازی بەکاریبهێنن. هەرچەند ئەگەری هەنگاوێکی لەو جۆرە بەهۆی زۆر ئەولەوییەتی دیکەوە

## کورد لە بەڵگەنامە تۆقێنەرەکانی ڕژێمی سووریادا

# نابێ کورد لە هیچ ناوچەیەکی سو

رووداو- هەولێر

هەزاران لاپەڕە دۆکۆمێنتی دەستبەسەرداگیراو دەریدەخەن ڕژێمی سووریا بەشێوەیەکی سیستەماتیک مافی تاک و مافی کەمینە نەتەوەییەکانی سووریای پێشێل کردووە، لەوانەش مافی کورد. دۆکۆمێنتەکان لەو ناوچانە کۆکراونەتەوە کە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی سووریا دەرچوون.

ناوەندی دادپەروەری و لێپرسراوێتی سووریا (SJAC)کە بنکەی سەرەکی لە واشنتنە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا 5003 لاپەڕە بەڵگەنامەی نهێنیی دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانی سووریای دەستخستووە. مانگی ڕابردووش شرۆڤەیەکی 53 لاپەڕەییان بەناوی "دیوارەکان گوێیان هەیە: شرۆڤەی دۆکۆمێنتەکانی کەرتی ئەمنیی سووریا" بڵاوکردەوە.

محەممەد عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ناوەندەکە دەڵێت: "ناوەڕۆکی دۆکۆمێنتەکان بۆ کەسێک کە لە سووریا گەورە بووبێ و ئاشنای سیستەمی ئەمنیی سووریا بێت، شتێکی سەیر نییە. دۆکۆمێنتەکان بە ڕوونی دەریدەخەن کە ئاژانسە ئەمنییەکان لەسەرووی یاساوە کار دەکەن".

دۆکۆمێنتەکان پەیوەندییان بە حەوت ئاژانسی سەربازی و ئەمنیی سووریاوە هەیە: فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، هەواڵگریی سوپا، بەشی ئاسایشی سیاسی، ئۆفیسی ئاسایشی نیشتمانی، پۆلیس، بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی هێزی ئاسمانی.

بەشێک لە ڕاپۆرتەکە بۆ سەرکوتی کورد و کەمینەکانی دیکە تەرخان کراوە. ناوەندەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەلایەنی کەم 25 لاپەڕە دەکرێ وەک بەڵگەی ڕاستەوخۆی چەوساندنەوەی کورد سەیر بکرێ. ناوەندەکە 349 لاپەڕەشی بەدی کردووە کە تێیاندا ئاماژە بۆ کورد کراوە "ئەوەش ئاماژەیە بۆ بەدگومانیی زۆری حکومەت" بەرامبەر بە کورد.

ناوەندە سوورییەکە دەشڵێت کە ژمارەیەکی کەم لە لاپەڕەکان باسی کەمینە ئەتنیکی و ئاینییەکانی دیکە دەکەن، زۆر ناوهێنانی کوردیش لە بەڵگەکاندا بەلای ناوەندەکەوە دوو هۆی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە زۆربەی ئەو دۆکۆمێنتانە لەو ناوچانە کۆکراونەتەوە کە تێیاندا ژمارەی کورد لە کەمینەکانی دیکە زیاترە. هۆکاری دووەمیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چالاکییە سیاسییەکانی کورد لە سووریا ڕێکخراوتر و درێژماوەتر بووە لە هی گروپەکانی دیکە.

### پێشێلکردنی ئازادیی کۆبوونەوە و ڕادەربڕین

لە ژمارەیەکی زۆری دۆکۆمێنتەکاندا فەرمانی تێکدانی پلانی خۆپیشاندان دەبینرێ، لەوانەش خۆپیشاندانەکەی نەورۆزی 2010 کە وەک نارەزاییەک بەرامبەر کوژرانی کچێکی کورد ڕێکخرابوو، خۆپیشاندانی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران لە 2010، هەوڵی خۆپیشاندان لە ناوچە کوردییەکان دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە وڵاتانی دیکە.

**نابێ کورد بێ ئاگاداری و مۆڵەتی حکومەت زەوی بکڕن یان بفرۆشن**

لە هەندێک لە لاپەڕەکاندا باسی کۆبوونەوەی خەڵکی کورد، لێدانی موزیکی کوردی لە ئۆتۆمبێلەکاندا، سزادانی خۆپیشاندەران، فەرمانی جەولەی ئەمنی بۆ ڕێگری لە گردبوونەوەی خەڵکی کورد و هەڕەشە لە سەرکردەکانی کورد دەکرێ بۆ ئەوەی لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدار نەبن.

### پێشێلکردنی مافە کولتوورییەکان

دوو لاپەڕە لە بەڵگەنامەکان ترس لە دەربڕینی زمان و کولتووری کوردی دەردەخەن و بە هەڕەشە بۆ سەر یەکێتیی خاکی سووریای دەزانن، یەکێک لە لاپەڕەکانیش گوزارشتکردن لە کولتووری کورد بە "خیانەت" لە سووریا لەقەڵەم دەدات، یەکێک لە لاپەڕەکانیش باسی کاردانەوە بەرامبەر زۆربوونی چالاکییە سیاسییەکانی کورد دەکات و تێیدا باس لە پلانی حکومەت بۆ بە تاوان ناساندنی هەموو جۆرە چالاکییەکی نەتەوەیی کوردی دەکرێ.

حکومەتی سووریا تەنیا نیگەرانی چالاکییە کولتووری و سیاسییەکانی کورد نەبووە، باری ئابووریی خەڵکی کوردیش مایەی نیگەرانیی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی دیمەشق بووە. هەندێک لە دۆکۆمێنتەکان باس لە ترسێک دەکەن کە دەزگا ئەمنییەکان بەهۆی دەستڕاگەیشتنی کورد بە زەوی و سامان هەستیان پێکردووە.

بەپێی شرۆڤەکە، هەندێک لە لاپەڕەکان پێشنیار دەکەن شارەوانییەکان بە وریاییەکی زیاترەوە مامەڵە بکەن کاتێک "کورد زەوی دەکڕن یان دەفرۆشن، واتە حکومەت دەبێ داوای مۆڵەت بکات پێش ئەوەی کورد زەوی بکڕن و بفرۆشن و هێزە ئەمنییەکان بە وردی چاودێریی کڕین و فرۆشتنی موڵک لەلایەن کوردەوە بکەن، هەر کوردێکیش بێ مۆڵەت مامەڵە بە موڵکەوە بکات سزا بدرێ".

لە یەکێک لە بەڵگەنامەکاندا داوا دەکرێ "ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی حکومەت دەست بەسەر ژمارەیەکی زۆری زەویوزاردا بگرن و بیانکەن بەهی حکومەت و کرێکاری عەرەبیان لەسەر دابنرێ، دواتریش خانوو بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دروستبکرێ، چاودێری ئەو زەویوزارانەش بکرێ کە کورد خاوەنیانە و ڕێگری بکرێ لەوەی ئەوان بتوانن شوێنی نیشتەجێبوونیان لێ دروستبکەن کە دەکرێ لە داهاتوودا ببن بەشوێنی نیشتەجێبوونی (دیفاکتۆ)".



یەکێک لە لاپەڕەکان خەم لە بڕیارێکی حکومەت دەخوات کە ڕێگەی بە کورد داوە لە هەلی کاری حکومەتدا بەشیان هەبێ، لەکاتێکدا بەڵگەنامەیەکی دیکە پێشنیار دەکات حکومەت هەنگاو بنێ بۆ ئەوەی ڕکابەری لەگەڵ بزنسمانانی کورد بکات و لە قازانجیان کەم بکاتەوە.

### دەستکاری پێکهاتەی کوردی ناوچە کوردییەکان

بەپێی بەڵگەنامەکان حکومەتی سووریا هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیی ناوچە کوردییەکانی داوە، بۆ ئەوەش پشتی بە هۆزە عەرەبەکان بەستووە. وەک لە دۆکۆمێنتەکاندا دیارە، حکومەت بە ترسەوە لە کوردی ڕوانیوە. یەکێک لە لاپەڕەکان فەرمانێکە کە تێیدا داوا دەکات گوشار لەسەر هۆزە عەرەبەکان دروست بکرێ تاوەکو بۆ پارێزگای حەسەکە کۆچ بکەن، بەگوێرەی (SJAC)ئەو هەنگاوە لەوە دەچێ بۆ "لاوازکردنی زۆرینەی دانیشتووانی کورد" لە ناوچە کوردییەکان بێ.

لاپەڕەیەکی دیکە لە بەڵگەنامەکان بە تایبەتی پێشنیار دەکات ڕێگە بە کورد نەدرێ لە هیچ ناوچەیەک زۆرینە بن، بۆ ئەوەی "باشتر کۆنترۆڵی چالاکییە سیاسییەکانیان بکرێ".

### هەوڵی قایلکردن و تۆقاندن

ئامانجێکی دیکەی ڕژێمی سووریا نزیکبوونەوە یان سەرکوت و تۆقاندنی سەرکردە کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بووە، بۆ جێبەجێکردنی

# ـلانێی زلهێزەکانی جیهاندا



سنووردار دەبێ.

### رووسیا

سەرەتای ئەم مانگە مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لەگەڵ گەورە بەرپرسانی رووسیا کۆبووەوە کە ئامانج لێی قایلکردنی رووسەکان بووە لەسەر ئەوەی خۆیان لە کێشەی نێوان ئەمریکا و ئێران هەڵنەقورتێنن، بەڵام بەپێی راپۆرتەکە کریملین بە ئاسانی بەو داوایەی کۆشکی سپی قایل نابێ، چونکە "کۆمەڵێک بژارەی لەبەردەستە بۆ ئەوەی لە قەیرانی ئێران زیاترین قازانج بکات".

ناوەندە ئەمریکییەکە بە دووری نازانێ رووسیا "هێزی ئاسمانیی ئێران بەهێز بکات، ستافی سەربازی و تەکنیککاری ئەتۆمی خۆی بنێرێ" ئامانج لەو هەنگاوەش ئەوەیە "خەرجییەکانی جەنگەکە لەسەر ئەمریکا قورستر بکات و لە درێژخایەندا دەستی خۆی لە دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا بەهێزتر بکات".

رووسیا پێشتر راوێژکاری سەربازیی رەوانەی ڤەنزوێلا کردووە بۆ ئەوەی رێگە لە رووخانی رژێمی کاراکاس بگرێ.

> ململانێی ئەمریکا لەگەڵ زلهێزەکان، دەرفەت بۆ سەرئێشەکانی دوای شەڕی دژی تیرۆر ناهێڵێتەوە کە فراوانبوونی نفووزی ئێران یەکێکیانە
>
> ناوەندی ستراتفۆر

بەگوێرەی راپۆرتەکە ئەگەر ئەو هەوڵانەش بۆ رێگری لە جەنگەکە سەرنەگرن، ئەوە دیسان رووسیا دەستکەوتی دەبێ، چونکە سەرقاڵی ئەمریکا بە جەنگێکی دیکە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست "بۆشاییەکی جیۆپۆلیتیکی" بۆ رووسیا دروستدەکات کە مۆسکۆ دەتوانێ بۆ فراوانکردنەوەی نفووزی خۆی لە ناوچە جیاجیاکان بەکاری بهێنێ.

### چین

چین یەکێکە لەو وڵاتانەی کە رێژەیەکی زۆری سووتەمەنی وڵاتەکەی لە وڵاتانی کەنداوەوە دابین دەکات، بۆیەش تێکچوونی دۆخی کەنداو و دروستبوونی بەربەست بۆ تانکەرە نەوتییەکانی کەنداو کێشەی گەورە بۆ ئابووری چین دروستدەکات، بەڵام ناوەندی ستراتفۆر پێیوایە ئەگەر بەهۆی ململانێکانی لەگەڵ ئێران، سەرنجی ئەمریکییەکان لەسەر شەڕی بازرگانی لەگەڵ چین کاڵ ببێتەوە "چین قازانجێکی ستراتیژی گەورە دەکات".

حاڵی حازر ئەمریکا سەرقاڵی شەڕێکی بازرگانیی گەورەیە لەگەڵ چین کە ئامانج لێی گەڕاندنەوەی هاوسەنگییە بۆ هەناردە و هاوردەی نێوان هەردوو وڵات. ئەمریکا بە چەکی تەعریفەی گومرکی هەڕەشە لە چین دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا ململانێیەکی تەکنەلۆژیشی لەگەڵ بەیجینگ دەستپێکردووە کە دوایین هەنگاو تێیدا گەمارۆکانی سەر کۆمپانیای هواوییە.

### ئەوروپا

ئەوروپییەکان لە یەک ساڵی رابردوودا هەوڵی دۆزینەوەی کۆمەڵێک رێوشوێنیان داوە بۆ ئەوەی ئێران لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا بهێڵنەوە، بەو پێیەی رووسیا توانای ئابووری پێویست بۆ یارمەتیدانی ئێرانی نییە، ئەوروپییەکان هەوڵیان داوە چین بهێننە سەر هێڵ، بۆ ئەوەی لە رێگەی کۆمەڵێک میکانیزمی هاوبەش کەناڵی بازرگانی لەگەڵ کۆمپانیا و بانکەکانی ئێراندا بە کراوەیی بهێڵنەوە.

ناوەندی (ستراتفۆر) پێیوایە ئەمریکا و ئەوروپا هاوڕان لەوەدا کە چین واقیعە بازرگانییەکانی جیهان بۆ قازانجی خۆی دەقۆزێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە دیوی رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئەوروپا سەبارەت بە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا و چارەنووسی یەکێتیی ئەوروپا ناکۆکن، هەر ئەوەش وادەکات ئەوروپییەکان لەکاتی قووڵبوونەوەی کێشەی نێوان ئەمریکا و ئێراندا نەتوانن بەرەنگاری هەوڵەکەی ئەمریکا ببنەوە.

### کۆریای باکوور هەناسەی ئاسوودەیی هەڵدەمژێ؟

ئەگەری جەنگی کەنداو، ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر کۆریای باکوور کەمدەکاتەوە. ترەمپ هەتا ئێستاش جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ قەیرانی کۆریای باکوور بۆ رێگەچارەی دیپلۆماتیک دەگەڕێ و گوشارە ئابوورییەکانی سەر پیۆنگ یانگیش هەر لەو چوارچێوەیەدان.

ناوەندە ئەمریکییەکە پێیوایە ئەمریکا تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانێ بچێتە جەنگی ئێرانەوە کە "هیچ پێویستییەک بۆ بەکارهێنانی بژارەی سەربازی لە باکووری رۆژهەڵاتی ئاسیا لەئارادا نەبێ". بەڵام ئەگەر ئێران لە رێککەوتنەکە دەرنەچێ و بەو حاڵەشەوە ئەمریکا بژارەی سەربازی لەدژی ئەو وڵاتە بەکاربهێنێ، ئەوە "پیۆنگیانگ لە جاران سوورتر دەبێ درێژە بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی خۆی بدات".

هەفتەیەک دوای ئەوەی هەوڵی کودێتای سەربازی لە ڤەنزوێلا شکستی هێنا، ئەمریکا فرۆکە و کەشتی سەربازیی رەوانەی کەنداو کرد. ناوەندە ئەمریکییەکە پێیوایە "لە کاتێکدا کۆشکی سپی هەوڵدەدات فۆکەسی لەسەر ئێران بێ، لەو قۆناغەی ئێستادا هۆکارێکی ئەوتۆ نامێنێ بۆ ئەوەی هەوڵی دەستتێوەردانی سەربازی لە ڤەنزوێلا بدات". لە کاتێکدا سزا ئەمریکا کاریگەریی گەورەیان لەسەر دۆخی کاراکاس دروستکردووە.

لە چەند هەفتەی رابردوودا هەوڵەکانی حکومەتی ڤەنزوێلا بۆ دەستگیرکردنی سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەستی پێکردووە، بەگوێرەی راپۆرتەکە حکومەتی نیکۆلاس مادورۆ، سەرۆکی ڤەنزوێلا، دەکرێ ئەو سەرقاڵییەی ئێستای ئیدارەی ئەمریکی بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی خوان گوایدۆ، سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن دەستگیر بکات و ستراتیژی ئەمریکا بۆ گۆڕانی رژێم لە کاراکاس شکست پێبهێنێ.

### شەڕی ئێران و ململانێ لەگەڵ زلهێزەکان

چین و رووسیا لە سەرەوەی لیستی نەیارانی ئەمریکادا دێن و ئێران بە جیاوازییەکی زۆر لە ریزی چوارەم دێ. ململانێ لەگەڵ رووسیا و چین پێویستی بە ستراتیژی ئابووری، ئامادەکاری هەمەلایەنەی سەربازی و چەکی دیپلۆماسی بەهێزە. ناوەندی ستراتفۆر جەخت دەکاتەوە "ململانێ لە ئاستی زلهێزەکان دەرفەتێکی زۆری سەرئێشەکانی دوای شەڕی دژی تیرۆر ناهێڵێتەوە". کە فراوانبوونی نفووزی ئێران یەکێکیانە.

## چەکدار و پارەی کەمبووەتەوە

# داعش دەگەڕێتەوە بۆ تەکتیکی شەڕی پارتیزانی

**ڕووداو – هەولێر**

رۆژنامەی ئەلیکترۆنیی (النبا) کە داعش دەریدەکات، لە دوایین ژمارەی خۆیدا باسی هەنگاوەکانی داهاتووی رێکخراوەکە دەکات کە تێیدا شەڕی پارتیزانی سەرەکیترین بەشی پلانەکەیە. رۆژنامەکە وردەکاری جێبەجێکردنی ئەو پلانە بۆ چەکدارانی گروپەکە دەخاتەڕوو.

لە چەند هەفتەی رابردوودا رۆژنامەکە زنجیرەیەکی چوار بەشی لە رێنمایی بۆ چەکدارانی ئەو رێکخراوە بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا داوا لە چەکدارانی رێکخراوەکە دەکات خۆیان لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ "دوژمن" دووربگرن. لە ساڵانی رابردوودا داعش داوای لە چەکدارەکانی دەکرد سڵ لە دوژمن نەکەنەوە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی ئاژانسی (رۆیتەرز)ی بەریتانی لە زنجیرە رێنماییەکەدا ئەوە بۆ چەکدارانی داعش روونکراوەتەوە کە "چۆن دەتوانن دوژمن لاواز بکەن" بێ ئەوەی خۆیان زیانیان بەربکەوێ، داوا لە چەکدارەکانیش دەکات دەست بەسەر شتە بەنرخەکانی چەکدارەکاندا بگرن یان بیانسووتێنن.

داعش لە سەرەتای دامەزرانی لە 2014 پشتی بە تەکتیکی "لێدە و رابکە" بەستووە، ئێستاش وادیارە گروپەکە دەیەوێ جارێکی دیکە پشت بەو تەکتیکە ببەستێ. وەک لە راپۆرتەکەی (رۆیتەرز)دا هاتووە داعش دەیەوێ لە رێگەی ئەو تەکتیکەوە بارمتەی دەستبکەوێ، گیراوەکانی ئازاد بکات و پارەی لە دوژمنەکانی دەستبکەوێ.

بەگوێرەی راپۆرتەکە ئامانجەکانی دیکەی ئەو تەکتیکە "دابینکردنی پێداویستییەکانی چەکدارانە". واتە پارە، خۆراک، دەرمان و چەک. یەکێک لە بابەتەکانی رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە کۆکردنەوەی ئەو پێداویستییانە گرنگە بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە ئەستەمە ئەو پێداویستییانە دابینبکرێن، چونکە لە پێگەیەکی لاوازن.

ریتا کاتز، بەڕێوەبەری گروپی راوێژکاریی هەواڵگریی (SITE) لە لێدوانێک بۆ ئاژانسە بەریتانییەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو بڵاوکراوەیەی داعش دەریدەخات داعش تووشی کورتهێنانی چەکدار و پارە بووە. کاتز لەمبارەوە دەڵێ "داعش لەڕووی دارایی، ناوچەی ژێر دەسەڵات و سەربازییەوە زۆر لاوازە، هەر بۆیە سەرکردایەتی داعش هەوڵدەدات پرۆژەی بەناو خەلافەت زیندوو بکاتەوە، بۆ ئەوەش سەرنجێکی تایبەتی لەسەر عێراق و سووریایە".

داعش سەردەمانێک دەستی بەسەر بەشێکی زۆر لە خاکی سووریا و عێراقەوە گرتووە، ئەو ناوچانەش سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتی داعش بوون، بە تایبەتی لە رێگەی فرۆشتنی نەوت و کەلوپەلە ئاسەوارییەکان و وەرگرتنی باج. لە مانگی ئازاری رابردوو، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) دوایین ناوچەی ژێر دەسەڵاتی داعش لە رۆژهەڵاتی سووریایان رزگار کرد، پێدەچێ رووخانی خەلافەت ئەو گروپەی ناچار کردبێ جارێکی دیکە روو لەو جۆرە تەکتیکانە بکات کە پێش دامەزراندنی خەلافەت پشتی پێدەبەستن.

داعش بە نیازە ئەو تەکتیکە بەشێوەیەکی سەرەکی لەناوچەکانی دەرەوەی سووریا و عێراق بەکاربهێنێ. مانگی رابردوو ڤیدیۆیەکی ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی داعش بڵاوبووەوە کە تێیدا داوای لە لایەنگرانی کرد لە شەڕ بەردەوام بن، هەتا دوژمن لاواز دەبێ. لە مانگی نیسان داعش بەرپرسیارێتی هێرشێکی بۆ سەر شارۆچکەی فوقەها لە لیبیای گرتەئەستۆ، کە تێیدا بنکەی پاسەوانانی شارەوانیی شارەکە سووتێنرا.

هەر لە مانگی نیسان داعش یەکەم هێرشی خۆی بۆ سەر کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆ کرد، دواتریش ویلایەتی ئەفریقای ناوەڕاستی راگەیاند، لەو کاتەوە چەند هێرشێکی دیکەی لەو وڵاتە کردووە. لە رۆژی 10ی ئایاری ئەمساڵیش، داعش ویلایەتی هیندی راگەیاند و بڵاوی کردەوە کە زیانیان بە سەربازانی هیندوستان لە کەشمیر گەیاندووە.

لە چەند هەفتەی رابردوودا داعش چەندان هێرشی لە ئەفغانستان، نایجیریا، سۆماڵ، میسر، چیچان و سریلانکا کردووە. لەیس ئەلخوری، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری گروپی فلاشپۆینت بۆ چاودێریی چالاکییەکانی داعش، بە (رۆیتەرز)ی گوت "داعش بە شێوەیەکی زۆر کاتی دەست بەسەر ناوچەکاندا دەگرێ، هێزی خۆی پیشان دەدات، خەڵک ملکەچ دەکات، دواتر هەر لەناو ئەو خەڵکە ئەندام کۆدەکاتەوە".

داعش هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە پڕوپاگەندەی وەک ئامرازێک بۆ زەقکردنەوەی پێگە و وجوودی خۆی لە ناوچە جیاجیاکان بەکارهێناوە، لە قۆناغێکیشدا کە پێگەی جوگرافیی ئەو رێکخراوە لاواز بووە دەزگاکانی میدیای ئەو گروپە رۆڵێکی سەرەکیی لە زیندوو راگرتنی وێنەی ئەو گروپە لە جیهاندا هەبووە. شارەزایان پێیانوایە داعش لەو هەوڵەی دا سەرکەوتوو بووە.

ئەلخوری لەبارەی هەوڵە میدیاییەکانی داعش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد "میدیای داعش پەی بەوە بردووە کە زەقکردنەوەی ئەوە گرنگە". واتە وجوودی داعش لە ناوچەی جیاجیای جیهان کە لە رێگەی هێرشەکانی ئەو رێکخراوە لە ناوچە جیاجیاکان و بڵاوکردنەوەیان لە میدیاکانی داعش دەردەکەوێ.

کاتس پێیوایە زنجیرە بابەتەکانی ئەمجارەی رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکەی داعش وردەکاریترین بابەتە کە رێکخراوەکە لەسەر هێرشی گریلایی بڵاوی کردبێتەوە، جەخت لەوەش دەکاتەوە هەرچەند رێکخراوەکە لەڕووی جوگرافی و چەکدارەوە تەواو لاواز بووە، بەڵام "راستییەکی تاڵ ئەوەیە کە داعش هێشتاش مەترسیدارە، ئەو گروپە هەتا ئێستاش ئامراز و ژێرخانی پێویستی بۆ رێکخستنی هێرش لە هەموو جیهاندا هەیە". بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە ئەمجۆرە هێرشە لەڕووی دارایی و هێزی مرۆییەوە زۆر لەسەر رێکخراوەکە قورس ناکەوێ.

> بەڕێوەبەری گروپێکی هەواڵگری:
> داعش هەتا ئێستاش ئامراز و ژێرخانی پێویستی بۆ رێکخستنی هێرش لە هەموو جیهاندا هەیە



داعش داوا لە چەکدارانی دەکات خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ "دوژمن" بەدوور بگرن

# ـوریا زۆرینە بن



ئەو سیاسەتەش پشتی بە میتۆدی پاداشت و سزا بەستووە. هەندێک لە دۆکۆمێنتەکان بە دیاریکراوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە سەرکردەکانی کورد بهێنرێنە ناو ریزەکانی رژێمەوە، ئەو هەنگاوەش بۆ هاندانی کورد بووە بۆ ئەوەی زیاتر وەک سووری دەربکەون.

یەکێک لە لاپەڕەکان ئاماژە بۆ "بەکارهێنانی میتۆدی قایلکردن و تۆقاندن" دەکات، تاوەکو بە هەڕەشە و بە هاندان سەرکردە کوردەکان لە حکومەت نزیک بکەنەوە. بەگوێرەی راپۆرتەکە، لە هەمان لاپەڕەدا فەرمانی ئەوەش دراوە کە سوود لە "میتۆدی بەکارهێنانی گوشار و زۆر" وەربگیرێ، لەوانەش "سیخوڕیکردن بەسەریانەوە، بەتاوانبار ناساندنیان، هەڕەشەی هێزە ئەمنییەکان و هۆزە عەرەبەکان لێیان".

لە یەکێک لە لاپەڕەکاندا فەرمان بە لایەنی پەیوەندیدار دەکرێ درێژە بە "کۆبوونەوە و پەیوەندییەکان لەگەڵ کەسایەتییە بەرجەستەکانی پارتە کوردییەکان" بدرێ، بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان وەک بەشێکی پەیوەست بە نیشتمان و سەرکردەی نیشمانەوە (واتە بەشار ئەسەد) ببینن. لە فەرمانەکەدا باس لەو پارتانە کراوە: پارتی یەکێتیی دیموکراتیک (PYD)، پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی سووریا، پارتی یەکێتی دیموکراتیکی کورد (یەکێتی)، پارتی ئازادیی کوردی، پارتی یەکێتی دیموکراتی (یەکێتی) و پارتی دیموکراتی کوردی سووریا.

لە یەکێک لە لاپەڕەکاندا ئەو میتۆدەی حکومەت بۆ کۆنترۆڵکردنی کورد و سەرکردایەتی کوردی رۆژئاڤا بە "میتۆدی تورکی بۆ ئیدارەکردنی بارودۆخی کورد" وەسف دەکرێ. بەگوێرەی راپۆرتەکە، زمانی بەڵگەنامەکان دەریدەخەن حکومەت بۆ هێورکردنەوەی ناڕەزایەتییەکانی کورد ئەوەندەی بیرۆکەی بەکارهێنانی سزای هەبووە ئەوەندە بیری لە "پاداشت" نەکردووەتەوە.

> دەبێ گوشار بخرێتە سەر هۆزە عەرەبەکان بۆئەوەی بۆ پارێزگای حەسەکە کۆچ بکەن



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کورد لە عێراقدا بەرەو کەمینەیەکی ناکاریگەر

کورد لە باشووری کوردستان کێشەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام لە هەموویان مەترسیدارتر ئەوەیە کە لە رابردوودا دەژین و بیر لە داهاتوو ناکەینەوە. لەخۆمان ناپرسین ئێمە لە کوێ دەژین؟ لەگەڵ کێ دەژین؟ بیر لەوە ناکەینەوە چارەنووسمان لەم چوارچێوەیەی پێی دەڵێن عێراق و لەناو ئەم ژینگە کۆمەڵایەتییەی عارەبدا، بەکوێ دەگات؟

ئەگەر کەسانێکیشمان لە پەراوێزێکدا قسەیەک لەسەر ئەم بابەتە بکات، بە قەومەچی و عەقڵی شۆڤینی تۆمەتباری دەکەن. ئێستا تەماشا بکەن لە میدیا و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چی بەو کەسانە دەگوترێ کە بیانەوێ ختوکەی هەستی نەتەوەیی کۆمەڵگە بدەن کە بەئاگابێتەوە لەوەی لەناو ململانێیەکداین چارەنووسی نەتەوەکەمان دەخاتە مەترسییەوە و پێویستە پلانمان بۆ مانەوە هەبێت. کەسانێک ئەم خەمە بگرنە کۆڵ، لۆمە دەکرێن. نازانن ئێمە لە وڵاتێکداین هێشتا مەحکومە بە ململانێی تایفی و نەتەوەیی، مانەوەی هەرلایەک لەم گەمەی دەستشکانەوەیەی یەکتریدا بەستراوە بە هێز و بازووی خۆیەوە. بیر لەوە ناکەینەوە ئەگەر ئێمە لای خۆمانەوە ئەو قۆناغە تێپەڕێنین و بمانەوێ لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون و وەک مرۆڤ پێکەوە بژین، هەڵوێستی بەرانبەرەکانمان چۆن دەبێت.

لەم وتارەدا مەبەستمە پرسێک بورووژێنم: ئێمە لە کوێ و لەگەڵ کێ دەژین؟ ئەم وڵاتەی ناوی عێراقە چۆن دەبێت و چارەنووسی ئێمە لەناو عێراقدا بەکوێ دەگات؟ ئەگەر عێراق وڵاتێکی پڕ لە کێشە و ململانێ و شەڕ و ئاشووب بێ، ئێمە دەکەوینە کوێی ململانێکانییەوە؟ ئەی ئەگەر عێراق وڵاتێکی ئارام و سەقامگیر بوو، ئێمە چیمان بەسەردێت؟ ئایا هیچ هیوایەک هەیە ژیان لە عێراق و لەگەڵ عەرەب، بە پێکەوەژیانێکی دوور لە مەترسی و ئاشتیانە بەسەر بەرین؟

با وێنای ئەو دیوەی عێراق بخەینە پێش چاوی خۆمان کە ململانێ و ناکۆکی لە نێوان پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی بەردەوام دەبن. کورد دەتوانێ بە ئارامی لە کوێی ئەو عێراقەدا دەرفەتێک بۆ ژیانێکی بێ کێشە بۆ خۆی بدۆزێتەوە؟ عێراق ئێمە دروستمان نەکردووە، هەڵبژاردە و دڵخوازی ئێمە نەبووە تا لەم چوارچێوەیە و لەگەڵ ئەم کۆمەڵگە خێڵەکییەی ناویدا بژین. تەنانەت بەزۆر و بێ خواستی خۆمان لکێندراوین پێوەی. ئێمە بەرپرس نین لەوەی ئەم وڵاتە لە کورد و عەرەب پێکهاتووە، کە عەرەب لەوەتەی هەن نەیانتوانیوە لەگەڵ نەتەوەیەکی تر بە ئاشتی بژین و هەمیشە هەوڵیانداوە هەموو جیاوازییەک لەنێو عەرەبدا بتوێننەوە. ئێمە هیچ ڕۆڵێکیشمان لەوەدا نەبووە سوننە و شیعە پێکەوە لەم چوارچێوەیەدابن کە لە کوشتنی حوسێنەوە تا ڕۆژی قیامەت ململانێ لە نێوانیان کۆتایی نایەت. بۆیە بەهۆی خەسڵەتی نەگونجاویی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی، هەروەها ئاسەواری ململانێی نزیک بە سەت ساڵی رابردووی نێوانیان، ئاماژەی بەردەوامی و درێژەدانی ئەو ململانێیانەی رابردووە بۆ داهاتوویەکی زۆر دوورتر. مەترسیەکەش لەوەدایە ئەگەر پێشتر بە چەکی سووک و تەقلیدی شەڕی یەکترییان کردبێت، لە داهاتوودا بە چەکی زۆر قورس و وێرانکەر ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. ئایندەی عێراق پڕ دەبێ لە کوشتار و خوێنڕشتن. بۆیە پێویستە هەمیشە ئەوەمان لەپێشچاو بێت کە تا ئەو ساتەی لەگەڵ عێراق بمێنینەوە، ئێمە لەناو ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتیەدا دەژین.

با گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەم بۆچوونەی من هەڵەیە و عێراق دەبێتە شامی شەریف. نەک سوننە و شیعە، نەک کورد و عەرەب ناکۆک نابن، گریمان مەڕ و گورگ پێکەوە لە کانییەک ئاو دەخۆنەوە. عێراق دەبێت بە وڵاتێکی ئارام و سەقامگیر. ئایا هیچکات لە خۆمان پرسیوە لە دۆخێکی لەم جۆرەشدا چارەنووسی ئێمە چی دەبێت لە عێراقدا؟ عێراق وڵاتێکی زۆرینە عەرەبی کۆمەڵگەی خێڵەکیە. ڕێژەی گەشەکردن و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان تیایدا پێچەوانەی هەموو بنەما زانستیە چاوەڕوانکراوەکانە. ئەگەر ئەو ئامار و سەرژمێریانەی لە دروستکردنی عێراقەوە بۆ کەوتنی سەدام و لەوکاتەشەوە تا ئێستا بە هەر وڵاتێکی تری دونیا بەراورد بکەین، جێی تێڕامانە کە سەرباری ئەو هەموو شەڕ و کوشتارە خوێناویانەی لەو ماوەیەدا ڕوویانداوە، ڕێژەی گەشەکردن و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان بەو خێراییە بەرز بووەتەوە.

ساڵی 2003، عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە کەمتر بوو لە 25 ملیۆن کەس، نزیکەی 5 ملیۆنیان دانیشتووی هەرێمی کوردستان بوون. کۆتایی ئەمساڵ عێراق دەبێتە 40 ملیۆن، هەرێمی کوردستان کەمترە لە 6 ملیۆن و کەمتر لە یەک ملیۆن گەشەی کردووە، بەڵام پارێزگاکانی تری عێراق زیاتر لە 15 ملیۆن کەس زیادیان کردووە. کەمتر لە 10 ساڵی تر واتا پێش 2030 عێراق 50 ملیۆن تێدەپەڕێنێ. ئەو تەعریبەی پێشتر بە پلان و لە ڕێگەی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و بە هێز و دامەزراوەی دەوڵەتی دەیانکرد، ئەوەی ئێستاش بە پاساوی جۆراوجۆر دەستیان کردووە بە هێنانی عەرەب بۆ ناوچە کوردستانییەکان، لەمەودوا بەهۆی لەدایکبوون و گەشەکردنی ژمارەی خێزانی عەرەبەوە هەمان ئامانج دەپێکن. تەنانەت لە شارەکانی ناو هەرێمی کوردستانیش لە دوو بۆ سێ دەیەی داهاتوودا ئەم مەترسییە پەیدا دەبێت.

ئاین و کۆمەڵگە و یاسا، هەرسێکیان یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا عەرەب بکەنە زۆرینەیەک، ئەگەر هیچ ناکۆکی و کێشەیەکیش لە نێوان کورد و عەرەب نەمێنێ، عەرەب دەبنە مەترسی لەسەر دیمۆگرافیای کوردستان. سەدام لە سەرەتاکانی جەنگی عێراق ئێراندا بڕیارێکی دەرکرد کە (ژنی شەهیدی قادسیە) شوو بکاتەوە، مووچە و ئیمتیازەکانی وەک خۆی دەمێنێتەوە و دایکی شەهیدەکەش هەمان ئیمتیاز وەردەگرێت. بەمەهانی ئەوەیاندا کە ژن وەک کارگەی بەرهەمهێنانی مرۆڤ لەکار ڕانەوەستێ. ئاین ڕێگەی 4 ژنی پێداون و ئەوەی 4 ژن بێنێت لەناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا شەهامەتی پێ زیاد دەبێت، یاساش ڕێگەیان پێدەدات. دەسەڵاتدارانی ئێستا بۆ تەواوکردنی ئەو ئامانج و ستراتیجە خەریکە یاسای باری کەسێتی دەگۆڕن تاوەکو کچ لە 9 بۆ 11 ساڵی بەشوو بدرێت.

لە کوردستان لەڕووی یاساییەوە دووژنی قەدەغەیە، لەناو کۆمەڵگاش بەچاوی کەم لەو پیاوانە دەڕوانن کە لەیەک ژن زیاتریان هەبێت. ئەگەر خێزانی شەهیدێک شوو بکاتەوە حکومەت مووچەکەی دەبڕێت و کۆمەڵگاش بەچاوێکی دیکە تەماشای دەکەن. زۆرترین ژنانی بەجێماوی ئەنفال و کچە نازدارەکانیان بە قەیرەیی مانەوە، چونکە ئەو مووچە کەمەی وەریاندەگرت لە حاڵەتی چوونەژیانی هاوسەرێتییەوە ئیتر دەبڕدرا. خێزانی کوردیش تادێت بچووکتر دەبێتەوە و منداڵی کەمتر دەخرێتەوە. ئەمانە ئاماژەی مەترسیدارن کە ئێمە لە ململانێی ژمارە و پارێزگاری لە ناسنامە، دەکەوینە بەردەم هەژموونی عەرەبەوە و دەبین بە کەمینەیەکی ناکاریگەری حساب بۆ نەکراو.



مامەند ڕۆژە*
m.roje@rudaw.net

# ئایا عێراق دەتوانێ نێوبژیوانی بکات؟

حکومەتی عێراق ڕایگەیاندووە کەوا لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا نێوبژیوانی دەکات. ئەمەش ستراتیژیەتێکە عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی نێوان دوو وڵاتەکە دەیگرێتەبەر. هۆکارەکەیشی ئەوەیە عێراق لە ئەگەری جەنگ و قەیراندا یەکەم وڵاتە زیانی گەورەی بەردەکەوێت. بەڵام لێرەدا کێشەیەک هەیە کە واقعی دەوڵەتی عێراق دەیسەپێنێت. ئەویش ئەوەیە ، عێراق ژێرخانێکی ئەوتۆی نییە بتوانێ ئەم دوو دەوڵەتە ئاشت بکاتەوە.

لێرەدا دەپرسین: گەلۆ عێراق دەتوانێ نێوبژیوانی بکات؟ گەلۆ دەرچووی ئەم سیاسەتەی عێراق چی دەبێت؟

گریمانە: تواناکانی عێراق لە ئەنجامدانی نێوبژیوانییەکی بەوشێوەیە بچووکترن. بەپێچەوانەوە عێراق لە ئەگەری ئەم قەیرانەدا زۆرترین زیانی بەردەکەوێت.

## عێراق: دۆخی بەرزەخی لەرزۆک

عێراق لەڕووی سیاسی، ئابووری، سەربازی و ئەمنییەوە بە توندی لەژێر کاریگەریی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ئێراندایە. عێراق وابەستەی ئەمریکا و وابەستەی ئێرانیشە. ئێران هەرچەند لە لوبنان، سووریا، غەززە و یەمەن نفووزی هەیە، بەڵام کاتێک ئەم شوێنانە لەگەڵ عێراق بەراورد دەکەین، تێدەگەین کە هیچیان ئەوەندەی عێراق نین. واتە نفووزی ئێران لە عێراق یەکلاییکەرەوەیە. هەروەها سنووری هاوبەش عێراقی تاڕادەیەک کردووەتە حەوشەی پشتەوەی ئێران.

لەلایەک عێراق وڵاتێکە ئەمریکا داگیری کردووە و کاریگەری یەکجار زۆری لەسەر هەیە. هەروەها بەهۆی ڕێککەوتنی درێژخایەنی ئەمنی - سەربازییەوە عێراق ناتوانێت خۆی لەژێر کاریگەری ئەمریکا دەرباز بکات. ئەمریکا ئێستا دەیەوێ بەهەموو توانای خۆیەوە کۆتایی بە پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران بهێنێت. پێش ماوەیەک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مایک پۆمپیۆ بەتایبەتی بۆ ئەم بابەتە سەردانی عێراقی کرد. ئەو هۆشداری داوەتە عێراق. هەروەها یاریدەدەری وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا سەردانی بەغدای کردووە و بەتایبەتی بۆ ئەم بابەتە لەگەڵ سەرۆکی بانکی ناوەندیی عێراق گفتوگۆی کردووە و واشنتن نایەوێ ئێران بۆ دۆلار عێراق بقۆزێتەوە. ئەمریکا دەیەوێ هەموو وردەکارییەکانی نێوان عێراق — ئێران کۆنترۆڵ بکات.

سەرکردەکانی عێراق باش دەزانن پێگەی وڵاتەکەیان لەرزۆکە و لە ئەگەری ڕوودانی جەنگ لەنێوان ئەمریکا — ئێران وڵاتەکەیان بەرگە ناگرێ و ئەگەری ڕوودانی جەنگی ناوخۆیی هەیە و بگرە ئەگەری پارچەبوونیش هەیە. بۆیە بە تێگەیشتن لەم ڕاستییە، لە هەوڵدان بە ستراتیژیەتێکی جیاواز کە نە شیش بسووتێ و نە کەباب، بەرپەرچی ئەم دۆخە بدەنەوە. لەڕاستیدا دۆخی ئێستای عێراق دۆخێکی بەرزەخییە.

## عێراق: چۆن لە قەیران دەپەڕێتەوە؟

پسپۆڕان ئەم دۆخەی عێراق بە پەڕینەوە لەسەر پردی سیرات وەسف دەکەن، چونکە دۆخێکی سەختە و ئاستەمە عێراق بەرگەی جەنگی نێوان ئەمریکا — ئێران بگرێت . هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەگەر جەنگ ڕوویدات، یەکسەر بۆ ناو عێراق دەگوازرێتەوە. هەرچەند سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کەوا گوشارەکانی ئەمریکا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا تۆزێک ڕەوینەتەوە و سەرلەنوێ لێخۆشبوونی کڕینی وزەی لە ئێران داوەتە عێراق ، بەڵام بەقسەی پسپۆڕان عێراق تائێستا نەیتوانیوە جێگرەوەی وزەی خۆی بدۆزێتەوە و تائێستا بە قورسی وابەستەی ئێرانە. لەلایەک هاوینێکی قرچان چاوەڕێی دەکات کە ئەگەر هەیە کەمیی کارەبا، کەمیی ئاوی پاک و خراپیی خزمەتگوزاری بیتەقێنێتەوە.

بۆیە ئەمریکییەکان بۆ پێشگرتن لە قەیرانی ناوخۆیی عێراق، سەرلەنوێ لێخۆشبوونی کاتییان بۆ عێراق دەرکردووە. پێدەچێ پرسی لێخۆشبوونی کڕینی وزە کاتی بێت، چونکە ئەمریکییەکان گوشار دەخەنە سەر عێراق تاوەکو زووترە جێگرەوەیەک بۆ ئەم بابەتە بدۆزنەوە. سعودیە و چەند وڵاتێک لە هەوڵدان بۆ ئەوەی لەم پرسەدا جێگەی ئێران بگرنەوە، بەڵام ئەم بابەتە پێویستی بە کاتێکی مامناوەندییە و بە ئاسانی جێگیر نابێت. لەبەر ئەمە لێخۆشبوونی ئەمریکا بە مانای کۆتاییهاتنی گوشارەکان نییە، بەڵکو تاکتیکێکی نوێی واشنتنە بۆ دەربازکردنی عێراق.

پسپۆڕان دەڵێن عێراق بە تەنیا ناتوانێ نێوبژیوانی بکات، چونکە ژێرخان و سترەکچەری سیاسی عێراق بەشی ئەم بابەتە ناکات. بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکەن عێراق لە ناوەوە و لە دەرەوە بۆ ئەم بابەتە ئیئتیلافی پێویست پێکەوەبنێت. لەناوەوە پێویستی بە پێکەوەنانی یەکڕیزی و ئیئتیلافێکی گشتگیرە کە کاریگەری سیاسی لە دەرەوە دروستبکات. هەروەها لە دەرەوەش پێویستە لەگەڵ چەند وڵاتێکی میانەڕۆی عەرەبیی وەک عومان، کوێت و ئوردن دەست بە نێوبژیوانی بکات. عێراق لەم ڕێگەیەوە دەتوانێ کاریگەری لەسەر واشنتن و تاران دابنێت.

بەڵام ئەوە چەند هەفتەیەکە بەسەر ئەم سیاسەتە تازەیەی عێراقدا تێدەپەڕێت و تائێستا نە لە ناوەوە توانیویەتی ئیئتیلاف و یەکپارچەیی پێویست دەستەبەر بکات و نە لەدەرەوەش توانیویەتی بلۆکێکی ناوچەیی بۆ سیاسەتی نێوبژیوانی بهێنێتە کایەوە. لەبەر ئەوە ئەم سیاسەتەش ئەگەری سەرکەوتنی کەمە و پێویستی بە کاتی زیاترە.

**ئەنجام:** سیناریۆکانی بەرەنگاربوونەوەی قەیران

ئێستا لە عێراق چەند سیناریۆیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم بابەتە هەن کە بەوشێوەیەی خوارەوە دەتوانین پۆلێنیان بکەین:

**یەکەم** :دەڵێن لەم قەیرانەدا عێراق دەبێ بێلایەن بێت و نابێ ببێتە لایەنگری هیچکام لەم دوو دەوڵەتە. پێویستە عێراق ستراتیژی هاوتەرازی هێز ڕەچاو بکات . هەرجۆرە لایەنگیرییەک دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوتەرازی هێزی ناوخۆیی و ئەگەری هەیە جەنگی ناوخۆیی و تەنانەت پارچەبوونی وڵاتیشی لێبکەوێتەوە. لایەنگرانی ئەمریکا و ئەو هێزانەی دەیانەوێ عێراق بگەڕێتەوە ناو قووڵایی عەرەبی خۆی، هەڵگری ئەم بۆچوونە ستراتیژییەن.

**دووەم:** ئەمانە دەڵێن لە ئەگەری ڕوودانی جەنگدا دەبێ لای ئێران بگرین، چونکە ئێران قووڵایی ستراتیژی عێراقە و لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەددام، لەکاتی بەرەنگاربوونەوەی داعش و لەکاتی قەیرانی گشتپرسی و ڕووداوەکانی کەرکووکدا تەنیا ئێران توانیویەتی پشتیوانی ڕاستەقینە لە عێراق بکات و، عێراقی پاراستووە. بۆیە دەبێ پشتیوانی ئێران بکرێت. لایەنگرانی ئێران هەڵگری ئەم ستراتیژییەن.

**سێیەم** : کەمینەیەکی نەیاری ئێرانن کە پێیانوایە دەبێ عێراق لایەنی هێزی باڵادەست بگرێت و لەگەڵ ئەمریکا ڕێبکات. ئەمانە دەڵێن سەرەنجام چارەنووسی عێراق وابەستەی ئەمریکایە و دەبێ چاوپۆشی لەم ڕاستییە نەکرێ و جەنگیش ڕوویدات هەر ئەمریکا دەیباتەوە.

**چوارەم** : ڕوانینی چوارەم کە لە ڕیالیزمی سیاسییەوە هەڵدەقوڵێ، دەڵێت: عێراق نە دەتوانێ سیاسەتی هاوتەرازی هێز ڕەچاو بکات و نە دەتوانێ لایەنی یەکێک لەم دوو هێزە بگرێت. عێراق دەبێ هەوڵ بدات چ لە توانایدایە بیخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەگەرەکانی جەنگ بڕەوێنێتەوە. دەبێ جووڵەیەکی دیپلۆماسی فرەلایەن دەستپێبکرێت بۆ ئەوەی عێراق خۆی لە پاشهاتە خراپەکانی جەنگ بەدووربگرێت.

ئێستا بۆچوونی چوارەم لە سیاسەتی عێراقیدا زاڵە و کاری لەسەر دەکرێت. چەند جارێکیشە عادل عەبدولمەهدی داوای کردووە بۆ نێوبژیوانی سەردانی واشنتن بکات، کەچی واشنتن ئەمەی ڕەتکردووەتەوە. کەوابوو ئەمریکا جارێک دەیەوێ سیاسەتی قەیرانسازی بگاتە لووتکەی خۆی و ئینجا ئەنجامی خۆی لێ هەڵێنجێت . ئامانجی ئەمریکا ئەوەیە بە گوشاری پەیدەرپەی ئێران بێنێتە سەر مێزی گفتوگۆ و ڕێککەوتنی نوێی بەسەردا بسەپێنێ. لێرەوە بەم ئەنجامە دەگەین کەوا سیاسەتی نێوبژیوانی عێراق دەرچوویەکی ئەوتۆی نابێت و ئەگەر هەیە پەرەسەندنی قەیران بەسەر عێراقدا بتەقێتەوە و لەناوەوە تێکیبدات.

*بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو



زریان ڕۆژهەڵاتی
ziryan.rojhelati@rudaw.net

# پەیامە شاراوەکەی ئۆجالان!

پەیامەکانی ئەم بیست ڕۆژەی دوایی عەبدوڵا ئۆجالان مشتومڕێکی زۆری دروستکردووە. هەندێک وای بۆ دەچن کە لەوانەیە ئەمە نیشانەی "قۆناغێکی دیکەی چارەسەری" بێت و هەندێکی دیکەش وەک داوێکی حکوومەت تەماشای دەکەن و پێیانوایە ئامانجە شاراوەکەی هەڵبژاردنی ئیستەنبوڵە! ژمارەیەکیش دەڵێن ئۆجالان لە ڕێبازی خۆی لایداوە و قسەکانی ئێستای بە گونجاو نازانن. شیکردنەوەکان هەرجۆرێک بن، چەند ڕستەیەکی شاراوە لە پەیامەکانی ئۆجالاندا بۆ پەکەکە و دەوڵەت هەن کە بایەخی لە هەمووان زیاترە: ئەو بە پەکەکە دەڵێت ئەمجارە بەقسەم بکەن، ئەگینا من تەنها نیم، ڕێکخستنێکم لەگەڵدایە! بە دەوڵەتیش دەڵێت هێشتا لە ئامانجەکەت دڵنیا نیم!

## ناوەڕۆکی پەیامەکانی ئۆجالان

دوای ساڵانێکی زۆر، عەبدوڵا ئۆجالان لەماوەی 20 ڕۆژدا دووجار پارێزەرەکانی خۆی بینی. جاری یەکەم لەڕێی پارێزەرەکانییەوە پەیامێکی 181 وشەیی بڵاوکردەوە کە تێیدا دەستەواژەیەکی بەناوی "دانوستاندنی دیموکراتیک" داهێناوە دەشێ جێی مشتومڕ بێت، چونکە دانوستاندنە سیاسییەکان زیاتر لەوەی کە بەپێی پێوەرەکانی دیموکراسی بەڕێوەبچن، بەگوێرەی ڕادەی هێزداریی لایەنەکان دەبن. بۆیە دانوستاندنی دیموکراتیک شتێکی نامۆیە. ئەو جەختی لە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و پەنابردنی بۆ هێزی نەرم کردووە بۆ چارەسەکردنی کێشەکان و بەیاننامەکەی نەورۆزی 2013یشی وەک پاشخانێکی بۆچوونەکانی ئێستای وەبیرهێناوەتەوە. سەبارەت بە دۆخی ڕۆژئاواش "دوورکەوتنەوەی لە پێکدادان" وەک ڕەفتاری سیاسی گونجاو پێشنیار کردووە و چارەسەریشی لە "دیموکراسییەکی محەلی بە زەمانەتی دەستووری و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سووریا"دا بینیوە. ئەوەی لەم پەیامەدا زۆر سەرنجڕاکێش بوو، ئەوە بوو کە بۆ جاری یەکەم ئۆجالان نامەیەکی نارد، جگە لە خۆی ئیمزای چەند کەسێکی دیکەیشی پێوەبێت!

دووەم پەیامی ئۆجالان دوای چەند ڕۆژ دانوستاندن لەگەڵ مانگرتووواندا بڵاوکرایەوە کە ژمارەیەکیان لە زینداندان و دەوری 3000 کەسێک دەبن و لە سێ تا شەش مانگ بەر لە ئێستاوە مانیان گرتووە و 25 کەسیشیان بە مانی مردن لێویان لە خۆراک نەداوە. ئۆجالان هەم خوازیاری کۆتاییهاتنی مانگرتنەکانە، هەم جەخت لە پەیامەکانی پێشوویشی سەبارەت بە تورکیا و دۆخی ڕۆژئاوا دەکاتەوە. لەم پەیامەیدا دوو خاڵی سەرنجڕاکێش هەن: یەکەمیان ئەوەیە کە دەڵێت دوای سێ ڕۆژی دیکە هەڵوێستی لایەنەکان لەسەر پەیامەکانی من ڕووندەبێتەوە! ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ قۆناغی دوای هەڵبژاردنی ئیستانبوڵ. دەکرێ ئەمە بەو واتایە بێت کە ئەو دڵنیا نییە لەوەی ئایا ئەم قۆناغە تازەیە" قۆناغێکی نوێی چارەسەرییە" یان تەنها سیاسەتێکی ڕۆژانەیە بۆهەڵبژاردن و کۆتاییهێنان بە مانگرتنەکان! دووەمیش ئەوەیە کە دەڵێت بۆ چارەسەرێکی دیموکراتیک و ئاشتییەکی شەرەفمەندانە، ئامادەم ئەوەی بکەوێتە سەرشانم جێبەجێی بکەم. ئەم ڕستەیەش گوزارشتە لە مەیلی ئەو بۆ گەڕانەوەیەکی بەهێز، دوای ئەوەی کە خواستەکانی لە "قۆناغی چارەسەری"دا لە هەردوو لایەنی دەوڵەت و پەکەکەوە پشتگوێخران.

## پەیامە شاراوەکە چی بوو؟

بۆ دەرخستنی پەیامە شاراوەکەی ئۆجالان دەبێ تۆزێک بگەڕێینە دواوە: بۆچوونەکانی ئەمدواییەی ئۆجالان تازە نین و نزیکەی بیست ساڵە بە بۆنەی جیاجیاوە باسیان دەکات. ئاشکرایە کە دوای ئەوەی گیرا، وەرچەرخانێکی لە ڕێبازی سیاسی خۆیدا دروستکرد و زیاتر بەرەو کەمڕەنگکردنەوەی پرسی کورد و نزیکبوونەوەی زیاتر لە پرۆژەی تورکیا هەنگاوی نا. هەرچەند ئەو جارانیش دەیگوت "من کوردایەتی ناکەم لەبەر ئەوەی کە کوردم، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە سۆسیالیستم (کتێبی داستانی ژیانەوە)"، بەڵام لە قۆناغی پێش گیرانی خۆیدا سیاسەتی تۆخکردنەوەی پرسی کوردی دانابوو. بۆ سەرخستنی ئەوەش جەختی لەوە دەکردەوە کە ڕۆڵی زۆر و سەختەهێز یەکلاکەرەوەن. لە قۆناغی دوای گیرانیشیدا، وەرچەرخانێکی ڕیشەیی کرد و لەڕێی بەستنەوەی پرسی کوردەوە بە مەسەلەی دیموکراتیزاسیۆنی تورکیا، لە تۆخیی پرسی کوردی کەمکردەوە و لە جیاتی زۆر و سەختەهێزیش، ڕێکاری دیموکراتیک، دانوستاندن و خۆی واتەنی "هێزی نەرم"ی هەڵبژارد. ئەمە لە "قۆناغی چارەسەری"دا خەریک بوو بگاتە بەرهەم و کرانەوەیەکی بایەخداری لە پرسی کورددا دروستکرد. بەڵام دواجار پەکەکە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ڕاستەوخۆ لە قسەی ئۆجالان دەرچوو، دەوڵەتیش گوێی پێنەدا و بەوەش لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا هەوڵەکانی "ئاشتی" لەباربران!

ئێستا کە ئۆجالان پەیامی تازە دەدات، دوو شتی لەپێشچاوە. یەکەمیان ئەوەیە کە ڕەنگە وەک جاری ڕابردوو، پەکەکە لە قسەی دەرچێت و نەکا دەوڵەتیش تەنها لەبەر مەسەلەی مانگرتووەکان و هەڵبژاردن بەکاری بهێنێ! بۆیە لە نامەکەی 6ی ئەم مانگەدا پەیامێکی شاراوەی دایە پەکەکە و لەوەی 2019/5/26 شدا پەیامێکی بە دەوڵەت دا. لە دوا نامەیدا لەڕێی ئەو ڕستەیەی کە "سێ ڕۆژی دیکە هەڵوێستی لایەنەکان دیار دەبێت"، ئەو پەیامە بە دەوڵەت دەدات کە هێشتا متمانەی تەواوی نییە بەو قسانەی ڕەنگە لە پشتی پەردەوە لەگەڵی کرابن. ئۆجالان کە لە ڕەفتاری سیاسی خۆیدا کەمتر حەزی لە دروستکردنی شەڕیکی سیاسییە، لە نامەکەی 2019/5/6شدا لەڕێی دانانی ناوی سێ ئەندامی پێشووی پەکەکە لەگەڵ ناوەکەی خۆیدا، ئەو پەیامەی بە قەندیلیش داوە کە ئەمجارە بە قسەم بکەن ئەگینا من تەنها نیم و ڕێکخستنێکم لەگەڵدایە!



رێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# مردووەکان زیندوو دەبنەوە؟

## 1

لێکتێگەیشتنی یەکەمی دەباشان لە کۆتاییەکانی 2012 لە نێوان (هەردوو رەحمەتی) تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا، شتێکی تاکتیکی بوو. تاڵەبانی لە رێگەی ئەو دیدارەوە کە دوای ئەوە نەخۆش کەوت و کۆتا مانۆڕی ژیانی سیاسی بوو، چەند ئامانجێکی پێکا. یەکەمیان نێوانی خۆی و بارزانیی چاک کردەوە کە لەسەر مەسەلەی لادانی مالیکی تووشی خیلافێکی قووڵ بوون (تا رادەیەک کە هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی سەرۆککۆماری کرد)، خستنە ریفراندۆمی دەستووری کوردستانی (کە بارزانی پێداگر بوو لەسەر ئەوەی دەبێ هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانیی 2013 دا دەنگی لەسەر بدرێت) دواخست و ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی بۆ دووساڵی دیکە درێژ کردەوە.

***

ئەوە بەرهەمی یەکەم لێکتێگەیشتن و هاوئاهەنگیی نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بوو، دوای ئەوەی کە سێ ساڵ پێشتر بزووتنەوەی گۆڕان لەناو هەناوی یەکێتی و چەپکە گوڵە مەشهوورەکەی مام جەلالەوە هاتە دەرەوە و دوو هاوڕێی تەمەن سنوورەکانی تەخوینکردنی یەکتریشیان بەزاندبوو.

***

یەکێتی و گۆڕان لەم ساڵانەی دواییدا لەسەر هەرچییەک رێککەوتبن، سوودمەندی یەکەم پارتی بووە و سوودمەندی دووەم یەکێتی بووە. جا لێگەڕێ لەو رێککەوتنانەی کە ژێر بەژێریش لە بەینی هەردووکیان لەگەڵ پارتیدا هەیانبووە.

***

پارتی بە لێکتێگەیشتنی یەکەمی دەباشان کەمێک قەڵس بوو، قەڵسییەکەشی لەوەوە نەبوو کە بۆ دەبێ یەکێتی و گۆڕان لێک نزیک ببنەوە، کێشە ئەوە بوو کە پارتی شێوەی ناردنی پەیامەکەی تاڵەبانیی بۆ بارزانی (سەربارى بەرکاربوونی رێککەوتنی ستراتیژیی نێوانیان) بە نەگونجاو دەزانی! چونکە هەر چەند رۆژێک دوای ئەو لێکتێگەیشتنە (مێژووییە!) تاڵەبانی بەخۆ و بە شاندێکی قورسی مەکتەبی سیاسییەوە لە سەری رەش بوو. لەوێ لە حزووری بارزانی و شاندەکەی خۆیدا گوتبووی ئەگەر جارێکی دیکە شەڕی ناوخۆ رووبداتەوە، ئەو ماڵەکەی خۆی دێنێتە سەری رەش!

***

رێککەوتنی دەباشان لە 17ی مایسی 2016 کە لە نێوان دیکۆری تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفادا ئیمزا کرا (کە لە بنەڕەتدا رێککەوتنی ماڵی برایم ئەحمەد و نەوشیروان مستەفا بوو) و قەت یەک برگەشی (جگە لە ئیمزا کردنەکەی) لە کۆی 11 بەش و 25 مادده هیچی لێ جێبەجێ نەکرا، بە ئامانجی قووتدانی گۆڕان بوو کە یەکێتی دەیزانی لە سەرەمەرگدان. کارتێک بوو بۆ دوورخستنەوەی گۆڕان لە پارتی.

***

دیسان لە ساڵیادی کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفادا، یەکێتی هەمان قەوان لێدەداتەوە. رێککەوتنی دەباشان زیندوو دەکەینەوە! شتێک کە بە مردوویی لەدایک بووبێت چۆن زیندوو دەکرێتەوە: "یەکێتی ئەلئەعلەم". ئامانج ئیحراجکردنی پارتییە! پارتی کە بە خودی رێککەوتنەکە تەققەی سەری هاتبێ، فشەی بە مەیتەکەی دێت. گۆڕان یەک دوو ددانی ماوە، یەکێتی دەیەوێ ئەوانیش بکێشێت.

## یەک کۆ دوو دەبێ بە سێ!

## 2

پێدەچێ رۆژی سێشەممە لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا، سەرۆکی هەرێمی چاوەڕوانکراو (نێچیرڤان بارزانی) بە شێوەی غیابی بە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێت. یەکێتییەکان و گۆڕانی هاوپەیمانی پارتی دەنگی پێدەدەن. سەروو هەشتا دەنگ دێنێت. یەکێتییەکان نیگەران بوون. هەفتەی رابردوو نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ باڵە دەسەڵاتخوازەکانی مەکتەبی سیاسییان کۆبووەوە و گەرەنتی دانی کە رێککەوتنی نێوان بارزانی و کۆسرەت رەسوڵ وەکو خۆی جێبەجێ دەکرێت.

بەڵام راستییەکەی ئەو سێ کەسە (عیماد ئەحمەد، عومەر فەتاح و ئەرسەلان بایز) هەموویان پتر لەوەی دەربەستی بەرژەوەندیی یەکێتی بن، بۆ خۆدەرخستن داوای ئەو دیدارەیان کردبوو. ویستیان بڵێن ئێمەش هەین.

***

دوای 10ی حوزەیران کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە رەسمی دەستبەکار دەبێت و بارزانییەکی دیکەش رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، کوردستان و پارتی بە عەمەلی داخیلی قۆناغی سێ سەرۆکایەتی (مەرجەعییەتی بارەگای بارزانی، سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت) دەبێت. لانیکەم بەپێی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی 2005 کە پەرلەمان لە ماوەی رابردوودا بەرکاری کردەوە، پەیوەندییەکانی نێوان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت رێکخراوە و سنووری دەسەڵاتەکانیان دیاری کراوە، بەڵام هیچ قانوونێک نییە باس لە مەرجەعییەت و جۆری پەیوەندیی نێوان دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکی حکومەت بکات. لە حاڵەتێکی ئاوادا، تا ئەو رۆژەی سەرۆک بارزانی لە گۆڕەپانی سیاسیدا رۆڵی هەبێت، سەرۆکی هەرێم (جا هەر دەسەڵاتێکیشی هەبێت) رۆڵێکی تەشریفاتی دەبینێ و توانای بڕیاری سیاسی و ستراتیژیی نابێت.

## ئەگەر نەیەی نایەم!

## 3

پارتی لای خۆیان وایان داناوە کە وەکو دەستپێشخەرییەک و بۆ مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆککۆمار دکتۆر بەرهەم ساڵح بانگهێشتی هەولێربکەن. بانگهێشتەکە بەشێوەیەک دەبێ کە هەم سەرۆکی هەرێم و هەم سەرۆکی حکومەتی داهاتوو بۆ دکتۆر بەرهەمی دەنێرن و، رەنگبێ هەمان بانگهێشتنامە بۆ سەرۆک وەزیران، سەرۆکی پەرلەمان و کەسایەتییەکانی دیکەی بەغداش بنێردرێت.

***

مەراسیمێکی شاهانە دەبێت. بەسەدان دیپلۆمات، سیاسەتمەدار و کەسایەتی لە سوێندخواردنی دووەم سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بەشدار دەبن. بەڵام بەپێی زانیارییەکان هەم سەرۆککۆمار و هەم سەرۆک وەزیرانی بەغداش گوتوویانە بانگهێشتەکە چۆن بێت ئاوا وەڵامی دەدەنەوە. واتا ئەگەر بە نامە دەعوەتیان بکەن، ئەوانیش بە نامە جواب دەدەنەوە. ئەگەریش بە حزووری بانگهێشت بکرێن، ئەوا ئەوانیش بە حزووری ئامادە دەبن.

***

راستە بەرهەم ساڵح پێویستی بەوە هەیە هەولێر لە پشتی بێت، بەڵام رەنگبێ بەقەدەر پارساڵ پێویستی بەو پشتیوانییە نەبێت. لە کاتێکدا وڵاتی بەناو عێراق و سەرکردەکانی دەکەونە ناو چەقی رووبەڕووبوونەوەی ئێران و ئەمریکا و سەرکردەکان رۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن، رەنگبێ پێویست بێت کە یەکەم جار لە هەولێرەوە دان بە بەغدادا بنرێت، نەک بەغدا بێتە بەرپێی هەولێر.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ناکرێ پێشمەرگە یەکبخرێ

یەکێک لە تەحەداکانی پێش سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان یەکخستنەوەی پێشمەرگە دەبێت، کە بە بڕوای من هێندەی گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان سەخت دەبێ و رەنگە لە چوار ساڵی داهاتوودا مەحاڵیش بێت. هۆیەکەشی ئەوە نییە کە نەکرێ چوارچێوەیەکی یەکگرتووی فەرماندەییان بۆ دابنرێت، بەڵکو زۆر هۆکاری دیکە هەن کە ئیشەکە قورس دەکەن.

جارێ پێش هەموو شتێک ئەوە راستە کە ئەمریکا و چەند وڵاتێکی دیکەی رۆژئاوایی مەبەستیانە و وەک ئامانجێکی ستراتیژیی خۆیان دەیبینن کە پێشمەرگە ببێتە سوپایەکی یەکگرتوو. بۆیەش بەو ئاراستەیەدا هەوڵدەدەن و ئەو پەیامەیان هەم داوەتە پارتی و یەکێتی و هەم بە گۆڕانیشیان گوتووە. بەڵام نە ئێران و نە تورکیا و نە بەغداش پێیان خۆش نییە و هەوڵیشی بۆ دەدەن کە پێشمەرگە یەکنەخرێت.

رەنگە پارتی کەمترین کێشەی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا هەبێت. هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەم بە دەنگدەر و جەماوەر و هەم بە دیوەکانی دیکەشدا هەژموونی بەسەر پایتەختی هەرێمی کوردستاندا هەیە و سوپایەکی یەکگرتوو قەت بە زیانی پارتی تەواو نابێت. بەڵام بۆ یەکێتی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی دیکەیە. لیواکانی مام جەلال و کۆسرەت رەسوڵ و هێزەکانی دژەتیرۆر و هێزەکانی سەر بە مەحموود سەنگاوی و ئەوانەی پشدەر و بیتوێن و ناوچەکانی دیکە، هەریەکەیان ئامرازێکن بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی کەسێک و باڵێکی نێو یەکێتی. بۆیەش نەمانی ئەوانە بەمانای نەمانی نفووزی ئەو کەس و ماڵباتانەیە کە ئەو هێزانەیان بەناوەوە بانگ دەکرێن. لەسەر ئاستی زۆنی سەوزیش ئەو هێزانە لەلایەکەوە وادەکەن مووچەخۆری سەر بە یەکێتی بۆ هێشتنەوەی قووتی ژیانی دەنگ بە یەکێتی بدات و لەلایەکی دیکەشەوە لەکاتی پێشکەوتن و گەشەکردنی بزووتنەوەیەکی وەکو گۆڕان یان نەوەی نوێ، بتوانێ ئەگەر پێویستی کرد بە زەبری هێز دەسەڵاتی یەکێتی بەسەر ئەو ناوچانەدا بهێڵێتەوە. لەو نێوانەدا گۆڕان زۆرترین سوود لە یەکخستنی پێشمەرگە وەردەگرێت. بەتایبەتیش ئەگەر لەنێو حکومەتدا بێت و بتوانێ لەنێو جەماوەرەکەی جاراندا قاچەکانی لە زەوی بچەقێنێتەوە، یەکخستنی پێشمەرگە دەبێتە دەستکەوتێک کە لە سەرەتاوە مەتڵەبی بزووتنەوەکە و رێبەرە کۆچکردووەکەی بووە.

جا کێشەکە ئەوەش نییە کە هێزەکان یەکبخەیت و شتێک بەناوی یەکەکانی حەفتا و هەشتا نەمێنێ. بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە بە کام میکانیزم دەتوانیت ئەو هێزە بە یەکگرتوویی بهێڵیتەوە. لەدوای راپەڕین سوپایەکی یەکگرتووی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە دروستکرا، بەڵام پارتی و یەکێتی بە سیستمی فیفتی بە فیفتی دایانمەزراند و زۆرتر لەوەی وەک یەک هێز دەرکەون، ببوونە دوو هێزی هاوماڵ. کاتێکیش شەڕی براکوژی هەڵایسا، لە هەندێک لەو هێزانەدا لوولەی تفەنگەکان روویان لە یەکدی کرد. هۆیەکەشی ئەوەبوو فەرماندەکانی ئەو هێزانە هەر ئەو فەرماندە و بەرپرسانەی حیزبەکان بوون کە لە شاخ چەندینجار شەڕی براکوژییان لەدژی یەکدی کردبوو، هەر بەو عەقڵییەتەشەوە هاتبوونە نێو دەوڵەتدارییەوە. لە چەندین قۆناخی دیکەشدا هێزی هاوبەش دروستکران و کۆتاییەکەی هەر هەڵوەشانەوە، چونکە بنەماکەیان فشۆڵ بوو.

بۆیە پێموایە نێچیرڤان بارزانی و تیمەکەی ئەرکێکی زۆر قورسیان لەپێشە و نابێ چاوەڕوانیی گەورەمان لەو دۆسیەیەدا هەبێت. مەگەر ئەوە بچەسپێنن کە دەبێ خزمەتی سەربازی بۆ ساڵێک یان دووساڵ بە ئیلزامی بێ و ئەوکات سوپایەک دروستبێت کە لەسەر بنەمای ئینیمای حیزبی نا، بەڵکو لەسەر بنەمای مێژووی لەدایکبوون پێشمەرگایەتی تێدا بکرێت. بەڵام هەرواش دەبێ بپرسین: بەو ناسینەی بۆ کۆمەڵگەی خۆمان هەمانە، ئەمە ئاسانە و دەکرێ؟



هیوا حاجی

# شەڕ لەپێناوی خاک، یان ئاشتی لەبەر خاتری خەڵک؟

## دۆگمای ناسیۆنالیزم

گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی هەمیشە بەشێوەیەکی سادە، میکانیکی و لە چوارچێوەی هاوکێشەی براوە و دۆڕاودا مامەڵەی لەگەڵ ئەو ناوچانە کردووە کە دەستووری عێراقی 2005 بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر دەستنیشانی کردوون. مەبەست لەو سێ چەمکانە (سادە، میکانیکی و، هاوکێشەی براوە و دۆڕاو) چییە؟ مەبەست لە سادەیی، بەکورتی، ئەو شێوازە چارەسەرەیە کە بە دیدی کورد دەتوانێ ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە باوەشی هەرێمی کوردستان: گەڕانەوەی هەموو ئەو عەرەبانەی بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەکە بەناوی جیاوازەوە، لە شوێنەکانی دیکەی عێراقەوە هێنراون یان هاندراون بۆ ئەوەی لە ناوچانە ناکۆکی لەسەرەکان نیشتەجێ بن؛ گەڕاندنەوەی ئەو کوردانەی کە لەو ناوچانە راگوێزراون یان دەرکراون بەمەبەستی دووبارە نیشتەجێکردنەوەیان؛ سەرلەنوێ گەڕانەوەی سنووری ئیداریی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بە کەرکووکەوە، بۆ دۆخی ئاسایی خۆی. ئەمانە رەنگە وەک چارەسەری دادپەروەرانە بێنە پێشچاو، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئاڵۆزییەکانی ئەم پرۆسەیە نادیدە گیراون: هەر لەپێشەوە، ئاڵۆزی و ناڕوونییە یاساییەکان دەکرێ رێگربن لەبەردەم هەر پرۆسەیەک کە لە ئایندەدا بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بێتە پێش. دیارترینیان، لە گریمانەی ئەنجامدانی رێفراندۆم لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان: ئایا دانیشتووانی ناوچانە ناکۆکی لەسەرەکان رووبەڕووی چ پرسیارێک دەکرێنەوە؟ نە مادەی 58 لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە و نە مادەی 140ی دەستووری عێراق ئەم مەسەلەیەیان یەکلایی نەکردووەتەوە. لایەنەکانی ئەو هاوکێشەیە (ئەگەر تەنیا حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقیش بن) دەتوانن 50 ساڵ گفتگۆ بکەن بەبێ ئەوەی لەسەر پرسیاری رێفراندۆم رێکبکەون. پاشان ئەکتەرەکانی دیکە (وەک پێکهاتە نەتەوەیی و دینییەکان، حیزبە سیاسییەکان کە نوێنەرایەتی ئەو پێکهاتە جیاوازانە دەکەن) هەریەکەیان چۆن دەڕوانێتە ئەو مەسەلەیە؟ ئەمە جگە لەوەی مەسەلەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی لاوازی دەوڵەتی عێراق، بووەتە بابەتێکی پەیوەندیدار بە سیاسەت و بەرژەوەندییە هەرێمایەتییەکان. ئێمە دیتمان چۆن وڵاتانی دەوروبەری عێراق، لەسەروبەندی رێفراندۆمی سەربەخۆیی 2017، مامانییان بۆ لابردنی دەسەڵاتی کوردی لەو ناوچانە کرد. راستە دەستووری عێراقی وەک مەسەلەیەکی نیشتمانی و ناوخۆیی مامەڵەی لەگەڵ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کردووە، بەڵام واقیع، بەهیچ شێوەیەک ئەوەمان پێنالێ.

پاشان ئەو چارەسەرەی لە خەیاڵدانی کوردیدایە و تەنانەت، با وادابنێین دەستووری عێراقیش دانی پێداناوە، جێبەجێکردنی بەو شێوە میکانیکییە نییە کە خۆزگەی بۆ دەخوازرێت: ئاساییکردنەوەی بارودۆخی دیمۆگرافی بریتی نییە لەوەی چەند لۆری و پاسێک بێنی، هاوردەکان بەرێکەی و دانیشتووانە رەسەنەکە بگەڕێنییەوە شوێنی خۆیان. تەنانەت ئەگەر باشترین ئیرادەی سیاسیش هەبێ لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە، ئاساییکردنەوەی دۆخی دیمۆگرافی دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەتێکی گشتگیر و درێژخایەندا بێت کە رەنگە ساڵانی پێویست بێ بۆ جێبەجێکردنی. خۆ ئەگەر ئیرادەی جێبەجێکردنیش نەبێ، ئەوە قوڕەکە ئەوەندەی دیکە خەستتر. لەوەش زیاتر، راستییەکی کۆمەڵناسی هەیە، ئەویش ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ نەوەی دووەم و سێیەمی تەعریب دەکەی؟ چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ نەوەی دووەم و سێیەمی ئەو کوردانە دەکەی کە لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەرکراون؟ رەنگە نەوەی دووەم و سێیەمی تەعریب کە باوانیان لە چوارچێوەی گۆڕینی دیمۆگرافی هاتوون بۆ کەرکووک، ئێستا خۆیان بە کەرکووکی بزانن؛ لەوێ لەدایک بوون؛ هاوڕێیان هەبووە (رەنگە هەندێکیان هاوڕێی کوردیشیان هەبێ)؛ خوێندن و هاوسەرگیرییان کردووە و خاوەن بەرژەوەندیی خۆیانن لە شارەکە. بە هەمان شێوە، نەوەی دووەم و سێیەمی کوردی کەرکووک، ئەوانەی خێزانەکانیان 30 یان 40 ساڵ لەمەوبەر لە کەرکووک دەرکراون، ئایا ئەوان چۆن دەڕواننە گەڕانەوەیان بۆ شارێک کە ئەزموون و بیرەوەرییان لەوێ نەبووە؟ رەنگە بەشێکی زۆری کوردی کەرکووک، بە تەواوی ئینتیماجیان لەگەڵ کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان کردبێ: ژیان و بەرژەوەندییان لە شارەکانی وەک هەولێر و سلێمانی و دهۆکە؛ خێزان و هاوسەرگیریان کردووە، هاوڕێ و دۆستایەتیی بەرفراوانیان هەیە؛ لە کەرتی گشتی و تایبەت کاردەکەن. گریمان هەموو شتەکان لەجێی خۆیەتی، ئایا چ رێژەیەک لە کوردی کەرکووک، بەتایبەت لە نێو نەوەی دووەم و سێیەم، دەیانەوێ بگەڕێنەوە ئەو ناوچانە؟ مەسەلەکە پەیوەندی بە هەستی نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوەیی نییە؛ بەڵکو پەیوەندی بە هەندێ راستیی سۆسیۆلۆجییەوە هەیە کە کۆچ (ئارەزوومەندانە بێ یان زۆرەملێ) لە ژیان و تێڕوانینی کۆچبەران یان دەرکراواندا دروستی دەکات. نموونەی زۆر زەق ئۆردوگا زۆرملێیەکانن کە بەعس لە چەند ناوچەیەکی جیاوازی کوردستان لە ساڵانی 1980 دروستی کردوون. باشە بۆچی پاش نەمانی دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان لەدوای ساڵی 1991، ئەو ئۆردوگایانە چۆڵ نەکران و دانیشتووانیان نەگەڕانەوە شوێنە کۆنەکانیان؟ بابەتەکە گۆڕانە سۆسیۆلۆجییەکانە.

## چۆن مامەڵە لەگەڵ مێژوو بکەین؟

لەنێو ئەدەبیات و پراکتیزی بنیاتنانی ئاشتی بابەتێک هەمیشە بە هەستیارییەوە پێداگیری لەسەر دەکرێ: چۆن بتوانین مێژوو بەشێوەیەک لەشێوەکان ئاوەژوو بکەینەوە: حەق بۆ حەقدار بگێڕینەوە بەبێ ئەوەی ببینە هۆکاری بەرهەمهێنانی ناحەقی و نادادپەروەریی دیکە لە ئایندەدا؟ ئەمە پرسیاری هەرە زەحمەت بووە بۆ ئەو وڵاتانەی قۆناغی جەنگ جێدەهێڵن و پرۆسەی بنیاتنانەوەی نیشتمان و نەتەوە دەستپێدەکەن. چونکە لە هەندێ باردا، هەوڵدان بۆ لابردنی زوڵم بە ئەنجامدانی ناحەقیی دیکە کۆتایی دێت. بەدڵنیاییەوە، ئەو نادادپەروەرییانەی دەرحەق بە کورد و پێکهاتەکانی دیکەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کراوە لە لایەن رژێمەکانی پێشووی عێراقەوە دەبێ چارەسەر بکرێ و تەنانەت ئەگەر کوردیش مامەڵەی نادادپەروەرانەی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە کردبێ لە ماوەی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، پێویستە بە وردی دیاری بکرێ. بەڵام پرەنسیپی سەرەکی ئەوەیە چۆن دەتوانین دادپەروەرییەک بەرقەرار بکەین کە ئایندەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە نەخرێتە ژێر مەترسییەوە؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو ئاڵۆزیانە بکرێ کە رابردوو بۆی بەجێهێشتووین؟ رەنگە لەو نێوەدا، پرسیاری قورس و هەستیار بێنە پێش و، رەنگە هەندێ جار، پێویستی بە سازشی بەئێش بێت. من گومانم هەیە ئەگەر کەسێک چارەسەرێکی دیاریکراو و گونجاو و مەقبولی هەبێ بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. بەڕای من گرنگترین شت دەستپێکردنی پرۆسەیەکی هەمەلایەن و کراوەیە بەشێوەیەک کە دانیشتووانی ئەو ناوچانە ببنە سەنتەری دیالۆگێکی بنیاتنەر بەمەبەستی دۆزینەوەی هاوکێشەیەک بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە.

## لە دەرەوەی هاوکێشەی براوەو دۆڕاو

لە ئەدەبیاتی ململانێ و ئاشتیدا، چەند چەمکێک تێکەڵ دەبن: دوو لە گرنگترینیان چارەسەری ململانێ و بەڕێوەبردنی ململانێیە. چارەسەری ململانێ، بە مانای لابردنی هەموو ئەو هۆکارانەی ململانێیان دروستکردووە، شتێکی زۆر باشە، بەڵام هاتنەدی زەحمەتە. بەو مەعنایەی، زۆرجار کێشەیەکی دیاریکراو، وەک کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، چارەسەرکردنی ئەستەم دەبێت. بۆیە، لە جیاتی ئەوەی ململانێ چارەسەر بکەی، پێویستت بەوە دەبێ ململانێ بەڕێوە ببەی کە بە کورتییەکەی بریتییە لەوەی رێگری بکەی لە سەرهەڵدانی توندوتیژی و هەوڵ بدەی هەندێ بنەمای دیاریکراو دابنێی بە مەبەستی دیالۆگی لایەنە ناکۆکەکان و هەندێ ئیجرائات دابڕێژرێن بە مەبەستی ئیدارە و دەسەڵات و بەکارهێنانی سەروەت و سامان لەو شوێنانە. رەنگە بەڕێوەبردنی ململانێ بابەتێکی درێژخایەن بێت، بەڵام چەندە بەڕێوەبردنێکی هێمن و حەکیمانە هەبێ، ئەگەری چارەسەری درێژخایەن زیاد دەکات. لایەنەکانی ململانێ لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە کاتی ئێستادا دەبێ بیر لە بەڕێوەبردنی ململانێ بکەنەوە لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. چارەسەری کۆتایی ئاسان نییە، بەڵام بێگومان ریگرتن لە توندوتیژی و دەستەبەرکردنی فۆرمێکی دیاریکراو لە بەڕێوەبردنی هاوبەش و دەستپێکردن بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان مومکینە.

## شەڕ لە پێناوی خاک یان ئاشتی لەبەر خاتری خەڵک؟

رەنگە لە شەڕدا براوە بی، خاک و سەرچاوەی مادی بەدەستبێنی و دوژمنەکەت راوبنێی، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئاشتیت بردووەتەوە؟ ئەوەی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان گوزەراوە، بە رێگای جیاواز هەوڵ بووە بۆ بردنەوەی خاکی ئەو ناوچانە: رۆڵەکانی ئەو ناوچانە لەبیرکراون؛ تەماشای دۆخی ژیان و گوزەرانی ئەو ناوچانە بکە، سەرەڕای دەوڵەمەندیی ناوچەکە. بەرژەوەندی و ئایندەی ئەو ناوچانە بەندە بە دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیرییەکی درێژخایەن. بۆیە، بەڕاستی پێویستە لە پێناو خەڵکدا، هەوڵ بدرێت لەجیاتی شەڕ، ئاشتی ببرێتەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



## نەجمەی غوڵامی: سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکم بۆ کۆڵبەران

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0751 811 00 04 – 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

### (رووداو) لە کان بوو...

# کۆرییەک خەڵاتی چڵەخورمای زێڕینی فێستیڤاڵی کانی بردەوە


ئێمێلی بیچام


ئەنتۆنیۆ باندێراس


مۆنیکا بەلووچی


ئەلیخاندرۆ گۆنزالێس

**پەسار فایەق**
**رووداو- هەولێر**

چالاکییەکانی 72مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی کان لە 14 تاوەکو 25 ئەم مانگە لە شاری کانی فەرەنسا بەڕێوەچوو، (تۆڕی میدیایی رووداو) رووماڵێکی تایبەتی ئەو رووداوە گرنگە سینەماییەی کرد و رۆژانە بووڵتەنێکی هونەری لە کانەوە پێشکەش دەکرد.

### رۆژنامەڤانان فیلمەکەی تارانتینۆیان نەبینی

یەکێک لە گرنگترین فیلمە سینەماییەکان کە لە فێستیڤاڵەکەدا پیشاندرا، فیلمی "Once Upon a Time in Hollywood" بوو کە ئالپاچینۆ، لیۆناردۆ دی کاپریۆ و براد پێت رۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن و کوینتین تارانتینۆ کاری دەرهێنانی بۆ کردووە کە فیلمەکانی پڕن لە رووداوی توندوتیژ.

تێچووی فیلمەکە 95 ملیۆن دۆلار بووە، چیرۆکەکەی باس لە پێشکەشکارێکی تەلەفزیۆنی دەکات کە هەوڵدەدات لە بواری سینەمادا کاریکات و ناوبانگ پەیدا بکات. رووداوەکانی لە ساڵی 1996 لە لۆس ئەنجلس روودەدەن.

ئەم فیلمە نمایشێکی تایبەتی لە کان بۆ کرا، بەڵام رێگە بە رۆژنامەڤانان نەدرا بینەری فیلمەکە بن، بۆ ئەوەی زانیاری لەبارەی ناوەڕۆکی فیلمەکە بڵاونەکەنەوە.

لە کاتی نمایشی فیلمەکەدا، دەرهێنەر و هەردوو ئەکتەری سەرەکیی فیلمەکە لەسەر فەرشی سووری فێستیڤاڵ دەرکەوتن، ئەمەش سەرنجی میدیاکانی بەلای خۆیدا راکێشا و دەنگدانەوەی زۆری هەبوو.

### بە چڵەخورمای زێڕین رێز لە ئالان دیلۆن نرا

ئالان دیلۆن، ئەکتەری ناوداری سینەمای فەرەنسا و جیهان، وەک رێزلێنانێک لە کار و بەرهەمەکانی خەڵاتی رێزلێنانی چڵەخورمای زێڕینی پێبەخشرا. ئەو ئەکتەرە لە ساڵی 1985 خەڵاتی سیزەری وەک باشترین ئەکتەر وەرگرتووە، لە ساڵی 1995 خەڵاتی رێزلێنانی لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی بەرلین وەرگرتووە. لە ساڵی 1964 بەربژێری خەڵاتی گۆڵدن گلۆب بووە وەک باشترین ئەکتەر.

### رامبۆ میوانی کان بوو

سلڤستەر ستالۆن، ئەکتەری سینەمایی ئەمریکی، بە فیلمێک لە چالاکییەکانی فێستیڤاڵ بەشدار بوو، ئەویش بەشی پێنجەمی زنجیرە فیلمی سینەمایی "Rambo" بەناوی (Last Blood) بوو کە بڕیارە لە 20 سێپتەمبەری ئەمساڵ بڵاوبکرێتەوە.

زنجیرە فیلمەکە هۆکاری بەناوبانگبوونی ئەو ئەکتەرە بووە لە سینەمای هۆڵیوود و لە جیهاندا، پێدەچێت چاوی لەوە بێت تاوەکو دوا تەمەنی درێژە بەم بەرهەمەی بدات و ناوبانگی زیاتر و قازانجی ماددی زیاتر بەدەستبێنێ.

لە ساڵی 2016 بڕیار بوو بەشی پێنجەمی ئەم بەرهەمە سینەماییە لەبارەی داعشەوە بێ، بەڵام بەرهەمهێنانی دواکەوت و بەهۆیەوە ناوەڕۆکەکەشی گۆڕا.

### سینەماکارانی بۆڵیوود لە کان

لە خولی ئەمساڵی فێستیڤاڵی کاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەستێرەکانی سینەمای بۆڵیوود بەشدار بوون و بەسەر فەرشی سووری فێستیڤاڵدا تێپەڕین، لەوانە ئیشواریا رای، پریانکا چۆپرا و دیانا پێنتی.

دیانا پێنتی لەبارەی چوونی بۆ هۆڵیوود بە (رووداو)ی گوت: "تاوەکو ئێستا پلانێکی لەو جۆرەم نییە، ئەوە خەونێکە، بەڵام بۆ من هێشتا ماویەتی، دەمەوێت سەرەتا کاری زۆر لەسەر فیلمی هیندی بکەم". گوتیشی وەک ئەکتەرێک بەشداری لە فیلمێکی نوێی سینەماییدا دەکات کە لەلایەن مادۆکەوە بەرهەمدەهێنرێت.

### دوو فیلمی کوردی بەشداربوون

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی کاندا، دوو فیلمی کوردی بەشداربوون، یەکێک لەوانە فیلمێکی بەڵگەنامەییە بەناوی "دیالۆگ" کە لە دەرهێنانی سەلیم یڵدز، دەرهێنەری باکووری کوردستانە. هەروەها کورتەفیلمی "بارگرانۆ" لە دەرهێنانی یڵماز ئۆزیل.

سەلیم یڵدز کە یەکەمجاری بوو بچێتە کان، بە (رووداو)ی راگەیاند، فیلمەکەی باس لە چیرۆکی خانەوادەیەک دەکات کە دایک و کوڕێکن و ماوەی 10 ساڵە یەکدییان نەبینیوە، هەوڵ دەدرێت دیدارێکیان بۆ ساز بکرێت.

بە گوتەی یڵدز چیرۆکەکە تایبەت نییە بە یەک خانەوادە لە باکووری کوردستان، بەڵکو باس لە هەزاران دایک دەکات لە هەموو پارچەکانی کوردستان کە دەخوازن بە منداڵەکانیان شادبنەوە.

### مۆنیکا بەلووچی: کارکردن لەگەڵ لولوش سیحراوییە

مۆنیکا بەلووچی، خانمە ئەکتەری سینەمایی ئیتاڵی، بە فیلمی سینەمایی "Les plus belles années" لە کان بوو. لەو فیلمەدا رۆڵی سەرەکی دەگێڕێ و فیلمەکەش لە دەرهێنانی کلود لولوش، دەرهێنەری فەڕەنسییە.

بەلووچی لەبارەی فیلمەکە بە (رووداو)ی گوت: "لولوش یەکێکە لە گەورەترین دەرهێنەرەکان، بەڕاستی زۆر خۆشحاڵ بووم لەگەڵ ئەو دەرهێنەرە کارم کرد، ئەو دەزانێت چۆن باشترین کارەکتەر لە ئەکتەرێک دەربهێنێ، بەڕاستی کارکردن لەگەڵ ئەودا سیحراوییە، خەونەکەم هاتەدی لەگەڵ لولوش و ژان لو ترانتینیۆ فیلمێک بکەم".

کلۆد لولوش بەسەر فەرشی سووری فێستیڤاڵدا تێپەڕی و لەبارەی فیلمەکەیەوە بە (رووداو)ی گوت: "ژیان خۆشە و هەموو شتێک باشە، جوانترین ساڵەکانی تەمەنیش ئەو ساڵانەن کە هێشتا تێیاندا نەژیاوین".

### بەشی فیلمە کلاسیکییەکان

لە فێستیڤاڵی کاندا، جگە لە پیشاندانی فیلمی سینەمایی نوێ، ئاوڕێک لە سینەمای کلاسیکیش درابووەوە و بەشێک لە فیلمە کلاسیکییەکان نمایشکران.

فیلمەکان بە پێچەوانەی فیلمەکانی دیکە، لە دەرەوە و لە سینەمای سەرئاوەڵا پێشاندران، بەڵام بەهۆی کەشوهەوای ئەمساڵ لە کان و بەهۆی باو بارانەوە، سێ فیلم لەم بەشە پیشان نەدران.

### ئەستێرەکانی ڤیدیۆگەیم لە کان

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی فێستیڤاڵی کاندا، جگە لە ئەستێرە سینەماییەکان، بەشێک لە ئەستێرەی ڤیدیۆگەیمەکان لەم رووداوە هونەرییەدا ئامادەبوون، لەوانە کاوری کاوبۆچی کە لە زنجیرەی فاینال فانتازیدا بەشدارە.

کاوبۆچی، بە (رووداو)ی راگەیاند: "من نمایشکاری مۆشیکابشیم لە زنجیرەی فاینال فانتازی، لە فاینال فانتازی سێزدەیەم و هەروەها پازدەیەمدا کە بریتییە لە یارییەکی ئاکشن و درێژخایەن، بۆ پلەیستەیشن و کۆمپیوتەر بەکاردێت"

گوتیشی "ئێستا ئێمە پرۆژەیەکی نوێمان هەیە، فیلمێک لە مێلبۆرن لە ئوستراليا بەرهەمدێنین، فیلمەکە لەبارەی شەڕکردنی نێوان رفێندراوەکانە کە ناچارن شەڕ لەگەڵ یەکدا بکەن. ئەگەر براوەبوون دەتوانن بژین، یان دەمرن، بۆیە ئێمە بۆ چەندینجار لەم فیلمەدا شەڕمان کردووە".

### لێژنەی هەڵسەنگاندن

ئەلیخاندرۆ گۆنزالێس، دەرهێنەری مەکسیکی سەرۆکایەتی خولی ئەمساڵی فیستیڤاڵی دەکرد و چوار سینەماکاری ژن و چوار پیاو ئەندامی لێژنەکە بوون، بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو رەگەز رابگیرێت.

گۆنزالێس، لەبارەی خەڵاتەکانەوە و هەڵسەنگاندنی فیلمەکان بە (رووداو)ی راگەیاند: "پرۆسەکە زۆر دیموکراتانە بوو، زۆربەی خەڵاتەکانیش بە باشی دابەشکران، هەر ئەوەش بوو کە خۆشییەکی زیاتری دایە بابەتەکە. ئێمە لە پیشەی سینەمادایین، بۆچوونی هەموومان لەبارەی بابەتەکانەوە لەیەکەوە نزیکە".

### خەڵاتەکانی ئەمساڵی کان

فێستیڤاڵی فیلمی کان بە یەکێک لە گرنگترین فێستیڤاڵە سینەماییەکانی جیهان دەناسرێت، یەکەم خولی لە ساڵی 1946 بەڕێوەچوو، ساڵانە لە مانگی ئایار لە شاری کان لە باشووری فەڕەنسا بەڕێوەدەچێت، گرنگترین خەڵاتیشی چڵەخورمای زێڕینە.

لەم خولەی فێستیڤاڵەکەدا خەڵاتی چڵەخورمای زێڕین بۆ باشترین فیلم بۆ فیلمی سینەمایی "Parazit" بوو کە لە دەرهێنانی بۆنگ جۆن-هویە و یەکەم فیلمی کۆریای باشوورە ئەم خەڵاتە بەدەستبێنێ.

ئەنتۆنیۆ باندێراس، خەڵاتی باشترین ئەکتەری لەڕێگەی فیلمی سینەمایی "Pain and Glory" بەدەستهێنا کە لە دەرهێنانی پێدرۆ ئالمۆدۆڤارە.

باندێراس کە بە وەرگرتنی خەڵاتەکە زۆر دڵخۆش بوو، بە (رووداو)ی گوت: "بەڕاستی ئەگەر ئەم خەڵاتەم بۆ فیلمێک وەربگرتایە کە دەرهێنەرەکەی کەسێکی دیکە بووایە، ئەو هەستەم نەدەبوو کە ئێستا هەمە، بەڵام وەرگرتنی ئەم خەڵاتە بۆ فیلمێک کە دەرهێنەرەکەی کەسێکە من یەکەم کەس بووم 40 ساڵ بەر لە ئێستا کارم لەگەڵیدا کردووە و 8 کاری سینەماییمان پێکەوە هەیە، بەڕاستی شتێکە نازانم چۆن خۆشحاڵی خۆم دەربڕم. وابزانم پێویستم بە چەند رۆژێکە تاوەکو بتوانم ئەوەی کە ئێستا هەستی پێدەکەم لێی تێبگەم و روونی بکەمەوە".

ئێمێلی بیچام، خەڵاتی باشترین خانمە ئەکتەری لەڕێگەی فیلمی سینەمایی "Little Joe" بەدەستهێنا.

بیچام لەبارەی وەرگرتنی خەڵاتەکەوە گوتی: "هەست دەکەم تووشی شۆک بوومە، هێشتا لەسەروبەندی ئەوەدام باوەڕ بکەم کە خەڵات کراوم یان نا. پێشتریش لەگەڵ جێسیکا قسەم کردبوو سەبارەت بە فیلمەکە و دروست ئەو فیلمەی بەرهەمهێنا کە دەیویست بەرهەمی بهێنێ، بە بڕاوی من فیلمێکی زۆرباشە و بینەر بە گەشتێکی خەیاڵی پڕ لە خەون و سەرکێشی و شپرزەیی دەبات، دواتر دردەکەوێت کە ئەوە شتێکە تەنیا لە خەیاڵی تۆدا بووە".

خەڵاتی باشترین دەرهێنەر بەخشرایە هەردوو دەرهێنەری فیلمی سینەمایی " The Young Ahmed " ژان پییێر و لوک داردەنێ.

لوک داردەنێ لە دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە، بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە هەوڵی دۆزینەوەی ژیانماندا، هەوڵماندا بڵێین چۆن دەکرێت و دەتواندرێت ژیان بگەڕێتەوە، بەڵێ ئێمە براوەی خەڵاتەکە بووین، پاداشتێکی جوان بوو چونکە ئەوە پاداشتی کارەکەی ئێمە بوو".

فیلمی "Portrait of a Lady on Fire" خەڵاتی باشترین سیناریۆی بەدەستهێنا و خەڵاتەکە بەخشرایە سیلین سکیاما، دەرهێنەر و سیناریۆنووسی فیلمەکە.

